گوڵان
ژمارە (٨٠٣)
٢٠١٠/١٠/٢٥



د.عادل عەبدولمەهدی جێگری سەرۆک کۆماری عێراق بۆ گوڵان:


# ئێمە وەک شەخس هیچ شتێکمان لەسەر د.نوری مالیکی نییە، بەڵام ناتوانین کەسێک تاقیبکەینەوە کە پێشتر لە ئەرکەکەی سەرکەوتوو نەبووە



**بەڕێز عادل عەبدولمەهدی کە ئێستا جێگری سەرۆک کۆماری عێراقە، تەمەنی ٦٨ ساڵە و لەدایکبووی شاری بەغدایە و یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ئەنجومەنی شۆڕشی ئیسلامی عێراق لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو و ئێستاش یەکێکە لەسەرکردە دیارەکانی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی لەعێراق و یەکێك بووە لەو سەرکردانەی ئەنجومەنی باڵا کە پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و پێوەندی نێوان کورد و ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی گێڕاوە و لەهەموو کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆن لەکۆتایی نەوەدەکان و لەسەرەتاکانی ساڵانی دوو هەزارەوە ئامادەبوونی هەبووە و رۆڵێکی کاریگەری گێڕاوە، لەدوای رووخانی رژێمی بەعسیشەوە لەیەکەمین کابینەی حکومەتی عێراق(کابینەکەی د.عەللاوی) پۆستی وەزارەتی دارایی بەڕێوە بردووە و لەساڵی ٢٠٠٥یشەوە تائێستا جێگری سەرۆک کۆماری عێراق بووە، د.عادل عەبدولمەهدی یەکێکە لەو سەرکردە دیارانەی عەرەبی عێراق کە بڕوایەکی پتەوی بە جێبەجێکردنی دەستووری عێراق هەیە و پێیوایە هەر داواکارییەك بکەوێتە چوارچێوەی دەستووری عێراقەوە، دەبێت گفتوگۆی لەسەر بکرێت و کار بۆ جێبەجێکردنی بکرێت.**

**د.عادل عەبدولمەهدی لەرووی پسپۆری و کاری ئەکادیمیەوە یەکێکە لەو سەرکردە عێراقیانەی کە هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە ئابووری، ئەم بڕوانامەیەشی لەیەکێك لەزانکۆکانی فەرەنسا وەرگرتووە و تائێستا دووجار لەلایەن هاوبەندی نیشتمانی عێراق و هاوپەیمانی نیشتمانی عێراقەوە وەك یەکێك لە پاڵێوراوانی سەرۆك وەزیرانی عێراق کاندید کراوە، بەڵام هەردوو جارەکە بەخت یاوەری نەبووە کە لەکۆبوونەوە ناوخۆییەکانی هاوبەندی نیشتمانی و هاوپەیمانی نیشتمانی سەرکەوتوو بێت.**

**د.عادل عەبدولمەهدی لە پرۆسەی سیاسیی ئێستای عێراقدا لەگەڵ ئەوەی هاوپەیمانی نیشتمانی د.نوری مالیکی کاندیدکردووە، بەڵام یەکێکە لەسەرکردە دیارەکانی عێراق و رۆڵێکی دیار لە پرۆسەکەدا دەگێڕێت، لەم دیمانە تایبەتەی بەڕێزیان لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، بێجگە لەوەی مەسەلەی پرۆسەی سیاسی و پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو یەکێك بووە لەپرسە سەرەکییەکان، لەهەمانکاتدا چەند مەسەلەیەکی دیکەش باسکراون، ئەمەش دەقی دیمانە تایبەتەکەی گۆڤاری گوڵانە لەگەڵ بەڕێز د.عادل عەبدولمەهدی جێگری سەرۆك کۆماری عێراق.**



**گوڵان:** بەڕێزتان پێتانوایە گفتوگۆی نێوان کوتلە سیاسییەکان ئەنجامێکی هەبێت بۆ کۆتایی هێنان بەم کێشەیەی ئێستا هەیە، پێشبینی دەکەن کەی حکومەت پێك بهێنرێت؟

**د.عادل عەبدولمەهدی:** زۆر گەشبینم بە پاشەڕۆژی پرۆسەی سیاسی و دیموکراسی و سیستەمی ئیتیحادی، ئێمە لە کۆتاییەکانین و هەموو لایەنەکان سنوور و سەنگی راستەقینەی خۆیان زانیوە، پێموایە دەستپێشخەرییەکەی سەرۆك بارزانی لەوانەیە ببێتە دوا وێستگە بۆ گەیشتن بە رێککەوتنێك کە مەسەلەی حکومەت و رێککەوتنی کۆتایی نێوان لایەنەکان یەکلا بکاتەوە.

**گوڵان:** ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی خاوەن مێژوویەکی دوور و درێژ و پێوەندییەکی سیاسی بەرفراوانە لەگەڵ کوردستان، هەر لەسەردەمی بارزانی نەمر و سەماحەتی ئایەتوڵڵا ئەلحەکیمەوە، بەڕێزتان ئەم پێوەندییە چۆن دەبینن و ئایا هەر وەك جاران بەهێزە و دەتوانین بڵێین هاوپەیمانییە ستراتیژییەکەیان بەردەوام دەبێت و پەرەی پێدەدرێت؟

**د.عادل عەبدولمەهدی:** هاوپەیمانی نێوان ئەنجومەنی باڵا و کورد تەنیا هاوپەیمانیەتییەکی ستراتیژی نییە، بەڵکو هاوپەیمانییەتییەکی بنەڕەتی و زەرورەتێکی زۆر پێویستە و بەپێی ئەو تەعبیرەی هەمیشە سەرۆك بارزانی دووبارەی دەکاتەوە (رێککەوتنی باب و باپیرانە) مەسەلەیەك نییە ئێمە بڕیارمان لەسەری دابێت یان بڕیاری لەسەری بدەین، بەڵکو مەسەلەیەکە مێژوو و رووداوە گەرم و گوڕەکان بڕیاریان لەسەر داوە و سنووری ئەم ساتە و ئاڵۆزییەکانی دەبەزێنێت، بناغەی بونیادنانی بونیادەکانە، بۆیە وتم هاوپەیمانیەتییەکی سەرەکییە کە پێویستە هەبێت بۆ هەر کارێك کە پێوەندی بە مەسەلەی عێراقەوە هەبێت، چونکە تەنیا پێکنەهاتووە لەچالاکی و بەرنامەی سیاسی، بەڵکو ئەنجامی زوڵم و زۆردارییەکی هاوبەشی درێژخایەن و دەرەنجامی ناوخۆیی و بیانییە کە وایکردووە ئەم هاوپەیمانییە کۆڵەگەیەکی سەرەکی بێت لەکۆڵەگەکانی بنیادنانی عێراقی هاوچەرخ، ئەم هاوپەیمانیەتییە تەنیا پێوەندی نێوان دوو حزب نییە، بەڵکو پێوەندی نێوان دوو گەل و دوو پرسە لەچوارچێوەی یەك گەل و یەك پرسدا، بەبێ ئەم هاوپەیمانیەتییە نەدەکرا بەرگری بکەین دژی رژێمی سەدام و بەسەریدا سەرکەوین، هەروەها بەبێ ئەم هاوپەیمانیەتییە نەدەکرا دەستوور دابڕێژرێت کە ئازارەکانی گەلی عێراقی کەمکردەوە بەو ئەندازەی هیوا وئاواتەکانی کورت کردەوە لە سیستمێکی دیموکراسی ئیتیحادی فرەیی دا، بۆیە ئەم هاوپەیمانیەتییە تەوەرێك نییە دژی کەس، بەڵکو بناغەیەکە بۆ دەستپێکردنی کار لەپێناو بونیادنانی وڵات و یەکێتی گشت پێکهاتەکانی عێراق و ئەم هاوپەیمانیەتییە هەر دەمینێت و پەرەی پێدەدرێت و بەردەوام شێوازی نوێ لەخۆ دەگرێت.

**گوڵان:** دوای رووخانی رژێمی بەعسی

**هاوپەیمانی نێوان کورد و ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی بەپێی ئەو تەعبیرەی هەمیشە سەرۆک بارزانی دووبارەی دەکاتەوە (رێککەوتنی باب و باپیرانە) و زوڵم و زۆرداری هاوبەش و درێژخایەنی ناوخۆیی و بیانی وایکردووە کۆڵەگەیەکی سەرەکی بێت لە کۆڵەگەکانی بنیادنانی عێراقی هاوچەرخ**



لەناوچوو، ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی رۆڵێکی گەورە و بەرچاوی هەبوو لە پرۆسەی سیاسی، بەڵام ئەمرۆ بۆ یەکەمجار دەبینین ئەنجومەنی باڵا دووردەکەوێتەوە و دەکەوێتە دەرەوەی پرۆسەی سیاسی، بەڕێزتان ئەمە چۆن لێك دەدەنەوە و ئێستا رۆڵی ئەنجومەن چۆن هەڵدەسەنگێنن لە عێراق؟

**د.عادل عەبدولمەهدی:** لە هەڵبژاردنەکانیساڵی ٢٠٠٥ ئەنجومەنی پارێزگاکاندا، ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی زۆرترین دەنگی بەدەستهێنا کە بەتەنیا زیاتر لە یەك ملیۆن و حەفت سەد و پەنجا هەزار دەنگی بەدەستهێنا، ئەمەش وایکرد ببێتە یەکەم حزبی عێراقی، بەڵام ئەم ژمارانە کەمبوونەوە بۆ سێیەم لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەساڵی ٢٠٠٩، ئەمەش هۆکارێکی خستنەڕووی ئەو پرسیارەی ئێوەیە، دەتوانم سێ هۆکاری سەرەکیش بۆ ئەمە بخەمە روو، هۆکاری یەکەم: لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٣ و ٢٠٠٩ ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی دوو سەرکردەی ناوداری لە دەستدا نەك لەسەر ئاستی ئەنجومەنی باڵا، بەڵکو لە چوارچێوەی نیشتمانی و مەبەستم سەید باقر ئەلحەکیم و براکەی سەید عەبدولعەزیز ئەلحەکیمە.

لە دەستدانی سەید عەبدولعەزیز دوای نەخۆشییەکی کوشندە هات کە دوو ساڵی خایاند، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی سەرکردایەتی ئەنجومەنی باڵا دووچاری شڵەژان بێت، بەجۆرێك نەیدەتوانی بڕیاری یەکلاکەرەوە بدات، هیچ رێکخراوێکی عێراقی نییە کە دوو لە سەرکردە کاریگەرەکانی خۆی لە دەست بدات و بەملا و ئەولادا نەکەوێت. هۆکاری دووەمیش ئەوەیە ئەنجومەنی باڵا بەناودارترین رێکخراوی شیعەی عێراق دانرا و بەردەوام بەرگری لە پێوەندییە سیاسییەکانی دەکرد لەگەڵ ئێران، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ببێتە ئامانجی یەکەم لاوازکردنی لەلایەنە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان، ئەم کردنە ئامانجی لاواز کردنە هاتە سەر ئاستی ناوخۆی عێراقیش و بە ناحەقی پێوەندییەکانی ئەنجومەنی لەگەڵ زۆر لە لایەنە عێراقییەکانیش شڵەژاند، ئەم بارودۆخە لەلایەن هەندێك لایەن ئەوانەی لەگەڵ ئەنجومەندا کار دەکەن لە خوارووی عێراق بە دەرفەت زانرا و سوودیان لێی وەرگرت بۆ رکابەرێتی کردنی ناوخۆی ئەنجومەن بۆ ئەوەی هەندێك دەستکەوت بەدەست بهێنن لەسەر حیسابی ئەنجومەن.

هۆکاری سێیەمیش پێموایە سەرکەوتنەکانی ئەنجومەن لە سەردەمی ئۆپۆزسیۆن و سەرەتاکانی گۆڕینی رژێم، هەندێك لە کادر و نووسینگەکانی ئەنجومەنی تووشی لەخۆبایی بوون کرد، تا وایلێهات گرنگیان بە بارودۆخی تایبەتی خۆیان دەدا، زیاتر لەوەی گرنگی بە کاروباری جەماوەر بدەن، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی جۆرێك لە پچڕان لەگەڵ جەماوەر دروست ببێت، خۆپەرستی لە مامەڵە کردن لەگەڵ کاروباری سیاسی زیانێکی گەورەی بە ئاستی جەماوەری ئەنجومەن گەیاند.

**لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٣ و ٢٠٠٩ ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی دوو سەرکردەی ناوداری لە دەستدا کە سەید باقر ئەلحەکیم و براکەی سەید عەبدولعەزیز ئەلحەکیمن، ئەمەش لەلایەن هەندێک لایەنی ناو ئەنجومەن بە هەل زانرا بۆ رکابەرێتی کردنی ئەنجومەنی باڵا**

> **کوردەکان ئێستا حکومەت و جوگرافیا و بەرژەوەندی راستەوخۆی گەلیان هەیە نەک تەنیا گەیشتن بە ئەنجومەنی نوێنەران و پێکهێنانی حکومەت**

دوای سەرکردایەتی کردنی سەید عەممار ئەلحەکیم ئەنجومەن مامەڵەی لەگەڵ ئەم بارودۆخە کرد و چارەسەری بۆ هەر یەك لەم هۆکارانە دانا، بۆیە بینیمان ئەنجومەن لە دوایین هەڵبژاردنی نوێنەران سەرکەوتنی زۆر باشتری بەدەستهێناوە بە بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان بە جۆرێك ئەوانەی دەنگیان بە ئەنجومەن دابوو ژمارەیان گەیشتە ٨٠٠ هەزار کەس، بەمەش پلەی یەکەمی بەدەستهێنا لەنێو حزبە شیعی و نیشتمانییەکان، پێموایە ئەم جەماوەرێتییەی رۆژ دوای رۆژ لە بەرزبوونەوەدایە، ئەنجومەن لەنێو جەرگەی پرۆسەی سیاسیدایە و یەکێکە لە گرنگترین هێزە دەستپێشخەرەکان کە زۆر زەحمەتە هیچ چارەسەرێك پێشکەش بکرێت بۆ ئەو گرفتانەی رووبەڕوومان بوونەتەوە وەك هەموو حزبە سەرەکییەکانی دیکەی عێراق.

بۆ روونکردنەوەی زیاتر دەڵێم قەیرانی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی لەچەند ساڵی رابردوودا لەوانەیە هاوشێوەی قەیرانی بزووتنەوەی کوردی بێت دوای سەرکەوتنەکانی رێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ و نسکۆی شۆڕش لە ١٩٧٥ و نەخۆش کەوتنی سەرکردەی مێژوویی مەلا مستەفا بارزانی و شڵەژانی بارودۆخی سەرکردایەتی کوردی کە ئەرکێکی زۆر و چەند ساڵێکی پێویست بوو تاکو توانی دووبارە کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکاتەوە لەنێو ئاستەنگ و گومان و قوربانیدانییەکی زۆر بەر لەوەی لە سەرەتای نەوەدەکان سەرکەوتنی زۆر گەورە بەدەست بهێنێت.

**گوڵان:** دوای دووبارە کاندید کردنەوەی ئەلمالیکی بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران، دەتوانین بڵێین ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی بەشێکە لە هاوپەیمانی نیشتمانی؟

**د.عادل عەبدولمەهدی:** سەرەڕای بوونی تەحەفوز لەسەر دووبارە کاندیدکردنەوەی مالیکی، بەڵام ئەنجومەنی باڵا لە هاوپەیمانی نیشتمانی نەکشاوەتەوە، هەرچەندە هەندێك لە هەڵوێستەکانی لەگەڵ هاوپەیمانی یەك ناگرنەوە.

**گوڵان:** سەماحەتی عەممار ئەلحەکیم لە هەندێك لێدوانەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە ئەنجومەن بەشداری لە حکومەتێکدا ناکات کە رکابەرایەتی سیاسی تێیدا بگوازرێتەوە بۆ نێو ئەنجومەنی وەزیران و ململانێی نێو وەزیرەکان، چۆن ئەمە لێك دەدەنەوە؟

**د.عادل عەبدولمەهدی:** ئەنجومەن بەشداری لە حکومەتێکدا ناکات کە پێشبینی سەرکەوتنی لێناکرێت، هەروەها بەشداری لە حکومەتێکدا ناکات کە شەراکەتی راستەقینە نەهێنێتە دی لەنێو پێکهاتەکان و شەریکەکانی ناو حکومەت، بەڕێزیان حکومەتێکی ناوێت موجامەلاتی تێدا بێت و سەرکەوتوو نەبێت لە خزمەتگوزارییەکان و تاکڕەوی لە دەسەڵاتدا هەبێت، ململانێ هەبێت لەنێو لایەنەکانی بەشدار لە حکومەت بۆ ئەوەی هەریەکیان ئەوی تر تۆمەتبار بکات، لەکاتێکدا گەل باجی نا چالاکی حکومەت و ململانێیە تایبەتییەکانی ناوی بدات.

**گوڵان:** تا چ ئاستێك ئێوە ئامادەن بەشداری لە حکومەتێکدا بکەن کە مالیکی سەرکردایەتی بکات، ئەگەر بەشداریتان نەکرد ئایا هۆکارەکەی کەسایەتی مالکییە یان تەجروبەی مالیکی لەماوەی پێشووتری حکومەتەکەیەتی؟

**د.عادل عەبدولمەهدی:** گرفتەکە کەسایەتی مالیکی نییە، چونکە ئەو دۆست و برای ئێمەیە، گرفتەکە لە کەسایەتی مالکییە وەك سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، چونکە پێمانوایە سەرکەوتوو نەبووە لەم ئەرکەی وەك دەڵێن (ئەوەی کەسێکی تاقیکراو تاقی بکاتەوە، تووشی پەشیمان دەبێتەوە)، دەبێ ئەوەش لەیاد نەکەین هەندێك دەستکەوت و گرفتی زۆر هەبوون.

**گوڵان:** شێواز و دیدی کوتلەکانی ئۆپۆزسیۆنی نێو ئیئتیلافی لیستە کوردستانییەکان جیاوازە لەگەڵ گشت کوتلە سیاسییەکانی دیکە بەو پێیەی نوێنەرایەتی نەتەوەیەکی دیکە دەکەن لە عێراق، بەڕێزتان تا چ ئاستێك لێك تێگەیشتنتان هەیە لەگەڵ تایبەتمەندی ئیئتیلافی لیستە کوردستانییەکان و ئەو کوتلانەی لێیان پێکهاتووە؟

**د.عادل عەبدولمەهدی:** کورد کێشەی گەلێکە لە عێراق نەك حزبەکان، کوردەکان ئێستا حکومەت و جوگرافیا و بەرژەوەندی راستەوخۆی گەلیان هەیە نەك تەنیا گەیشتن بە ئەنجومەنی نوێنەران و پێکهێنانی حکومەت، بۆیە کوردەکان رۆڵێکی پێشەنگیان بینیوە لە کێشەی عێراق چ لە رزگاربوون لە تاکڕەوی و رەگەزپەرستی و تائیفەگەری بەوەی کوردستان بەر لە بەشەکانی دیکەی عێراق رزگار بوو، یان بە پێشکەوتنی ئەزموونی کوردستانی و پێشکەشکردنی وەك نموونەیەکی زیندوو بۆ هەبوونی توانای وەدیهێنانی ئەم پێشکەوتنانە لەسەرتاسەری عێراق، گشت داخوازییەکانی کورد لەژێر سەقفی رێزگرتن لە دەستووردان، هەر داواکارییەکیش کە لەژێر سەقفی دەستووردا داوای بکەن کارێکی رەوایە و قابیلی گفتوگۆ کردنە، ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیش لەگەڵ وەفدی ئیئتیلافی لیستە کوردستانییەکان کۆبۆوە و هەردوو لایەکمان دیدێکی زۆر نزیکمان هەبوو ئەگەر یەك نەبن لەو بابەتانەی خراونەتە روو.

**گوڵان:** ئاماژە بەوە دەکرێت کە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی پەیوەندییەکی پتەوی هەیە لەگەڵ ئێران، بەڵام بەم دواییە بینیمان ئێران پشتگیری و پاڵپشتی لە دووبارە کاندیدکردنەوەی نوری ئەلمالیکی کرد، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئێستا ئەنجومەن پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ئێراندا نییە یان ئایا ئەو پەیوەندییە گۆڕاوە، و ئایا رەوتی سەدر و حزبی دەعوە پەیوەندییان لە ئەنجومەنی باڵا باشترە لەگەڵ ئێران؟

**د.عادل عەبدولمەهدی:** پەیوەندییەکانی ئەنجومەنی باڵا لەگەڵ ئێران بەهێز بووە و هەر بەهێزیش دەمێنێتەوە، ئەمەش گرفتی ئەوانی ترە نەك گرفتی ئەنجومەنی باڵا، کاتێك ناکۆك دەبین دەڵێن: ئێران دژی ئێوەیە یان ئێوە دژی ئێرانن، پێموایە ئەمە بەڵگەیە لەسەر پێگەیشتوویی و سەربەخۆیی ئەم پەیوەندییە، ئێمە جەخت لەسەر هەبوونی باشترین پەیوەندی دەکەینەوە لەگەڵ ئێران، پێموایە بە پێچەوانەش هەر راستە و رێگە نادەین هیچ ناکۆکییەك

> **پێشکەوتنی ئەزموونی کوردستان وەک نموونەیەکی زیندووە بۆ هەبوونی توانای وەدیهێنانی ئەم پێشکەوتنانە لەسەرتاسەری عێراق**

> گشت داخوازییەکانی کورد لەژێر سەقفی ڕێزگرتن لە دەستووردان، هەر داواکارییەکیش کە لەژێر سەقفی دەستووردا داوای بکەن کارێکی ڕەوایە و قابیلی گفتوگۆ کردنە



کاریگەری لەسەر ئەو پێوەندییە هەبێت، بەڵکو پێویستە مەسەلە نەگۆڕەکان و بناغەکانی دۆستایەتی و پێوەندی بەردەوام و نەگۆڕمان هەبێت کە بەرژەوەندی هەردوو وڵات و لایەنی تێدا بێت.

**گوڵان:** ئێوە لە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی وەك بەرنامەیەکی جێبەجێکردن مامەڵە لەگەڵ قسە و فەتواکانی ئایەتوڵڵا سیستانی مامەڵە دەکەن، ئایا دەتوانن دید و بۆچوونی بەڕێزیانمان پێ بڵێن دەربارەی بارودۆخی سیاسی ئێستای عێراق؟

**د.عادل عەبدولمەهدی:** بەڕێز ئیمام سیستانی دەست ناخاتە نێو کاروباری سیاسی لە ڕوانگەی حزبەکانەوە، بەڵکو لە ڕوانگەی بەرپرسی بەرژەوەندییە گشتییەکانی هەموو خەڵك، هەروەها دەست ناخاتە نێو مەسەلە وردەکانەوە، بەرگری ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی لە هەڵوێستەکان مەرجەعیەت بۆ ڕۆڵی نیشتمانی بووە کە پارێزەری هەمووانە، مەرجەعیەت تەنیا لە مەسەلە یەکگرتووە یەکلاییکەرەوەکان نەبێت وەك شۆڕشی بیست، یان فەتوای مەرجەعی باڵا سەید موحسن ئەلحەکیم بە حەرام کردنی کوشتنی کوردەکان، یان زەرورەتی هەڵبژاردنی کۆمەڵەیەکی نیشتمانی بۆ نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی، بەڵام مەسەلەکانی حوکم و ڕکابەرێتی حزبەکان بەهیچ شێوەیەك مەرجەعیەت دەست ناخاتە نێو ئەم بابەتانە و شێوازێکی تایبەتی هەیە لە چۆنیەتی دروستکردنی کاریگەرییەتی لەسەر ئەم مەسەلانە.

> مەرجەعیەت بەهیچ شێوەیەک دەست ناخاتە نێو مەسەلەکانی حوکم و ڕکابەرێتی حزبەکان و شێوازێکی تایبەتی هەیە لە چۆنیەتی دروستکردنی کاریگەرییەتی لەسەر ئەم مەسەلانە

**گوڵان:** تا ئێستا سەماحەتی سیستانی نەهاتۆتە نێو کاروباری پرۆسەی سیاسی، ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە تەنیا ئەو کاتانە هەڵوێستی هەیە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان کە ماڵی شیعی ناکۆك بن؟

**د.عادل عەبدولمەهدی:** ئەمە پێوەندی بە ڕێژەی هەستکردنی بەڕێزیانەوە هەیە بۆ ئەو مەترسییەی کە گەل ڕووبەڕووی بوویتەوە، چونکە مەرجەعیەت لە عێراق هەوڵی نەداوە ببێتە ئەلتەرناتیف بۆ هێزە سیاسییەکان و نایەوێ ببێتە چەقێکی لایەنگر بۆ بەرژەوەندی لایەنێك دژی لایەنێکی تر.




# هاوسەنگییە هەستیارییەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

پرۆفیسۆر مایکل گەنتەر* تایبەت بۆ گوڵانی نووسیووە

لــە دوای ڕووخانی ڕژێمی ســەددام حوسێنەوە لە ساڵی ٢٠٠٣، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵساوە بە ڕاگرتنی هاوســەنگیەك کە جێی گەشبینیەکی بە حەزەر بووە، بەڵام هاوســەنگییەکی هەســتیاریش بــووە، ئەویش لــە پێناو پاراســتنی بوونی خۆیدا بــووە لە نێو گێژاوی هەلومەرجگەلێکی مەترسیداردا کە دەوری دابوو.

■ ڕەهەنــدی یەکەم : بــە دڵنیاییەوە ڕەهەندی ڕاستەوخۆی ئەم هاوسەنگیە هەســتیارەی حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان بریتی بووە لــە پێوەندییە لەرۆزکەکــەی کە لەگــەڵ حکومەتی ناوەندی بەغدا هەیبووە. ئەم بارودۆخەش بەهــۆی ئەنجامــە نایەکلاکەرەوەکەی هەڵبژاردنەکــەی ٧ی مارتــی ٢٠١٠ی عێراقــەوە کــە پەرلەمانێکی هەڵپەســێردراوی لێکەوتەوە دواکەوتووە. لەگەڵ ئەوەشــدا، تەنانــەت ئەگەر لە کۆتاییدا کوردەکان بتوانن ئەوە بسەلمێنن کە دەتوانن ڕۆڵی شادروســتکەر بگێڕن لــەم چەقبەســتووییە سیاســیەی کە دوای هەڵبژاردنەکان دروست بووە، ئەوا هــەر کاتێك حکومەتێکــی مەرکەزی نوێ لە بەغدا ســەرهەڵبدات، ئەوا لە هەناویدا زۆرینەیەکــی عەرەبی بەهێز بوونی دەبێت کە دەســتدەکەن بە فشار دروستکردن لەسەر کوردەکان بۆ ئەوەی ناچار بەسازشکردنیان بکەن. بۆ نموونە، بەم دواییــە ڕاپۆرتێك بڵاوبۆوە، ئەوەی ئاشــکراکردووە وڵاتــە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێشنیاری فرۆشتنی چەکی بۆ عێراق کردووە بە بڕی ٤،٢ ملیار دۆلار لە پێناو بەهێزکردنی سوپای ئەو وڵاتەدا. ئەم سەفقەیە١٨ فڕۆکەی گورزوەشێنی جۆری ئێف١٦، موشــەکی ئاسمان بە ئاسمانی جۆری AIM-9 شوێنگەرمی کەوتوو، بۆمبی ئاڕاستەکراو بە لێزەر و




کەلوپەلی ڕووماڵکردن «ئیستیتلاع» لە خۆدەگرێت. کە ئاشکرایە حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ کەلوپەلێکی هاوشێوەی ئەو کەلوپەلانەی نییە.

■ ڕەهەندەی دووەمی ئەم هاوسەنگییە هەستیارە، پێوەندی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لەگەڵ تورکیادا، لەم ڕووەوە بارودۆخەکە بە شێوەیەکی دراماتیکی بەرەوپێشچوونی بەخۆوە بینیوە، ئەویش دوای ڕوخانی ڕژێمی سەددام حوسێن، تورکیا ئەو «هێڵە سوور»انەی لەسەر ئەو کەسایەتیە کوردانە هەڵگرت کە پێی دەوتن ئەمیرەکانی شەڕ. هەرچۆنێك بێت، پێوەندی ئابووریی گەشەکردووی نێوان هەردوولا، سەریکێشا بۆ دروستبوونی پەیوەندیگەلێکی سیاسی باشتر لە نێوانیاندا. لە ئازاری ساڵی ٢٠٠٩دا وەزیری نوێی دەرەوەی تورکیا، ئەحمەد داود ئۆغلۆ، سیاسەتی نوێگەریانەی دەرەوەی تورکیای ڕاگەیاند، کەبریتیە لە نەهێشتنی کێشە لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکاندا. لە نێو زۆرێك لەماناکانی دیکەدا، ئەمە بە مانای ئەوە دێت چیتر تورکیا وەك بوونی هەڕەشەیەك لە کوردەکانی عێراق ناڕوانێت کە مایەی مەترسی بێت بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی وڵاتەکەی، حاڵی حازر تورکیا لە ڕوانگەیەکی کەمتر دوژمنکارانەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڕوانێت، بگرە ڕەنگە بە شێوەیەك لێی بڕوانێت کە ئەگەری ئەوەبێت هاوکاری لەگەڵدا بکات. لە تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٩دا، ئۆغلۆ ئەم سیاسەتە نوێیەی پیادەکرد، ئەویش بە سەردانیکردنی بۆ هەولێر.

دواتر لە ئازاری ٢٠١٠دا تورکیا کونسوڵگەری خۆی لە هەولێر کردەوە کە خاوەن دەسەڵاتێکی زۆرە و لە ڕاستیدا وەك باڵیۆزێکی ئەمری واقیع

**کوردەکان دەتوانن ئەوە بسەلمێنن کە لەم چەقبەستووییە سیاسیەی کە دوای هەڵبژاردنەکان دروست بووە ڕۆڵی شادروستکەر بگێڕن**

لە کۆتاییدا، لە مانگی تەمموزی ٢٠١٠دا، سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی سەرکەوتووانە وەڵامی سەردانەکەی پێشووتری ئۆغلۆی دایەوە، ئەویش بە گەشتکردنی بۆ ئەنقەرە، کە پێشوازییەکی زۆر گرنگی لێکرا، بە سیفەتی پۆستە ڕەسمیەکەی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستانە. ئەگەرچی هێشتا کێشەکانی وەك کەرکوك و پارتی کرێکارانی کوردستان تەمومژ لەسەر ئەم پێوەندییانە دروست دەکەن، بەڵام کارێکی عەمەلییە ئەگەر بەو شێوەیە لە تورکیا بڕوانرێت کە ئەگەری ئەوەی هەیە ببێتە دەوڵەتێکی دۆست و تەنانەت ببێتە دەوڵەتێکی پارێزەر ئەگەر هاتوو پێوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا بەرەو ئاڵۆزبوون بچن.

■ ڕەهەندی سێیەمی هاوسەنگیە هەستیارەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەستە بە پێوەندییەکانیەوە بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە، کە بریتیە لە دروستکەری بارودۆخی لەبار بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارێزەری باڵای ئەو بارودۆخەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، لە کاتێکدا ئەمەریکا سەرقاڵی کەمکردنەوەی ئەرکەکانێتی لە عێراقدا و چیتر ڕۆڵی سەربازی نابینێت و زیاتر لە پشت ڕووداوەکانەوە ئەم ڕۆڵەی خۆی ڕاڤە دەکات، ئەوا ئەو پرسیارە دروست دەبێت ئایا ئەمە چ مانایەك دەگەیەنێت بۆ ئایندەی دووری حکومەتی هەرێمی کوردستان؟.

**ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیرادە و پێداگیریەکی نوێ نەکات بۆ باڵادەستکردنی سەروەری یاسا لەمەی ئێستا زیاتر، ئەوا بێگومان کێشەکانی ئاڵۆزتر دەبن**

زۆرێك لە کوردەکان ئومێدی ئەوەیان هەیە حاڵی حازر پێگەیان ئەوەندە بەهێزبێت و مانەوەی ئەمەریکا لە شێوەی ئەو سەربازانەی سەرقاڵی مەشقپێکردنی سەربازە عێراقیەکان و سەرپەرشتی یەکە سەربازییە هاوبەشەکانی عێراقی- حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن (ئەوەی پێی دەوترێت میکانیزمە سەربازییە هاوبەشەکان) لە سەر هێڵەکانی دابەشبوون لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکاندا بە شێوەیەك بێت بتوانێت سەرکەوتووانە ئەم هاوسەنگیە هەستیارە بپارێزێت. لە کانونی دووەمی ٢٠١٠دا، بارزانی سەردانی واشنتۆن، دی.سی کرد و چاوی بە سەرۆك ئۆباما و بەرپرسە باڵاکانی ئەمریکا کەوت و زەمانەتی پشتیوانی بەردەوامی ئەمەریکای پێدراوە. هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرپرسێکی بۆ نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمەریکا داناوە،کە بریتیە لە ئەڵقەی پێوەندی نێوانیان، شوێنەکەی نۆ گەرەك لە کۆشکی سپییەوە دوورە، ئەو کەسەش بریتیە لە قوباد تاڵەبانی، کوڕی سەرۆکی عێراق، کە وەك کەسێکی گەنج و پڕ جموجوڵ سەرۆکایەتی نووسینگەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا. لە ئازاری ساڵی ٢٠١٠، ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا بڕیاری ژمارە ٨٧٣ی پەسەندکرد، ئەم بڕیارە داوای کردنەوەی کونسوڵگەری ئەمەریکا دەکات لە هەولێر. (لە ڕاستیدا حاڵی حازر ١٧ دەوڵەتی دیکە هەن کە جۆرێك لە نوێنەرایەتی دیبلۆماسیان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە.) لە کۆتایی ئابی ٢٠١٠دا، فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆك بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هەفتەیەکی بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسەکانی حکومەتی ئەمەریکا و ئەندامانی کۆنگرێس و ستافی لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی پیران و لیژنەی کاروبارەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی نوێنەران سەردانی ئەمریکای کردووە.

■ ڕەهەندی چوارەمی هاوسەنگیە هەستیارەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەستە بە بارودۆخی ناوخۆی هەرێمەکەوە. هەر لە دوای ڕوخانی ڕژێمی سەددام حوسێن و لە ڕاستیدا پێشتریش، ئەویش کاتێك هەردوو پارتە سەرەکیەکە کۆتاییان بە شەڕە ناوخۆییەکەی ناوخۆ هێنا کە لە ساڵی ١٩٩٤ تاوەکو ١٩٩٨ درێژەی کێشا، ئەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لایەن لایەنێکەوە حکومڕانیکراوە کە پێی دەوترێت لیستی کوردستانی، ئەم لیستە بریتیە لە هاوپەیمانێتی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان. ئەگەرچی ئەم هاوپەیمانێتیە پێویست بوو بۆ ئەوەی چیتر شەڕی ناوخۆیی ڕوونەداتەوە، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە پێشوازی لێکرا، ئەمەش ئەو ڕەخنانەی هێنایەوە یاد کە ئاراستەی ئەو هاوپەیمانێتیە گەورانەی ئەڵمانیا کرا کە لە ماوەی نێوان ١٩٦٦-١٩٦٩ و دووبارە لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٥-٢٠٠٩دا پێکهێنران، هەردوو جارەکە ئەم هاوپەیمانێتیە گەورانە ئەدایەکی باشیان هەبوو، بەڵام بوونە هۆی ئەوەی تەنیا پارتە بچووکەکان ببنە بەرهەڵستکار و ڕەخنەگر. دیموکراسیەتی ڕاستەقینە پێویستی بە ئاڵوگۆڕی زیندووی نێوان ئەو کەسانە هەیە کە دەسەڵات دەگرنەدەست و ئەو کەسانەی دەکەونە دەرەوەی دەسەڵات، نەك بریتی بێت لە شەراکەت و هاوبەشی لە نێوانیاندا. لەم ڕوانگەوە، هەر کە زۆرینەیەکی ئاسایی بەهۆی هەڵبژاردنەکانی دواترەوە بەدەست هات، ئەوا هاوپەیمانێتیە گەورەکانی ئەڵمانیا لەبەریەك هەڵوەشانەوە. بە هەمان شێوە، ئەو هاوپەیمانێتیە هەڵبژاردنەی نێوان تێکڕای پارتەکان لە بەریتانیا کە لە هەردوو جەنگی جیهانیدا پێکهێنران، بە کۆتایی هاتنی شەڕەکە قەدەغەکران. لە ڕاستیدا، لە ترۆپکی دەسەڵاتداریدا، لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٥دا، سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا وینستۆن چەرچل بەهۆی هەڵبژاردنەوە لە دەسەڵات دوورخرایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، پێناچێت لیستی کوردستانی هەمان ڕێگا بگرێتەبەر، کەواتە دەرکەوتنی لیستی گۆڕانی نەوشیروان مستەفا، لەسەر حسابی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

بووە هۆی هێنانە ئارای ئەگەر و نادڵنیایی نوێ بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەروەها بووە هۆی ئەوەی بۆ یەکەمجار موعارەزەیەك لە پەرلەمانی هەرێمەکەدا دروست بێت کە لە ١١١ کورسی پێکهاتووە. ئەم پارتە نوێیە ٢٥ کورسی لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە ٢٥ی تەمموزی ساڵی ٢٠٠٩دا ئەنجامدرا کە جێی سەرسوڕمان بوو بەدەستهێنا، بەڵام تەنیا ٨ کورسی لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی عێراق بەدەست هێنا کە لە ٧ی ئازاری ساڵی ٢٠١٠دا ئەنجامدرا ئەمەش مایەی نائومێدی بوو. دواتر، لە پێناو پاراستنی بەرەیەکی یەکگرتووی کوردیدا گۆڕان ڕازی بوو هاوکاری لەگەڵ لیستی کوردستانیدا بکات. (مەبەستی بەشداری (گۆڕان)ە لە هاوپەیمانی فراکسیۆنە کوردستانیەکان لەبەغدا- گوڵان-)

کەواتە، سەرەڕای ئەوەی لە سەرەتادا ئومێدێکی زۆر بەدی دەکرا، بەڵام پێدەچێت چارەنووسی گۆڕان شتێك زیاتر بێت لەو پارتەی لە کۆتایی ساڵانی پەنجاکاندا لە فەڕەنسادا بۆ ماوەیەکی کەم دەرکەوتن و دواتر خامۆش بوو کە بریتی بوو لە پوجادیستەکان.

ئایا هەموو ئەمانە چی دەگەیەنن لە پێوەندیدا بەو کێشانەی کە پەیوەستن بە گەندەڵی، مەحسوبیەت، شەفافیەت و ئازادییە مەدەنیەکانەوە؟ ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیرادە و پێداگیریەکی نوێ نەکات بۆ باڵادەستکردنی سەروەری یاسا لەمەی ئێستا زیاتر، ئەوا بێگومان ئەم کێشانە ئاڵۆزتر و خراپتر دەبن،، ئایا پرسی بوونی پەکەکە و پژاك چی بەسەردێت؟، ئەو کێشەیەی بۆتە سەرچاوەی هەڕەشەی بەردەوامی تورکیا و ئێران بە بۆردومانکردنی سنوورەکان و تەنانەت بە دەستێوەردانیش؟ ئەگەرچی ئەم بارودۆخە مایەی سەرئێشەیە، بەڵام بوونی پەکەکە و پژاك ئەگەری ئەوەی لێناکرێت ببێتەهۆی هەڵکشانی دۆخەکە بە چەشنێك ببێتە مایەی هەڕەشە بۆ سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی ئەمە لە بەرژەوەندی لایەنە پەیوەندیدارەکاندا نییە. تورکیا و ئێران هەوڵی ڕاگرتنی هاوسەنگیی یەکتر دەدەن لە ناوچەکەدا، هیچ لایەکیان ڕازی نابن لایەنەکەی دیکە بەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستاندا زاڵبێت، لە لایەنی خۆیەوە هەرگیز حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو پشتیوانی لەم دوو گرووپە یاخیبووە نەکردووە، بە چەشنێك ببێتە مایەی ئەوەی تورکیا یاخود ئێران ناچار بکات دەستێوەردان بکەن، چونکە ئەمە دەبێتە مایەی هەڕەشە بۆ سەر بوونی ئەم حکومەتە. لەوەش زیاتر، تاوەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك بەشێك لە عێراق بمێنێتەوە، ئەوا یەکپارچەیی ئەم وڵاتە ڕێگە لە تورکیا و ئێران دەگرێت هەوڵی ئەوە بدەن بەشێوەیەکی هەمیشەیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەنە بەشێك لەخۆیان. بە دڵنیاییەوە بەهەرەسهێنانی عێراق، هەموو ئەم گرەوانە هەڵدەوەشێنەوە. هەروەها ئایندەی کەرکوك وەك هەڕەشەیەکی ناوخۆیی گرنگ بۆ سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان دەمێنێتەوە، بەڵام تاوتوێکردنی ئەم پرسە لە دەرەوەی مەودای ئەم وتارە کورتەدایە. لەوەش زیاتر، ئایا ئیسلامیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان چ ئایندەیەکیان دەبێت؟ لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکانی ٢٥ی تەمموزی ٢٠٠٩دا، یەکگرتووی ئیسلامی بە سەرۆکایەتی سەلاحەددین بەهادین ٥ کورسی لە ١١١ کورسی پەرلەمان بەدەستهێنا، لە کاتێکدا عەلی باپیر کە ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیە ٤ کورسی بەدەستهێنا. هەرچۆنێك بێت هەروەك یەکێك لە کوردەکان ڕوونی دەکاتەوە، کوردەکان موسڵمانێکی باشن. بە دەربڕینێکی دیکە، ئەگەرچی بوونی گرووپە ئیسلامیەکان بەردەوام دەبێت، بەڵام پێدەچێت ئەوەندە پەرت و بڵاوو لاوازبن کە نەتوانن ببنە سەرچاوەی هەڕەشەی گەورە. لە کۆتاییدا، مەترسیەکانی دیکەی پەیوەست بە هاوسەنگی هەستیاری حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پەیوەستن بە پێگەی ئەم حکومەتەوە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە تێیدا ئەگەری ئەوە هەیە جیهانی عەرەبی کە جیهانێکی دژن، بوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك هەڕەشە بۆ سەر توراسی عەرەب لە ناوچەکەدا لێکبدەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ناوچە گەورەترەکەی عەرەب، ئەوەندە دابەشبووە و ئەوەندە پڕ لە کێشەیە کە ناتوانێت بە شێوەیەکی سەرەکی ببێتە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان. لەوەش زیاتر، هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، تاوەکو ئەو کاتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدراڵی لە چوارچێوەی عێراقدا بمێنێتەوە، ئەوا یەکپارچەی خاکی عێراق دەبێتە پارێزەری ئەم حکومەتە. لە کۆتاییدا، یەکێتی ئەورووپا و نەتەوە یەکگرتووەکان تێڕوانینێکی ئیجابییان هەیە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەگەری ئەوە لە ئارادایە بتوانن بەشێوەیەکی گەورە کاریگەر بن لەسەر ئەم هاوسەنگیە هەستیارە، لەبەر ئەوەی ئەوان ڕاستەوخۆ بەشێك نین لە بارودۆخەکە و لەبەر ئەوەی کێشەی گرنگتریان هەیە کە سەرقاڵیان دەکات.

***

**ئەگەر لەم وتارەدا لەهەندێك وشە و بڕگە ناوی لایەنە سیاسیەکان هاتبێت، ئەوە بۆچوونی تایبەتی نووسەرە و تەعبیر لە بیروبۆچوون و سیاسەتی گوڵان ناکات.**

***

*** ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی تێنسی لە ئەمریکا و زانکۆی نێودەوڵەتی ڤێنا لە نەمسا**

**لە کانونی دووەمی ٢٠١٠دا، بارزانی سەردانی واشنتۆنی کرد و چاوی بە سەرۆک ئۆباما و بەرپرسە باڵاکانی ئەمریکا کەوت و زەمانەتی پشتیوانی بەردەوامی ئەمەریکای پێدراوە**

**ئەگەری ئەوە هەیە جیهانی عەرەبی کە جیهانێکی دژن، بوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک هەڕەشە بۆ سەر توراسی عەرەب لە ناوچەکەدا لێکبدەنەوە**



# (یەکێتی و ململانە)
# لە کوردستان و لە بەغدا



ئاسۆ کەریم

Aso2karim@yahoo.com



وەك دەزاندرێ، بە دەسپێشكەریی سەرۆك بارزانی و باوەگۆی لایەنە براوەکانی هەڵبژاردنی ٣/٧، فراکسیۆنی لیستە کوردستانییەکان لە (گۆڕان، یەککگرتوو، کۆمەڵ، یەکێتی و پارتی) پێکهات و کەشێکی ئیجابیی بۆ لێکحاڵیبوون بەدوای خۆیدا هێنا. ئەم فراکسیۆنە، بۆ دانوستاندن لەگەڵ لیستە براوەکانی عێراقیدا (عێراقیە، ئیئتلافی دەوڵەتی قانوون، ئیئتلافی نیشتمانی و ئەوانی دی)، چوارچێوەیەکی هاوبەشی دانا و داخوازییەکانی لە (١٩) خاڵدا چڕکردەوەو بەو لایەنانەی سەرەوەی دان. دیارە ئەو بەرنامەیە ئیرادەو خواستی هەموو لایەنەکانی ناو فراکسیۆنەکەی لەسەر بووە، پێموانییە هیچ لایەنێ لەبەر خاتری لایەنێکی تر ئیمزای لەسەر کردبێ. بەمانایەکی تر، دەکرێ بڵێین ئەو بەرنامەیە، تا رادەیەکی زۆر دەربڕی خواست و ویستی خەڵکی کوردستانیشە. ئەگەر فراکسیۆنی ناوبراو لە دانوستاندن لەگەڵ لایەنە عێراقییەکاندا شیا قەناعەتیان پێبکات بە ئەجێنداو بەرنامە (١٩) خاڵییەکە رازی ببن، ئەوە لەکۆتادا، سەرکەوتنێکە بۆ هەمووان لەم ساتەوەختەدا و لە هیچ کامێکیشیان قبوڵ ناکرێ، بەتەنێ ئەو «سەرکەوتن»ە، بداتە پاڵ خۆی، یان بۆ خۆی بقۆزێتەوە. ئەگەر نەخوازە بەپێچەوانەش کەوتەوە، دیسان هەق نییە، هیچ لایەنێ خۆی لە بەرپرسیارەتییەکە لابدات و بەملی لایەنەکانی تری دا ببڕێت. لەکاری هاوبەشدا، هەق نییە، هیچ لایەنێکی بەشداربوو، منەت بەسەر ئەوانی ترەوە بکات، چونکە لەکۆتادا، هەر لایەنە ئەدای ئەرك و ئیلتیزامی بەرانبەر بە گەلەکەی خۆی کردووە. میللەت هەر چاوەڕێی ئەوە دەکات لەو لایەنانەی کە دەنگی پێداون و بۆ بەغدای ناردوون.

بەهەرحاڵ، پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا، بەبێ بەشداریی کورد وەکو نەتەوەو پێکهاتەیەکی سەرەکیی عێراق، پرۆسەیەکی ئیفلیجەو سەرناگرێت. هەم شیعەو هەم سوننەش بەشداریی کورد بە پێویست دەزانن. بۆ ئەمڕۆ کە باس لە بەشداریی کوردیش دەکرێ، باس لە بەشداریکردنی ئەو نوێنەرانەیە کە لە هەڵبژاردنی گشتیدا، هەریەکە بەگوێرەی قەبارەو سەنگ و قورسایی خۆی دەنگی

هێناوە. کەوابێ، ناشێ کورد لە بەغدا، ئۆپۆزیسیۆن بێت و ئەمە براوەتەوە. بەڵکە لە بەغدا، نوێنەرانی کورد لەسەر چەند و چۆنی شەراکەت لەگەڵ لایەنەکانی عێراقیدا دانوستاندن دەکەن و کەمو زۆریش بەپێی هەواڵەکان، جۆرە رازیبوونێك لەبەرانبەر (١٩) خاڵەکەی وەفدی وتووێژکاری کوردستاندا هەیە. تا ئێرە وتووێژکارانی کورد لە بەغدا بەهەر پێوەرێك بێت، سەرکەوتوون و سەنگ و قورساییشیان لە دانوستان و هاوکێشەکاندا، بەبەراورد بە سەرەتای چوونە بەغدایان، بەرەوسەر چووە، یەکەم لەبەر ئەوەی نوێنەرایەتی نەتەوەو هەرێمێك دەکەن، دووەم لەبەر بەرنامە واقیعبینییەکەیان و سێیەم لەبەر یەکگرتوویی هەڵسوڕانیان لەکاتێکدا پێکهاتەکانی تر پچڕ پچڕ و نایەکگرتوون...

لەم سەروبەندەدا، کە جۆرێ لە تێگەیشتن لەبەرانبەر داخوازییەکانی کورد لەئارادا هەیە، لە هەلومەرجێکدا کە خەریکە ریزبەندییەکی نوێی عێراقی، بەمووبارەکەی ئەمملا و ئەولا، سەبارەت بە پێکهێنانی حکوومەتێکی تر دێتەگۆڕێ و ئەگەری بەلاداکەوتنی ئەو تەنگژە سیاسییە روونترو خویاتر دەبێت، بە بیانووی پرسێکی تەواو کوردستانی وەك «دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسییەکان لە هەرێمی کوردستان» و بوونی تێروانینی جیا-جیا بۆ هەندێ پرسی تر، هەر سێ لایەنی ئۆپۆزیسیۆنی ناو پەرلەمانی کوردستان: (گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ) لە ٩ی ئەم مانگەدا لە راگەیەنراوێکی هاوبەشدا، هەردوو لایەنی سەرەکیی دەسەڵاتی کوردستان (پارتی و یەکێتی) یان ئاگادار کردەوە کە ئەگەر لەسەر ئەو دەستەیە لەگەڵیان نەسازێن، هەڵوێست وەردەگرن تا رادەی کشانەوە لە فراکسیۆنی لیستە کوردستانییەکان لە بەغدا.

من لێرەدا، قسەم لەسەر ئەوە نییە کە داخوا نیگەرانییەکانی هەر سێ لایەنی ئۆپۆزیسیۆن چەندە لە جێگەن، یان داخوا تا چەند رەوتاری دەسەڵات لەبەرانبەر ئەواندا بەجێیە. شایەت، لە هەردوو لاوە، کەموکورتی و رەقەکاری هەبێت. بەڵام ئەوەی روون و خویایەو دەبێ بگوترێ کە هەر سێ لایەنی (یەکگرتوو، کۆمەڵ و گۆڕان) بە ئارەزووی خۆیان بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی پەرلەمەنییان هەڵبژاردووەو بەشداریی حکوومەتی هەرێمیان نەکردووە، ئەوەش مافێکی خۆیانە. لەهەر جێگەیەکیش، بەرەی حوکمڕان و بەرەی ئۆپۆزیسیۆن هەبوو لەناو پەرلەماندا، بۆ ساغکردنەوەی هەر ناتەباییەك بێتە گۆڕێ، بێ لە پەنابردن بۆ دەستاویژی دەنگدان کە لە دەستوور، لە قانوون و پێڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا هاتووە، ئەرێ هیچ (رێگە چارە)یەکی تر هەیە؟ لە وەڵامدا، رەنگە بگوترێ، ئاخر، ئەمە پرسێکی نیشتمانییە و ئایندەی نەخشەی سیاسی پێوە بەندە و بۆیە دەبێت بە (تەوافوق) یان بە(کۆدەنگ ) دابنرێ.

یەکەم، پێموانییە کەسێکی بەئاگا هەبێت لە گرنگیی و بایەخی ئەو دەستە باڵا چاوەڕوانکراوە کە مافێکی دەستووریی هەرێمی کوردستانە کەم بکاتەوەو بە هەق پرسێکی نیشتمانیی کوردستانییە، بەڵام ئەی داموەزگاکانی تری وڵات، داخوا حکوومەتی هەرێمی کوردستان، حکوومەتێکی نیشتمانیی نییە و پێوەندیی بە یەکە-یەکەی هاووڵاتییانەوە نییە؟ لە کوێی دنیادا پرسێك هەیە هەرچەندە گرنگیش بێت، کۆدەنگیی هەمووانی لەسەر بێت؟ داخوا پرسێك هەیە لە پرسی دەستوور نیشتمانیی تر و هەستیارتر، کەچی بە زۆرینەو کەمینەی دەنگی دەنگدەران دەبڕێتەوە و هەمووانیش دوایە ئیلتیزامی پێوە دەکەن. ها لە مێژ نییە لە تورکیا پاکێجە ریفۆرمەکەی دەستووری تورکیا کە حزبی عەدالەت و بوژانەوە لە پشتی بوو، بە ٥٨٪ پەسندکرا.

دووەم کە دەگوترێ بە تەوافوق و بەکۆدەنگی فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان ( هەڵبەت ١٤ لیست و نوێنەرایەتی لە پەرلەمانی کوردستان هەن)، ئەندامانی ئەنجوومەنی ئەو دەستەیە دابنرێ، ئەرێ تا چەند ئەمە کارێکی کردە نییە؟ تۆ بڵێی بەمشێوەیە ئەو دەستەیە رووناکی ببینێ؟ حاشا من ناڵێم سازان و کۆدەنگی ئەو هەموو لیستە خراپە، بەڵام کردەنی نییە. کێ دەستەبەری ئەو کۆدەنگییەمان بۆ دەکات! ئەرێ ئەوە تا چەند راستە ڤیتۆ بە هەر لیستێ بدرێ کە لە پەرلەماندا یەك یان دوو نوێنەری هەیە لەگەڵ رێزم بۆیان! ئەرێ باشتر نییە، لەسەر مەرجەکانی بوون بە ئەندام لە ئەنجوومەنی دەستەکە قسە بکرێ، لەسەر شێوازی بڕیاردان لەناو ئەنجوومەنەکە، لەسەر چاوەدێری و لێپرسینەوەی ئەنجوومەنەکە و بەڕێوەبەری ئیدارەی ئینتیخابی، لەسەر شێوازی دانانی بەڕێوەبەری ئۆفیسی پارێزگاکان .. قسە بکرێ. دیارە، سازان دانوستاندن و سازشە، پێنگاڤێ لە تۆ و دووان لە منی دەوێ.

سێیەم، گرێدانی بەشداری لە فراکسیۆنی لیستە کوردستانییەکان بەم پرسە یان پرسێکی تر. دیارە ناکرێ بڵێین، هەرگیز هیچ بەنددیوارییەك لەنێوان رەوشی کوردستان و بەیەکەوەبوون لە بەغدا نییە، نا هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دوو پرسی لێکجیان. بوونی (یەکێتی و ململانە) لەنێوان لایەنەکانی دەسەڵات و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆندا، بارە ئاساییەکەیە. نە یەکێتییەکە رەهایە لە بەغدا و نە ململانەکەش لە کوردستان. لە بەغدا سەرەرای جیاوازییەکان، بۆ بەدیهێنانی چەند خاڵێکی هاوبەشی ئیتیفاق لەسەرکراو بەیەکەوەین، لەبەر خاتری چاوی رەشی یەکتر بەیەکەوە نین، ئەوە میللەتەکەمان و بەرژەوەندیی باڵای کوردستان، ئەو داخوازیی بەیەکەوەبوونەمان لێدەکات، کە ئەوە دەکەین ئەدای ئەرکی خۆمان کردووەو بەس، لە بەغدا دیوی (یەکێتی- الوحدە) زاڵە بەسەر (ململانە- الصراع)دا. کە دێینەوە کوردستانیش، دیوی (ململانە) زەق دەبێتەوە لەسەر حیسابی (یەکێتی- الوحدە)یەکە. هەڵبەت راگرتنی ئەو هاوکێشە وردو هەستیارە تەنیا بە ئەستۆی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە نییە، بەڵکە ئەوە ئەرك و بەرپرسیارەتیی لایەنەکانی دەسەڵاتیشە، هەر لە سۆنگەی ئەمەشەوە بوو کە نێچیرڤانی بارزانی لەگەڵ هەر سێ فراکسیۆنی ئۆپۆزیسیۆن کۆبۆوە و داوا رێککەوتنی لێکردن و سەرۆك بارزانی-یش لە کۆبوونەوەی لەگەڵا نوێنەرانی لایەنەکانی ناو (فراکسیۆنی لیستە کوردستانییەکان) جەختی لەسەر هەمان پرەنسیپ کردۆتەوە.



# سەرژمێریی.. چارەنووسی عێراق دیاری دەکات ئەوانەی دەیانەوێت خانەی نەتەوە لابدەن ناتوانن شۆڤێنیەتی خۆیان بشارنەوە



گوڵان
ژمارە (٨٠٣)
٢٠١٠/١٠/٢٥

یەکێك لەو هۆکارە گرنگانەی کەهەموو کات چارەنووسی عێراقی بەرەو هەڵدێر و مێژوویەکی خوێناوی بردووە، ئەوەیە هەوڵنەدراوە لەسەر ئاستی بونیادی سەقامگیری و دیموکراتی و پێکەوەژیانی برایانە و ئارەزوومەندانەی پێکهاتە جیاوازەکانی بیربکرێتەوە و هەوڵبدرێت لەسەر بنەمای ئەو بیرکردنەوەیە رێگەچارەی گونجاو بۆ کێشەکانی عێراق بدۆزرێتەوە و لەبەر رۆشنایی بەرژەوەندییەکانی گەلانی عێراق ئەو کێشە و ناکۆکیانەی بوونیان هەیە چارەسەر بکرێن، بەپێچەوانەوە بەدرێژایی مێژووی دەوڵەتی عێراق لە ماوەی نزیکەی ١٠٠ ساڵی رابردوو، بەدرێژایی شۆڕشە یەك لەدوایەکەکانی کوردستان هەوڵدراوە ئەم کێشەیە بەپێی بەرژەوەندییە ئیقلیمی و نێو دەوڵەتییەکان دەستێوەردانی تێدابکرێت و رێگە نەدرێت لەسەر بنەمایەکی نیشتمانی چارەسەر بکرێت، ئەم بیرکردنەوە هەڵەیە دوای رووخانی رژێمی بەعس و سەدام حوسێن، دەبوو بیر لەوە بکرابایەوە و پەندێك لەو مێژووە وەربگیردرایە که هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی برۆبیانووی ناجۆر و نادەستووری بۆ دواخستنی ماددەی ١٤٠ و تێکەڵاوکردنی پرۆسەی ئاماری دانیشتووان بە مەسەلە سیاسییە شۆڤێنیەکان ترسانە لەوەی کە ئەم ئامارە دەبێتە هۆکاری ئەوەی یان دەبێتە دەروازەیەك بۆ ئاشکرابوونی ئەو زوڵمە مێژووییەی لەگەلی کوردستان کراوە، ئەمە بەمەترسیەوە بۆ سەر ئاییندەی وڵاتێك بخوێنرێتەوە، ئەمە مانای ئەوەیە ئەو بیرەشۆڤێنیانە مەبەستیانە درێژەدان بەزوڵم و سیاسەتی ناڕاست درێژەی هەبێت و دەیانەوێت عێراقی داهاتوو لەسەر هەمان تێروانین و سیاسەتی حکومەتەکانی پێشوو بونیادبنرێتەوە کە هەموو عێراقیەکان زیاتر لە نیو سەدەیە باجەکەی دەدەن، لێرەدا بەجێگەی خۆی دەزانم ئەو نموونەیەی باڵیۆز پیتەر گالبرێس کە لە کتێبی ( کۆتایی عێراق- The End of Iraq ) ئاماژە پێبکەمەوە کەسەبارەت بە کوشتنی خاتوو ئەتوار بەهجەتی پەیامنێری کەناڵی ئەلعەرەبیە لە سامەرا لەساڵی ٢٠٠٥ ئاماژەی پێکردووە، ئەتوار بەهجەت لە دایك و باوکێکی سونە و شیعە لەدایك بووە، ئەمەش واتە ئەتوار لەیەك کاتدا هەم سونە و هەم شیعەشە، خوا رازییە شیعە و سونە پێکەوە بژین و تێکەڵاو بن بەڵام توندڕۆیی گەیشتۆتە ئەم ئاستە قبوڵی ناکەن، گالبریس لەم نموونەیە مەبەستی ئەوەیە کاتێك توندوتیژی مەزهەبیی بگاتە ئەم ئاستە کە ئیرادەی خوایان پێ قبوڵ نەکرێت، ئەوا وڵاتێك نامێنێت ناوی عێراق بێت، بۆ ئێستای کوردستانیەکانیش بەهەمان شێوەیەو هیچ کەسێك پرسی بەکوردستانیەکان نەکردووە ئایا حەزدەکەن بەشێك بن لە عێراق یان نە، هەروەها ئیرادەی خوا کوردستانیەکانی بە ئایین و نەتەوەیی جیاواز دروستکردووە، بەڵام ئەقڵیەتی شۆڤێنیەکان رۆژێك بە بیانووی ئەوەی یەزیدی ئایینی جیاواز دەبێت لەکورد جیابکرێنەوە و رۆژێك بە بیانووی ئەوەی سەرژمێریی دانیشتووانی عێراق رێژەی کورد و کوردستانیەکان لەناوچە دابڕاوەکان دیاری دەکات، پێشنیاری ئەوە دەکرێت بۆ ئەوەی حەساسیەت دروست نەبێت باشترە خانەی دیاریکردنی ناسنامەی نەتەوەیی دیاری بکرێت، ئەم جۆرە بیرکردنەوانە کە هەندێك جار کاریگەری لەسەر ئەو پسپۆرانەش هەبووە کە بەحساب خۆیان بە تایبەتمەند دەزانن تا رێگە چارەی گونجاو بۆ کێشەکانی عێراق بدۆزنەوە، ئەوانیش دەکەونە ژێر ئەو کاریگەرییە، هەر بۆنموونە ئەگەر ئەم ئامارە کراو دەرکەوت رێژەی کورد لە کەرکوك لە هەموو پێکهاتەکانی دیکە زیاترە، یان دەرکەوت لە پارێزگای نەینەوا چەند ملیۆن کورد کوردستانی هەیە وکوردستانیەکان لە نەینەوا زیاتر لەیەك ملیۆن دەنگدەریان زیاتر هەیە، یان لە خانەقین و پارێزگای دیالە رێژەی راستەقینەی کورد دەرکەوت، ئەوا ئەو ناوچە دابڕاوانە بە کەرکوکیشەوە زەمینەیان بۆ خۆش دەبێت و دەگەڕێنەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەگەر بەپێی بیرکردنەوەی ئەو شۆڤێنیانە باردۆخەکە هەروەها مایەوەو ئەو ناوچانە نەگەڕانەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئایا چارەنووسی عێراقی ئاییندە چۆن دەبێت؟ بێگومان مێژوو وەڵامی ئەم پرسیار و ئەگەرەی داوەتەوە، مەلامستەفا بارزانی نەمر نەخشەی رێگەی بۆ داڕشتووە، ئەگەر کارگەیشتە قسە لەسەر چارەنووسی ئەو ناوچانە بکرێت، ئەوا هەموو شتێك دەکرێت بەقوربانی چارەنووسی ئەو ناوچانە، هەروەك چۆن لەساڵی ١٩٧٤ چارەنووسی شۆرشی ئەیلوول کە گەورەترین شۆرش بوو لەسەر ئاستی رۆژهەڵات کرایە قوربانی چارەنووسی کەرکوك و کوردستانیەتی کەرکوك، ئەمە خاڵێکی گرنگە و لەوانەیە هێشتا زۆر کەس بەو ئاستە لەهەستیاری ئەم پرسە تێنەگەیشتبن، هەروەك چۆن پێشنیارەکانی راپۆرتی بیکەر هاملتۆن دەبوونە ئاستەنگ بۆ گەڕانەوەی ئەم ناوچانە، هەموو بینیمان بەرێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان چ کاردانەوەیەکی پیشانداو، چۆن جۆرج بۆشی سەرۆکی ئەو کاتی ئەمریکا بە تەلەفون پێوەندی بە بەرێز مسعود بارزانیەوە کرد و پێی راگەیاند، پێشنیارەکانی راپۆرتی بیکەر هاملتۆن، پێشنیاری مولزەم نین بۆ ئیدارەی ئەمریکی و تەنیا پێشنیارەو جێبەجێ ناکرێن، سەبارەت بە سەرژمێری دانیشتووانی عێراقیش کە ساڵی پار دوای پەیوەندییە تەلەفونیەکەی باراك ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا بۆ سەرۆك بارزانی بڕیاردرا سەرژمێری دانیشتووان بکرێت بۆ ئەوەی نەك هەر لەسەر ئاستی نەتەوەیی غەدر لە کوردستانیەکان نەکرێت، لەسەر ئاستی بازنەکانی هەڵبژاردن و ژمارەی ئەو دەنگانەی دەبنە یەك کورسی پەرلەمانی و دانانی پلانی گونجاو بۆ پەرەپێدان و خوێندن و رێکخستنەوەی ژیانی عێراقیەکان، بەڵام وادیارە تا ئێستا بیروبۆچوونێك لەنێو هەندێك لەو خەڵکانە بوونی هەرماوە کە لەبری ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە عێراق بەرەو داهاتوو هەنگاو هەڵبگرێت، بیر لەوەدەکەنەوە چۆن عێراق بگێڕنەوە بۆ سەردەمە تاریکەکان و بازنەی توندوتیژی و ئاڵۆزکردنەوەی کێشەکان، بۆ زیاتر قسەکردن لەسەر ئەم پرسە هەر دوو بەرێزان د.عەلی سندی وەزیری پلاندانان و سەرۆکی لیژنەی باڵای سەرژمێری لەهەرێمی کوردستان و تاریق حەرب پسپۆری یاسایی و ئەندامی لیژنەی نووسینەوەی دەستووری عێراق بەمجۆرە رای خۆیان بۆ گوڵان دەربری.

د.عەلی سندی

## سەرۆکی لیژنەی باڵای سەرژمێری لەهەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# سەرژمێری بەبێ پرسیاری نەتەوە، پێشێلکردنی دەستووری عێراقە

> بەدرێژایی شۆڕشە یەک لەدوایەکەکانی کوردستان هەوڵدراوە سەرژمێری بەپێی بەرژەوەندییە ئیقلیمی و نێو دەوڵەتییەکان دەستێوەردانی سیاسی تێدا ئەنجام بدرێت

ئـــەو ئاڵۆزیانەی بۆ پرۆســـەی ســـەرژمێری لە عێراقدا دروست دەکرێن هەموویان دەبنە ئاستەنگ بۆ ئـــەوەی پرۆســـەکە لەکاتی خۆیـــدا ئەنجام نەدرێت، سەبارەت بەو ئاڵۆزیانەی بۆ ئەم پرۆسەیە دروســـت دەکرێت، د.عەلی ســـندی بەمجۆرە بۆ گـــوڵان رای خۆی دەربڕی و وتی : ((پرســـی ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی لە عێراق هەر لە ســـەرەتاوە ئاڵۆزبوو، بەڵام جیاوازی ئێستاو پێشتر لەوەدایە کە ئەو کێشـــانەی ئێستا سەری هەڵداوە بە هەموو پێوەرێك دەبوایە لە ســـەرەتا گفتوگۆی لە بارەیەوە کرابوایە نەك دوای خەرج کردنی بڕی سەد ملیۆن دۆلار، دەبوایە ئەم کێشانە لەسەرەتاوە چارەســـەربکرانایە،هەر بۆیە بـــە بۆچوونی ئێمە هۆکاری هەرە ســـەرەکی ئاڵۆزبوونی بارودۆخەکە ئەوەیە پرۆســـەکە لەسەر ئاســـتی هەموو عێراق بەڕێوەدەچێت و ئەو کەسەی بەم ئەرکە سپێردراوە بە پێی دەستوورو یاسا وەزیری پلاندانانی عێراقە، ئەوجا بەمەبەست وایکردبێت یان بێ مەبەست لە بەرێوەبردنی ئەم پرۆسەیە سەرکەوتوو نەبووە، لەبەر ئەوەی کۆمەڵێك خاڵی ئاشـــکرا هەن کە پێویست بوو هەر لەســـەرەتا چارەسەرکرابان، بۆ نموونە لە مانگـــی پێنجی ساڵی٢٠٠٨یاســـای ژمارە ٤٠ واتە یاســـای هەڵبژاردن، دەبـــوو هەرچی خاڵێك پێویســـتی بەگفتوگۆ و چارەســـەرکردن هەبوایە پێش پەســـەندکردنی یاســـاکە جێبەجێ کرابان، بەڵام دوای ئەوەی یاســـاکە پەســـەند کراو و بوو بە بنەمای کارکردنمان، ئاشـــکرایە دەبێت هەموو لایەنێك پێوەی پابەند بین، هەر چەندە مەسەلەی ســـەرژمێری لە ســـاڵانی ٢٠٠٤و ٢٠٠٥ هاتە ئاراوە، بەڵام بە فەرمی لە ساڵی٢٠٠٨ یاسای بۆ دەرچووەو دەبوایە لە ساڵی٢٠٠٨ ئەنجام درابا بەڵام نەکرا، دواتر دەبوو لە ساڵی٢٠٠٩بەڕێوەبچێت ئەو ساڵیش نەکراوە، لە ساڵی٢٠٠٩ دادگای فیدراڵی، سەرۆك وەزیران و حکومەتی عێراقی پابەند کردووە بەوەی دەبێت ســـەرژمێری گشتی دانیشتوان لە ســـاڵی٢٠١٠ئەنجام بدرێت، بێگومان شـــکاندنی بڕیـــاری دادگا کارێکی وا ئاســـان نییە، بەڵام ئـــەوە چەندین جارە لەلایەن عەلی بابانی وەزیری پلاندانانی عێراقەوە گوێبیســـتی ئەوە دەبینەوە بۆ ئەنجامدانی ســـەرژمێری کاتی دیاریکراو پیرۆز نییە، بێگومـــان چەند جارێکیش هەوڵدراوە کاتی ئەنجامدانی سەرژمێرییەکە بگۆڕدرێت)).

هـــەر لەم چوارچێوەیەدا و ســـەبارەت بەوەی ئایا بۆچـــی هەندێك لایەن لە ئەنجامدانی ئەم ســـەر ژمێرییە دەترســـن، بەڵام کورد داکۆکی لەســـەر دەکات و بەپێویســـتی دەزانێـــت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشـــدا د.عەلی سندی وتی : (( هۆکاری ســـەرەکی دەگێڕمەوە بۆ نەبوونی شـــارەزایی و پسپۆری تاکەسی ئەو خەڵکانەی کە لەئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێری دەترسن، ئەمە نەك هەر لەم بوارە، بەڵکـــو زۆر نەبوونی زانیاری و ئەزموونی حکومڕانـــی لەلای هەندێك لایەنی عێراقی بۆتە هۆکاری ئەوەی کە لەگەڵ هەرێمی کوردســـتان دروست بێت، لەمەدا مەبەستم ئەوەیە زۆر مەسەلە هەیە کـــە هەرێمـــی کوردســـتان داوای دەکات یاسایی و دەستورییە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەرامبەر کەم ئەزموونە و شـــارەزایی نییـــە لەبری ئەوەی هاوکاری هەرێمی کوردســـتان بکات ئاستەنگمان بۆ دروســـت دەکەن،ئەمەش من بە کارێکی سادە سەیری دەکەم لەبەر ئەوەی ئەزموونی حکومرانی لەکوردستان وا بۆ نزیکەی ٢٠ ساڵ دەچێت بەڵام لە عێراقدا تەمەنی ئەم ئەزموونی تەنیا ٤ ساڵە، ئەگەر لەم چوارچێوە سەیری گرنگی ئەنجامدانی سەرژمێری بکەین،دەبینین ئێمە وەك کوردستانی بەلامانەوە گرنگە لەکاتـــی خۆی ئەنجامبدرێت ئەوان پێیان باشـــە دوابخرێت، ئێمـــە پێمان وایە ســـەرژمێریی هۆکارێکـــە بۆ چارەســـەرکردنی چەندین کێشـــە کە تائێســـتا لەگەڵ حکومەتی بەغدا بەهەڵواســـراوی ماوەتەوە، وەك مەسەلەی بەشە داهاتی هەرێمی کوردستان کە بەشێوەیەکی راست و دروست بەشەداهاتی هەرێم دیاریدەکرێت، هەروەهـــا بوونی داتا و زانیـــاری یارمەتیدەرمان دەبێت بۆ داڕشـــتنی پلان بـــۆ هەموو بوارەکانی ژیان لەکوردســـتان، ئێمە زۆرجار گلەیی ئەوەمان لـــێ دەکرێت، بۆچـــی لە حکومەتـــی هەرێمی کوردســـتان پلانی درێژخایەنی بۆ کارەکان پێڕەو ناکەین، بێگومان گرفتی هەرە سەرەکی نەبوونی داتایەکی ورد بووەو ناشـــکرێ بە تەنیا ئەم کارە بکەیـــن ئەگەرچی وێنەیەکمان بۆ خۆمان داناوە، هەمان گرفـــت لە حکومەتـــی عێراقیش هەیە، ئێمە دەزانین رەنگە ئەم ســـەرژمێرییە بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ســـوودێکی ئەوتۆی نەبێت، لەبەر ئەوەی بەپێی ماددەی ١٤٠، پرۆسەکە سێ قۆناخە ئاســـایکردنەوە، سەرژمێری، ئەنجامدانی ریفراندۆمـــە، بۆیـــە ئەو ســـەرژمێرییەی بەپێی مـــاددەی ١٤٠ بـــۆ ناوچەدا بـــڕاوەکان دەکرێت تایبەتمەندی هەبێـــت و تەنیا بۆ ئەو ناوچانەبێت کە ناکۆکیان لەسەرەو هەروەها پشت بە سەرژمێری ساڵی١٩٥٧ببەســـترێت، چونکە ئەو سەرژمێرییە بەر لە ئەنجامدانـــی تەعریب کردنی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجام دراوەو لای هەموومان پەســـەندە، هەموو ئەو داتا پێویست و زانیاریانەی لەم سەرژمێرییە کۆدەکرێتەوە دەکرێ یاریدەدەر بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، هەر بۆیە ئەگەر بە شـــێوەیەکی دەســـتووری و شەفافانە ئەنجام بدرێت لەدوو لاوە ســـوودو خێری بۆخەڵکی عێـــراق دەبێت، لەبەر ئەوەی سەرژمێریی پەیوەستە بە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و فۆرمی سەرژمێری ٧٠پرسیاری تێدایـــە و کۆمەڵێك زانیـــاری لە خۆ دەگرێت کە سوود بەخش دەبێت بۆ ژیانی خەڵك، بە بۆچوونی ئێمە کە بۆچـــی لایەنەکانی عێـــراق نایانەوێت پرۆســـەکە ئەنجـــام بدرێت، لایەنـــی ئابووری و کۆمەڵایەتی حکومەتەکانی عێراق ســـەرکەوتوو نەبوونەو تا چەندیش درکیان بەم راستیە کردووە یا

> لە ساڵی٢٠٠٩ دادگای فیدراڵی، سەرۆک وەزیران و حکومەتی عێراقی پابەند کردووە بەوەی دەبێت سەرژمێری گشتی دانیشتوان لە ساڵی٢٠١٠ئەنجام بدرێت



**بەبێ ئامار چۆن دەتوانین بڕیاربدەین لەسەر پێویستیی هەندێ شوێن بۆ هەندێ ژێرخانی دیاریکراو و بڕیاربدەین کە چەند شوێنێکی تر پێویستیان بەو ژێرخانانە نییە؟**

نا نازانین، لە لایەنی سیاسیشـــەوەش ئەوان وای دەبینن کە ڕاستیەکان بە دەردەخات هەندێك لایەن حەز دەکەن خۆیان لە ڕاستیەکان بشارنەوە.))

**بەسیاسیکردنی**
**پرۆسەی سەرژمێری**

لایەنێکـــی کە لەم وتووێـــژە لەگەڵ بەڕێز عەلی ســـندی وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی لیژنەی باڵای سەرژمێری لەهەرێمی کوردستان تاووتوێمان کرد، مەسەلەی بەسیاســـیکردنی ئەم پرۆســـەیە و دروستکردنی ئاستەنگی سیاسییە بۆ دواخستنی پرۆسەکە یان پرۆسەکە بەکەموکورتی ئەنجامبدرێت، سەبارەت بەم پرســـەش بەڕێزی بەمجۆرە ڕای خۆی خستە ڕوو وتی : ( گومانی تێدا نییە هەوڵێك لە ئارادایە بۆ ئەوەی سەد دەر سەد سەرژمێرییەکە بەسیاسی بکرێت و بە کاربهێنرێت بۆ کۆمەڵێك مەبەســـت و ئەجێندا کە ڕەنگە لێرە کۆمەڵێکیان ئاشـــکرابێت و هەندێکیشـــیان ئاشـــکرا نەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە، دوو خاڵـــی زۆر گرنگ هەیە یەکەمیان ئەوەیە کە دەبێت وەزیـــری پلاندانی عێراق ئەمە باش بزانێت کە لەڕووی یاســـایەوە بۆی نییە ئەم کارە ئەنجام بدات و تەحەداشـــی دەکەین چونکە بە پێی یاسای ژمارە ٤٠ی ساڵی٢٠٠٨ بڕگەی یەکەم کە ئەو یاســـایە بنەمـــای کاری ئێمەیە و ســـەرژمێری بە پێی ئەو یاسایە ئەنجام دەدرێت، پرۆسەی ســـەرژمێری لە عێراق دا مەبەست لێی کۆکردنەوەی زانیاریە لەســـەر بـــاری ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەندروســـتی و ئاین و نەتەوەیی دانیشـــتووانی عێراق کە لە نێو خودی یاساکەدا هاتووە، لەگەل کۆمەڵێکی مەسەلەی دیکە، هەر یەکێك لەمانەی ناویان هاتووە پەیوەســـتە بەوەی دەبێـــت حکومەت لە بوارەکانـــدا پرۆژە ئەنجامی بدات، هەموو کەسێك بە پێی پێوەرەکان لە هەموو جیهان ئازادە لەوەی چۆن تەعبیر لە خۆی بکات، لە هەموو ســـەرژمێرییەکانی جیهان ئەمە پێڕەو دەکرێت و لەبەر ئەوە دەســـتووری عێراق ڕەچاوی ئەو پێوەرە نێو دەوڵەتیانەی کردووە، بۆیە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات مەسەلە تەنیا بۆ عاتیفەو سیاسەت و ئازادیی نییە، بەڵکو پەیوەستە بە خزمەتگوزاری حکومەتـــەوە، هەر بۆنموونە پێویســـتە بزانین لە چ شوێنێك پێویســـتە مزگەوت یاخود کڵێسەیەك بونیادبنێیـــن، لە نێو دەســـتووری عێراقدا هاتووە خەڵکی هەر ناوچەیەك قوتابخانەی بۆ دروســـت بکەین بۆ ئەوەی خەڵك بە زمانی دایك بخوێنێ، تۆ ئەگەر پرســـیاری نەتەوە نەکەی چۆن دەزانی ئەو ناوچەیە پێویستی بە قوتابخانە هەیە بۆ ئەوەی بەزمانـــی دایك بخوێنێت، بۆیە بە پێی یاســـا و هەموو پێوەرێك وەزیری پلاندان ناتوانێت پرسیاری نەتەوە لە نێـــو فۆرمەکە لاببات، پێشـــوەختیش وەزیـــری پلاندانان دەزانێ کە هەڵوێســـتی ئێمە هەڵوێستێکی ڕوونە، ئێمە بۆ هەرێمی کوردستانیش قبوڵ ناکەین پرسیاری نەتەوە نەبێت، لەبەر ئەوەی لە هەرێمی کوردستانیش بێجگە لە کورد نەتەوەی دیکـــە هەن و دەبێت بزانرێت ئەو نەتەوانە چەندن، بە بۆچوونـــی ئێمە ئامانجی عەلـــی بابان لەو پێشـــنیارە ئەوەیە هەرێمی کوردســـتان ڕابکێشێتە هەڵوێســـتێك کە بایکۆتی ســـەرژمێری بکات و ئێمەش بەشدار نەبین سەرژمێری ئەنجام نادرێت، هاوکات بەرنامـــەی وەزیری پلاندانانی عێراق لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا ئەوەبووە سەرژمێری ئەنجام نەدرێت لە بەر هەر مەبەســـتێك کە لە ژێر سەری ئەودا بێت کە ئێمە نازانین چییە.هەر بۆیە بەردەوام ئاســـتەنگی بۆ پرۆسەکە دروستکردووە و چەند ئەو ئاستەنگانە چارەسەریش کرابن هەوڵیداوە ئاســـتەنگی دیکە دروســـت بکات،ئەگەر نا لەو هەشت سەرژمێرییەی لە ساڵانی (١٩٢٧-١٩٣٤-١٩٤٧-١٩٥٧-١٩٦٥-١٩٧٧-١٩٨٧-١٩٩٧) ئەنجامدراون، هەندێ جار پرسیاری نەتەوە نەبووە، بەڵام پرسیاری زمانی دایك دەکرا، بەڵام لە ١٩٥٧ و دواترەوە پرسیاری نەتەوە هەبووە لەبەر ئەوەی بە هیچ شێوەیەك لابردنی پرسیاری نەتەوە سروشتی نییـــە، دووبارەی دەکەمەوە مەرامە سیاســـییەکە ڕاکێشانی هەرێمی کوردستانە بەو هەڵویستەی کە ڕەوتی سەرژمێرییەکە ئەنجامنەدرێت)) .

**هیچ گەرەنتیەك نییە**
**سەرژمێری لەکاتی خۆی ئەنجامبدرێت**

لە نێو بوونی ئەو ئاڵۆزیانەی ڕۆژانە ڕووبەڕووی پرۆسەی سەرژمێریەکە دەبنەوە، پرسیاری ئەوەمان لەبەڕێـــز عەلی ســـندی کرد، ئایـــا چاوەڕێی ئـــەوە دەکرێت جارێکی دیکەش ســـەرژمێرییەکە دوابخرێـــت، یان لـــەو کاتەی بۆی دانـــراوە بە مســـۆگەری ئەنجامدەدرێـــت؟ لەوەڵامـــی ئەم پرسیارەدا وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان بەم ڕاشـــکاوییە وەڵامـــی داینەوە و وتـــی : ((هیچ گرەنتیەك نییە کە ســـەرژمێری لە (١٢\٥) ئەنجام بدرێـــت، چۆن پێش ١٠\٢٤ پارێزگاری نەینەوا دەســـتی خستەناو کاروباری تەکنیکی پرۆسەکە و مەشق پێکردن و پێگەیاندنی خولەکان و ئەو بەشـــەی لە پارێزگای نەینەوا کە لەبەر دەستی ئەوانە چۆن دەستی تێوەردا و دەبوو ئەوکاتە بەپێی یاسا قســـە و لێپێچینەوە لەگەڵ پارێزگاری نەینەوا بکرابایە، چونکە پارێزگار ئەو دەسەڵاتەی نییە و حکومەتی عێراقی چاوپۆشی لێی کرد و بەپێچەوانەوە پرۆســـەکەی دواخست و ئەمەش یەکێك بـــوو لە ئامانجەکانی پارێزگاری نەینەوا، ئیســـتاش چ پارێزگاری نەینەوا چ هەر پارێزگارێکی دیکە یان خودی عەلی بابان هیچ زەمانەتێك نییە، چونکە ئەوان گەیشـــتونەتە ئەو باوەڕەی کە دەتوانن سەرپێچی یاسا بکەن و بۆیان دەچێتە سەر، لەبەر ئەوەی بەپێی یاساکانی عێراقی هیچ گرەنتیەك نییە، هەرچەندە بڕیاری دادگای ئیتحادی هەیە کە لە ســـاڵی ٢٠١٠سەرژمێری ئەنجـــام بدریت و ئەگەر ئەنجام نەدرێت لەلایەنی یاســـایی حکومەتی عێراقی بەرامبەر بە دادگا بەرپرسیار دەبێت .))

**ئامار جێبەجێ کردن و دانانی سیاسەتێکی نوێیە کە پەیوەستدار بێت بە هەموو لایەنەکانی ژیان لە عێراقدا**

## تاریق حەرب پسپۆری یاسایی بۆ گوڵان:

# لادانی خانەی پرسیاری نەتەوە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە


**ئەگەر سەرژمێریی ئەنجام نەدرێت لەلایەنی یاساییەوە حکومەتی عێراق بەرامبەر بە دادگا بەرپرسیار دەبێت**

سەرەتا و لە دەسپێکی ئەم وتوویژەمان لەگەڵ پسپۆری یاسایی عێراقی، پرسیاری ئەوەمان ئاراستە کرد بۆچی گرنگە هەر ١٠ساڵ جارێك سەرژمێری ئەنجامبدرێت و لەعێراقدا ئەمە جێبەجێ ناکرێت ؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا تاریق حەرب بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن و وتی : ((پێش هەموو شتێك، ئامار هەموو ١٠ ساڵ جارێك ئەنجام نادرێت، بەڵکو خشتەی کارەکان وادانراوە کە ئاماری گشتی هەموو ١٠ ساڵ جارێ ئەنجام بدرێت. بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە سەر بنەمای یاسایی، مەبەستم لە یەکەمین یاسای ئامار، ناوی لێنرا «یاسای هەژماردنی نفوس»، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بوو کە «ناسنامەی باری شارستانی» پێی دەووترا «دەفتەر نفوس». ئەم یاسایە ساڵ ١٩٢٧ دەرچوو و یەکەمین پرۆسەی ئامار ساڵی ١٩٣٤ ئەنجامدرا، بەپێی ئەم یاسایە هاتووە: «ئامار ئەنجامدەدرێت لەماوەیەك کە لە ٥ ساڵ کەمتر نەبێت.» مەبەستم لە ئاماری گشتییە. بەڵام جێبەجێکردنی یاساکە بەو شێوەیە بوو کە هەموو ١٠ ساڵێك ئەنجام بدرێت. بۆ نموونە، ئامار لە عێراق ئەنجامدراوە لە ساڵانی ١٩٧٧، ١٩٨٧، ١٩٩٧، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە سەر یاسا سەرەکییەکە دەبینین نووسراوە پێویستە لەماوەی ٥ ساڵ یان زیاتر ئەنجامبدرێت. وڵاتانی بیانی و پەیوەندیدار پێیان وایە کە پرۆسەکانی ئامار دەبێت بەمایەی دابینکردنی نیشانە و داتا کە یاریدەدەر دەبێت لە خۆلادان لە هەندێ لە دیاردە و رووداوی چاوەڕوان نەکراو، یاخود لەبارەی پلاندانان بۆ سیاسەتی نوێ، ئەنجامدانی ئاماری ساڵانە و ئاماری مانگانە و ئاماری رۆژانە زۆر پێویستە و لەهەموو بوارەکانی ژیان. بەڵکو لەمەش زیاتر، پێشکەوتنی وڵات بە خێرایی ئەنجامدانی پرۆسەکانی ئامار پێوانە دەکرێت، لەبەرئەوەی پرۆسەکانی ئامار زۆر پێویستە لەبارەی دابینکردنی زانیاری و نیشاندەر و داتاکان کە دەبێتە مایەی ئەنجامدانی پلاندانانی گشتی، هەروەها ئایندەی وڵات بەم نیشاندەر و زانیارییانەوە بەندە.))

**دەستنیشانکردنی نەتەوایەتی لە سەرژمێریدا هیچ زیانێکی لێناکەوێتەوە**

### پێشنیاری لابردنی خانەی نەتەوە هەڵەیەك بوو کرا

سەبارەت بەو پێشنیارەی کە وەزیری پلاندانانی عێراق داوای کردووە پرسیاری نەتەوە یان خانەی نەتەوە لەفۆرمی ئامار لاببرێت، پسپۆری یاسایی و تاریق حەرب بەمجۆرە وەڵامی ئەو پیشنیارەی دایەوەو وتی : ((سەرژمێری گشتی بۆ دانیشتووان بریتییە لەهەموو چالاکییەکان، چالاکییە ئابوری و کۆمەڵایەتی و تەندرووستی و پەروەردەیی ...وهتد. لە زمنی ئەوانەش، ئەنجامدانی ئاماری دانیشتووەکان بەپێی ئایین و نەتەوە و ئیتنی و ئاستی خوێندەواری و باری کۆمەڵایەتی و گوزەرانی و باری خێزانی و هاوسەرگیریی هاوڵاتیان ..تاد. ئەگەر بێت و بە مێژوو بگەڕێینەوە و لە یەکەمین یاسای ئامار کە دەرچووە بڕوانین، دەبینین چەندین پڕۆسەی ئامار ئەنجامدراوە کە پەیوەستدار بووە بە نەتەوایەتی و هەروەها پەیوەستدار بووە بە ئیتنییەت (مەزهەب)، ئەمە شتێکی جێگیر و نەگۆڕە. ئێستاش گرنگ نییە چی دەووترێت یان چ پڕۆپاگەندەیەك بڵاودەکرێتەوە، تاکو ئەم ساتە، کە ئەمڕۆ پێنج شەممەیە و ئێستا کۆتایی دەوامی فەرمییە، هیچ رێنماییەك یان بڕیارێکمان نەبینیوە دەربچێت لەبارەی لادانی خانەی نەتەوایەتی لە ئاماری دانیشتووان، لەبەرئەوەی هەروەك کە هەمووشمان دەیزانین، ئەوەی کە نەگۆڕە لە لامان بەپێی یاسای ژمارە ٤٠ بۆ ساڵی ٢٠٠٨، یاسای ئاماری دانیشتووان و ماڵەکانە. من ئەم شتە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران دەگەڕێنمەوە، بەواتایەکی تر، پێویستە پێشنیاری لادانی خانە یان بڕگەی تایبەت بە نەتەوایەتیی دانیشتووان پێشکەش بە ئەنجوومەنی وەزیران بکرێت بۆمەبەستی پەسەندکردنی. منیش لەو بڕوایەدانیم کە ئەنجوومەنی وەزیران رەزامەند بێت. دەکرێ وەزارەتی پلاندانان پێشنیارێك بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بەرزبکاتەوە، بەڵام لەوانەیە ئەنجوومەنی وەزیران رەزامەند بێت و لەوانەشە رەتی بکاتەوە. بەڵام من لەو بڕوایەدام کە ئەنجوومەنی وەزیران رەزامەند نابێت. بەرپرسەکانی ئامار هەڵەیانکرد کاتێك پێشنیاریانکرد لەسەر لادانی خانەکە، هەروەها هەڵەکەیان دووبارە دەکەنەوە ئەگەر بێت و رەزامەندبن لەسەر لادانی. ئەم زانیاری و داتایانە بریتین لە زانیاریی ئامار و پێویستە پێشکەش بکرێت. لەبەرئەوەی ئێمە لە عێراق و بەپێی تەشریعات و لایەنە فەرمییەکاندا ١٤ مەزهەبی کرستیانمان هەیە، ١٤ تایفەی کرستیان، ئاماژەدان بەم راستییە چ زیانێکی لێ دەکەوێتەوە؟ چ زیانێك دەکەوێتەوە لە دەستنیشانکردنی نەتەوایەتی؟ ئێمە رێژەی لە ٪١٧.ی بودجەکە بە هەرێمی کوردستان دەدەین، کێ دەتوانێت بڵێت کە لەوانەیە ئامارەکە دەریبخات کە هەرێمی کوردستان ٪١٥.یە یان لە.٪١٦یە؟ ئامار سوودی هەیە لەبەرئەوەی دابەشکردنی بودجەکە بەپێی ژمارەی ئامارەکان ئەنجام دەدرێت، هەربۆیە دەستنیشانکردنی نەتەوایەتی هیچ زەرەر و زیانێکی لێ ناکەوێتەوە. زەرەر و زیانەکان لەو کاتەدا روودەدات کاتێك ئامار بۆ مەبەستی سیاسی بەکاربهێنرێت. دادگای ئیتیحادی-ش زۆر بە روونی ئاماژەی پێداوە کاتێك وتی کە ئاماری دانیشتووان شتێکە و ئامار لە ناوچە جێناکۆکەکان، وەکو کەرکوك، شتێکی ترە. لەبەرئەوەی ئەمە ئامارێکی گشتییە و کە پەیوەستە بە مەسەلە و لایەنەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و..تاد. لەکاتێکدا ئەو ئامارەی تر کە تایبەتە بە ماددەی ١٤٠ ئامارێکی تایبەتە، بەشێوەیەك کە تەنانەت کە ئەگەر هات و ئاماری گشتیش-مان ئەنجامدا، پێویستە ئەم ئامارە تایبەتەش ئەنجام بدرێت. با کەرکووك وەکو نموونەیەکی دیار وەرگرین، لە دووایین هەڵبژاردندا کەرکوك بۆمانی ئاشکراکرد کە رێژەی کورد لە کەرکوك نیوەیە و عەرەب و تورکمانەکانیش نیوەن، کەرکوك خاوەن ١٢ کورسییە، ٦ کورسی کوردە و ٦ کورسییەکی تریش عەرەب و تورکمانە. بەواتایەکی تر و بەپێی ئەم واقیعە، لێرەدا دەتوانین بڵێین کە گەیشتووینەتە ئەو ئەنجامەی کە ژمارەی کوردەکان یەکسانە لەگەڵ ژمارەی عەرەب و تورکمانەکان لە شاری کەرکوك. بەڵام ئایا دەتوانین پشت بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکان ببەستین بۆ زانینی رێژەی راستەقینەی نەتەوەکان؟ بێگومان وەڵامەکە «نەخێر»ە. زۆر ئاساییە گەر پرۆسەی ئامار ئەنجام بدەین و بگەینە ئەو ئەنجامەی کە رێژەی کورد لە.٪٦٠ و رێژەی عەرەب و تورکمانەکان ٪٤٠.ە، لەبەرئەوەی ئەمانە بۆ مەبەستەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتییە. بەڵام ئەگەر بێت و هەوڵ بدەین بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، بەپێی دەستوور و یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی لە قۆناغی گواستنەوە، پێویستە پرۆسەی ئامار ئەنجامبدرێت، لەبەرئەوەی سەرەتا «تەتبیع» هەیە، دوای «تەتبیع» ئامار دێت، پاشان «ریفرِاندۆم» ئەنجام دەدرێت. بەڵام لێرە بەپێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بکەم کە ئەو هەڵەیەی کە ئەنجامانداوە و وەکو نەزان ئەو هەڵەیەی کە تێی کەوتووین ئەوەیە کە ئێمە ئامارمان بۆ مەبەستەکانی سیاسی بەکارهێناوە، لەکاتێکدا کە ئامار جگە لە لایەنی سیاسی مەبەستی دیکەی



لەپاڵدا هەبووە، ئێمەش دووچاری ئەم هەڵەیە بووینە و هەڵەیەکی زۆر گەورەیە. پێویستە بگەڕێینەوە سەر ئەنجامدانی پرۆسەی ئامار لەسەر بنەمای ئابووری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و تەندروستی و دوور لە مەبەستەکانی سیاسی، لەبەرئەوەی بەپێچەوانەوە ناگەینە ئەو ئەنجامەی کە چاوەڕوانی دەکەین. هەر بۆ ئەم مەبەستەش، زۆر بە گرنگی دەزانم خانەی نەتەوایەتی دەستنیشانبکرێت، هەروەها لەگەڵ خانەی تایفەگەری، ئێمە چەندین عەرەبمان هەیە لە سوننە و شیعە و چەندین کوردمان هەیە، وێڕای کریستیان و تورکمانەکان و تایفەکانی تر، چ زیانێکی لێ دەکەوێتەوە کە ئەگەر خانەی تایەفە دانەنێین؟ وڵاتە بیانییەکان لەبەر شتی زۆر سادە و بچووك پرۆسەکانی ئامار ئەنجام دەدەن، لەپێناو زانینی ژمارەی تایفە و گرووپەکان لە وڵاتەکانیان. ئەمە چ زیانێکی لێ دەکەوێتەوە؟ من دەڵێم کە زیانی ئەمە بریتییە لە کەموکوڕی لە عەقڵییەتمان لەبارەی نییەتی پاك و ئامانجە جوان و دروستەکەی پرۆسەی ئامار. هەر بۆیە من دووبارەی دەکەمەوە من لەو بڕوایەدانیم کە خانەی دەستنیشانکردنی نەتەوایەتی لابدرێت، بەتایبەتی پاش دەرچوونی بڕیارەکەی دادگای باڵای ئیتیحادی. هاوکات بەهیچ شێوەیەکیش لەو بڕوایەدانیم کە ئەنجوومەنی وەزیران ڕەزامەندیی دەربڕێت لەسەر لادانی ئەم خانەیە. من پێموایە کە ئەمە شتێکی مەحاڵە و هەرگیز روونادات، لەبەرئەوەی یاسا و دەستوور ئەم شتەیان دەستنیشان نەکردووە، دەستوور، تەنانەت گەر دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ بێت، یان یاسای ژمارە ٤٠٦ بۆ ساڵی ٢٠٠٨، دەستمانی بەستۆتەوە. بەڵام گریمان تۆ وەکو جێبەجێکاری ئامار، ئەگەر هاووڵاتیان لەسەر نەتەوایەتییان پۆلین نەکەیت، ئیتر لەسەر چ بنەمایەك پۆلینیان دەکەیت؟ ئەم قسەیە نە لەڕووی لۆژیکەوە دروستە و نە لەڕووی واقیعەوە. نموونەیەکی زۆر سادە و بچووك، بۆ نموونە تۆ دەتوانی لە هەولێر-ەوە یان لە سلێمانی-ەوە بە ئۆتۆمبیلەکەی خۆت بۆ شاری بەغدا بڕۆیت، تۆ پێشوەختە مەودا و پێوەری ڕێگەکە دەزانیت و لەو ڕاستییە بەئاگای کە نزیکەی ٦ – تاکو ٧ کاتژمێر دەخایەنێت تاکو بگەیتە بەغدا، ناتوانی بڵێی شتەکە ئاسانە و من بە ٢ کاتژمێر دەگەمە بەغدا، لەبەرئەوەی شتەکە روون و ئاشکرایە و ڕێگەکە دیارە و مەودا و کیلۆمەترەکان زانراوە. وێڕای ئەوەی کە یاسا و دەستوور ئەم شتەی دیاری نەکردووە، بەڵام مرۆڤ هۆش و بیر و مێشك و دەست و پێ و چاوی هەیە و شتەکە بیرکردنەوەی ناوێت و لەڕووی لۆژیك و واقعییەوە پێویستە پرۆسەی ئامار ئەنجامبدرێت بە دەستنیشانکردنی نەتەوایەتی. بەڵێ، یاسا و دەستوور ئەم شتەی پێناسە نەکردووە، بەڵام کاتێك کە دەستوور پێناسەی ئاماری کردووە کە ئامار بریتییە لە کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لەبارەی کاروبارەکانی کۆمەڵایەتی، ئەی کاروباری کۆمەڵایەتی چ واتایەکی هەیە؟ بەواتای نەتەوایەتیی هاوڵاتیان، بەواتای پۆلێنکردنی هاووڵاتییەکان لەسەر بنەمای ئایین و نەتەوە. دوبارەی دەکەمەوە و دەڵێم کە هیچ بڕیارێك نییە و نابێت لەبارەی لادانی توخمی نەتەوایەتی، لەبەرئەوەی لادانی خانەی نەتەوایەتی هەڵەیەکی زۆر گەورەیە و لەئاکامدا ئامارەکە ئامارێکی کەم وکوڕ و کەمتەرخەم و بڕاوی لێ دەردەچێت.))

## گرنگی ئامار و ئامادەباشی کورد

سەبارەت بەوەشی کورد ئامادەباشیەکی بەرچاوی بۆئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە هەیە و لەهەمانکاتدا هەست ناکرێت لایەنەکانی دیکە ئەو ئامادەباشیەیان هەبێت، لەمبارەوە تاریق حەرب بەمجۆرە وەڵامی ئەم پرسیارەی دایەوە و وتی : ((من لەگەڵ ئەو پۆلێنەی ئێوە هاوڕانیم لەبارەی ئەوەی کە کوردەکان بەپەرۆشن بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی ئامار و ئەوانی تر بەپەرۆش نین، بەڵام هاوکات دروستە، ژمارەیەکی زۆر کەم ترسی هەیە و بەپەرۆش نییە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی ئامار. هەر مرۆڤێك کە لە هەر کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا دەژی پێویستیی بە ئەنجامدانی پرۆسەی ئامار هەیە. ئەگەر ئیجرائاتی تەندروستی لەبەردەستمان نەبێت ئیتر چۆن دەتوانین نەخۆشخانەکان دروست بکەین؟ ئەگەر ئاماری پێوەندیدارم نەبێت چۆن دەتوانم شەقامەکان دروست بکەم؟ چۆن بتوانین بەبێ ئامار ژمارەی زانکۆکان و قوتابخانەکان دەستنیشان بکەم بۆ بونیاتنان؟ بەبێ ئامار چۆن دەتوانین بڕیاربدەین لەسەر پێویستیی هەندێ شوێن بۆ هەندێ ژێرخانی دیاریکراو و بڕیاربدەین کە چەند شوێنێکی تر پێویستییان بەو ژێرخانانە نییە؟ ئامار ژمارە راستەقینەکان دەستنیشان دەکات، بۆ نموونە بە ئامار دەردەکەوێت کە شاری کەرکوك شوێنێکی سەرنج راکێشە، «قەرەهەنجیر» شوێنێکە کە دانیشتووەکانی بەجێی دەهێڵن و روو لە کەرکوك دەکەن. هەربۆیە، لەسەر بنەمای زانیاری و ژمارەکانی ئامار دەتوانم بڕیار بدەم کە ناوچەی «س» لە شاری کەرکوك پێویستیی بە هەندێ پڕۆژە و ژێرخان و پلانی دیاریکراودا هەیە، لەبەرئەوەی ئەم ناوچەیە شوێنێکە کە زۆربەی هاوڵاتیان رووی لێ دەکەن، لەکاتێکدا «قەرەهەنجیر» پێویستیی بەو پڕۆژە پلانانە نییە، بۆ؟ لەبەرئەوەی بەپێی ئامارەکان بۆم دەرکەوتوە کە ژمارەی دانیشتووانی «قەرەهەنجیر» روو لە کەمی دەکات. بۆ نموونە لەبەرئەوەی شاری بەسرە نزیکە لە ئاو و ئەگەر هات و زۆربەی دانیشتووانی بەسرە خاوەن بڕوانامەی «دەریایی» بوون، ئەو کات دەتوانین بڕیاربدەین لەسەر دامەزراندنی زانکۆیەکی دەریایی لە شاری «بەسرە»، نەك لە شاری «سلێمانی». نموونەیەکی تر: دەبینم دانیشتووانی ناوچەیەك زمانی بیانی دەزانن، دەڕۆم لەو ناوچەیە کۆلێژی زمانەکان دەکەمەوە. بەم شێوەیە، مەسەلەکە تەنیا پێوەندیی بە یەك لایەنەوە نییە، بەڵکو پێویستە لەسەر مرۆڤ لە هەموو گۆشەکانەوە لە مەسەلەکاندا بڕوانێت. هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێدا کە وڵاتانی بیانی چەندین جۆری ئاماریان هەیە، ئاماری رۆژانە و ئاماری هەفتانە و ئاماری مانگانە و ئاماری ساڵانە، وێڕای ئامار بۆ ژمارەی دانیشتووان، ئامار پرۆسەیەکی گرنگ و پێویستە. بۆ نموونە هەموو مرۆڤێك حیساباتی خۆی هەیە و کات و سات و مەودا و ڕێگەی شوێنەکان دەزانێت، ئەگەر هەرکەسێك بیەوێت لە «سلێمانی»یەوە بۆ «بەغدا» بڕوات، ئەوە لایەنی کەمەوە پێویستیی بە ٥ – تاکو ٦ کاتژمێر دەبێت تاکو بگاتە «بەغدا». ئەگەر کەسێك تەلەفونی بۆتکرد و وتی پاش ٢ کاتژمێر لە «سلێمانی»یەوە دەگەمە «بەغدا» ئەو کات تۆ پێی دەڵێی نەخێر وانییە، تۆ خۆت ڕێگەکە دەناسیت و دەزانیت چەند کاتژمێری دەوێ، تۆش خاوەن حیسابات و ئاماری، مەحاڵە زووتر لەکاتی تەواوی خۆت بگەیت. هەربۆیە، من پێموایە کە پرۆسەی ئامار گرنگترین و مەترسیدارترین و مەزنترین پرۆسەیە کە پشتی پێ ببەستین لە مەسەلەکانی پلاندانان و جێبەجێ کردن و دانانی سیاسەتێکی نوێ کە پەیوەستدار بێت بە هەموو لایەنەکانی ژیان لە عێراق.))

**پێویستە پێشنیاری لادانی خانە یا بڕگەی نەتەوایەتی دانیشتووان پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران بکرێت بە مەبەستی پەسەندکردنی**

**گەر هاوڵاتییان لەسەر نەتەوە پۆلێن نەکرێت، لەسەر چ بنەمایەک پۆلێنیان دەکەیت**

# ناوی کوردی
# پارێزەری ناسنامەو بەرهەمەکانمانە لەنێو گەلاندا



**عەبدولڕەحمان سدیق**

(نـــاو) ئەو هۆکارە دێرینەیـــە کە هەزاران ساڵە، مرۆڤەکان بەیەکترو، بەتەواوی شوێن و کات و شتەکان ئاشنا دەکات و دێرینی و جوانیی خۆیشی لەناوە پیرۆزەکانی خواوە وەرگرتووەو، بڵاوبوونەوەشی لەفەرهەنگی یەکەم مرۆڤی سەر ئەم زەمینەوە (ئادەم) — علیه السلام- بۆ دەستەبەر بووە [ وعلم آدم الاسماء کلها ] البقرە ٣١، . بەردەوام بوون و نوێبوونەوەیشـــی، لەچالاکییە بەردەوام و نوێیەکانی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتووە.

ئیـــدی لـــەو ڕۆژەوەش کەخـــوای گەورە زمانە جیاجیاکانی گـــەلان و نەتەوەکانی ســـەرزەمینی بەنیشـــانەی دەســـەڵات و توانای بێ ســـنووری خـــۆی دانا [ ومن آیاتە خلـــق الســـموات والارض، واختلاف السنتکم والوانکم ] (الروم — ٢٢)، تاك و کۆی هـــەر نەتەوەیەکیش وەکو ئیرادەیەکی خوا ویســـتانە، لەهەوڵی ناولێنانی خەڵك و شوێن و شتەکان بوونە بەزمانی خواکردی خۆیان.

نەتـــەوەی کوردیش کە کوردســـتانەکەی لانکەی دووەمی مرۆڤایەتی و ســـەنتەری دیموگرافـــی هەمـــوو جیهانـــە، لەدوای لافاوە مەزنەکـــەوە، ئەمیش وەکو مافێکی سرووشتی خۆی ناوی کوردی لە (تاك) و (خاك) و (شوێن) و (شتەکان) ناوە تا ئەو کاتەی کە سەربەست و خاوەن بڕیاربوبێت، لەمـــە بـــەدەر، داگیرکەرانی کوردســـتان هەوڵی زۆریان داوە لەپێناوی ســـڕینەوەی مۆرکی زمانە ڕەسەن و خواکردەکەی، بەڵام چونکە کورد لەژێر هیچ جۆرە فشارێکدا، ئامادە نەبووە سەربەستی کەسێتی و زمان و فەرهەنـــگ و کەلەپووری خۆی لەدەس بدات، بۆیـــە زۆربەی هەوڵـــی نەیارانی بەفیڕۆچووە.

لەگـــەڵ ئاشـــنابوونی گەلـــی کوردیش بەئایینی ئیسلام و قبوڵکردنی ئیسلام وەکو ناســـنامەی عەقائیدی بۆ کـــورد بوون و ناسنامەی نەتەوایەتی خوا کردی و، وەکو دەربڕینی خۆشەویســـتی خۆی و، ڕێزی بێسنووریشـــی بۆ ئایینی ئیســـلام، ناوی زۆرێك لەکـــوڕان و کچانی خۆی بەناوی یـــاران و هاوەڵانی پێغەمبەر — صلی اللە علیە وســـلم — و، موسڵمانانی پێشینانەوە ناو ناوە.

تا ئێرە مەلەســـەکە تاڕادەیەك ئاســـایی بووە، بەڵام ئەوەی نا ئاســـایی بووە ئەوەیە کەهەندێـــك لەموســـڵمانانی عـــەرەب تا ئێستاش وایان زانیوە کەناولێنانی مناڵانمان بەناوی عەرەبی و ئیسلامییەوە فەرزێکی دینییە!!

لەکاتێکدا فەلسەفەی ناولێنان لەئیسلامدا ڕوو لـــەوە دەکات کەهـــەر مرۆڤێك لەهەر نەتەوەیەك بێـــت، ئـــازادەو مافی ڕەوای خۆشـــیەتی کەنـــاوی بـــەکار هێنـــراو و داهێنراوی نێو نەتەوەکەی خۆی بۆ مناڵ و شـــوێن و شـــتەکانی دەوروبەری بەکار بهێنێ.

لەمەشـــدا ئیســـلام تەنیـــا ئـــەوە بەهەند هەڵدەگرێت، کەناوی بەکارهێنراو مانایەکی جوان ببەخشـــێت، بۆیە پێغەمبەر — صلی اللە علیە وســـلم — ئەگـــەر ناوی چەند کەسێکیشـــی گۆڕیبێ، ئەوە تەنیا لەبەر ئـــەوە بووە کەناوەکـــەی مانایەکی باش و جوانی نەبووە، هەرچەندە خودی ئەو ناوانە عەرەبیش بوونە، بەڵام لەلای پێغەمبەر — صلی اللە علیە وســـلم — گرنگ نەبووە ناوەکان عەرەبی بن، بەڵکو لەلای ئەو ئەوە گرنگ بووە کە (مانـــا)ی ناوەکان جوان بن، بۆیە — ابـــن القیم — دەڵێت : (وکان — صلی اللە علیە وسلم — یستحب الاسم الحسن).

هـــەر لەبەر ئەمـــەش بوو ئـــەو ناوانەی کەماناکانی خراپ بـــوون، دەیگۆڕی بۆ ناوێـــك کەمانایەکی باش ببەخشـــێت بۆ نموونە (عاصیة) واتە (یاخی بوو) گۆڕی بـــۆ (جمیلة) واتە (جـــوان)، (حزن) واتە (سەخت) گۆڕی بۆ (سهل) واتە (تەخت) ئەمەو چەندین ناوی تری وەکو (عاصی) و (عزیر)و (عبلة) و (شیطان) و (حکم) و (غراب) و (خباب)ی گۆڕی.

هەروەها (شـــهاب)ی کرد بە (هشـــام)، (حرب)ی گۆڕی بە (سلم)، (المضطجع)ی گۆڕی بە (المنبعث) و (ارضا عفرة)شـــی کرد بـــە (ارضا خضرە) و (شـــعب الضلالة)ی کرد بە (شـــعب الهدی) (بنو الزینە)ی کرد بە (بنو الرشدة) و . تاد.

(بڕوانە — زاد المعاد — ابن القیم — لاپەڕە (٥) بەرگی/٢)

هەموو ئەم گۆڕانکارییەش ئارەزوومەندانەو

قەناعەت پێکردنی خاوەنی ئەو ناوانە بووە نەك بەزۆر، بۆیە لە (صحیح)ی (بوخاری) دا هاتووە کە: (عن سعید من المسیب عن ابیـــە عن جده (حزن) انـــە اتی النبی – صلـــی اللە علیە وسـلم – فقال لە : ما اسمك ؟ قال: حزن، فقال: انت (سهل) قال لا اغیر اسما سمانیە ابي).

واتـــە کاتێك پێغەمبەر – صلی اللە علیە وســـلم – پێی باش بوو ناوی (حزن) واتە (ســـەخت) بکاتە (ســـهل) واتە (تەخت) خاوەنی ناوەکـــە رازی نەبوو، بەڵکو وتی: حەز دەکەم ناوێك نەگـــۆڕم کەباوکم لێی ناوم.

بۆیە پێغەمبەر – صلی اللە علیە وســـلم – سەرپێشـــکی کـــردو، هیچ زۆریشـــی لێ نەکردو، ئەم هەڵوێســـتەی کابراشـــی بەگوناھ لەقەڵەم نـــەدا، لەبەرئەوە – ابن القیم – لە (مفتاح دار السعادة)دا دەڵێت: (فلم ینکر علیە النبی – صلی اللە علیە وســـلم – ولا اخبرە بان ذلك معصیة، بل سکت عنە، وکذلك لما غیر اسم (السائب) فأبوا تغییرە، لم ینکر علیهم).

لێـــرەوە بۆمان دەردەکەوێـــت کە لەپێناوی پاراستنی مۆرك و فەرهەنگی نەتەوەییماندا، ئێمـــەی کوردو هـــەر نەتەوەیەکی تریش، ئازادین لەهەڵبژاردنـــی ناوی کوردی بۆ ناولێنانی منداڵانمان و شوێن و شتەکانمان، لەرووانگەی ئەوەی وشـــەو ناو و زمانی نەتەوەییمـــان خواکردە، بەکارهێنانیشـــی جێگەی رەزامەندیی خۆیەتی.

ئەمەش رێگـــە ناگرێت لەهەر کەســـێك کەناوی پێغەمبەران (علیهم السلام) یاران و شوێن کەوتووانی لەمنداڵانی بنێت، بەڵام لێرەدا ئـــەوە گرنگە کەمـــرۆڤ بزانێت، بەکارهێنانی ئەو ناوانە فەرز نین بەســـەر موسڵمان دا، چونکە حەدیس و فەرموودەی لەجۆری (احب الاسماء الی اللە عبداللە وعبدالرحمن) تەنیا ئاماژە بۆ کردنێکە بۆ ناوی جوان هەڵبژاردن نەك فەرزکردنی ئەو دوو نـــاوە، چونکە پێغەمبەر – صلی اللە علیە وســـلم – ناوی (قاسم) و (طاهر) و (ابراهیم)ی لەکوڕەکانی خۆی نا.

هەروەها حەدیسی (تسموا باسماء الانبیاء) یش گەرچی لەلای (ابو داود) و (نسائي) و (طبرانـــي) و (بیهقـــي) و (بخاري)یش لـــە (الادب المفـــرد) و (الدولابي)یش لە (الکنی)دا هاتووە، بەڵام لە (اقباس الانام فی تخریج احادیـــث الاحکام)ی (د.خالد رشید الجمیلي) کەلە پەراوێزی (الاحکام السلطانیة)دا نووســـیویەتی دەڵێت: (جمع تلـــك الروایات من طریق محمد بن مهاجر قال: حدثني عقیل بن شبیب عن ابي وهب الجشـــمي وکانت لە صعبە قال، قال رسول اللە – صلی اللە علیە وســـلم – تسموا باسماء الانبیاء).

لەدواییدا دەڵێت:

(نقول وهو حدیـــث ضعیف. وقد قال (ابن حجر) في (تقریـــب التهذیب) (٢٩/٢): عقیل ان شـــبیب: مجهول وقال (الذهبي) في (المیزان)(٣/٨٨): عقیبل ابن شبیب عن ابي وهب الجشـــمي بحدیث (ســـموا باسماء الانبیاء) لایعرف هو ولا الصحابی الا بهذا الحدیث).

لەمانـــەی پێشـــەوە بۆمـــان دەردەکەوێت کەنـــاوی کـــوردی و جـــوان و ماناداری وەك (بەختیـــار) و (رزگار) و (جوان) و (شـــنە) و ئەوانی دی کـــە ئەمرۆ بەکار دەهێنرێـــن لەکوردەواریدا، نـــاوی جوان و ماناداری نێـــو نەتەوەکانی تری جیهانی ئیســـلامیش، هەمووی نـــاوی مەقبول و جێگەی رەزامەندی ئایینی ئیســـلامەو، بۆ کەسیش رەوا نییە داوای گۆڕینی ئەو ناوانە بکات، چونکە (ناو)یش رەهەندێکی تری ناســـنامەی نەتەوایەتـــی گەلانەو، ناسنامەی نەتەوایەتی گەلانیش ویست و ئیرادەی خوای گەورەو باڵادەستە.

ئەمە جگە لـــەوەی کەنـــاوی نەتەوەیی کەسێتی نەتەوەیی و بەرهەمی کەلەپووری رۆڵەکانیشـــی دەپارێزێت و، دوای سەدان ســـاڵی تریش گەلانی موسڵمان و جیهان بەگشتی بەئاسانی خاوەنی راستەقینەی ئەو بەرهەمانە دیار دەخەن کەبەشـــدارییان کردووە لە پێکهێنانی خەرمانی کەلتوور و مەدەنیەت و ژیاری ئینسانی.



**فەلسەفەی ناولێنان لەئیسلامدا روو لەوە دەکات کەهەر مرۆڤێک لەهەر نەتەوەیەک بێت، ئازادەو، مافی رەوای خۆشیەتی کەناوی بەکارهێنراو و داهێنراوی نێو نەتەوەکەی خۆی بۆ منداڵ و شوێن و شتەکانی دەوروبەری بەکار بهێنێ**

**ناوی کوردی و جوان و ماناداری وەک (بەختیار) و (رزگار) و (جوان) و (شنە) و ئەوانی دی کە ئەمرۆ بەکار دەهێنرێن لەکوردەواریدا، هەمووی ناوی مەقبول و جێگەی رەزامەندی ئایینی ئیسلامەو، بۆ کەسیش رەوا نییە داوای گۆڕینی ئەو ناوانە بکات**

## تەمەر رەمەزان پارێزگاری دهۆک بۆ (گوڵان ):

# دەبوایە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوشێوەی ئیدارەی گەرمیان ئیدارەیەکیشی بۆ ناوچە دابڕاوەکانی پارێزگای نەینەوا دروست بکردایە

**بەرێز تەمەر رەمەزان پارێزگاری دهۆك لە دیمانەیەکی گۆڤاری گوڵاندا تیشکی خستە سەر دوا پرۆژەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو پارێزگایە و، ئاماژەی بە پلان و بەرنامەکانی پارێزگا کرد، کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نیشتەجێبوون و ئاوو ئاوەڕۆو ڕێگاوبان و تەندروستی و پەروەردە دارێژراون. هەروەها پارێزگاری دهۆك تەئکیدی لەوەش کردەوە کە لە ڕێگای پێشکەشکردنی پاڵپشتی و ئاسانکاری بۆ کەرتی تایبەت توانراوە ئەم کەرتە رۆڵێکی باش بگێڕێت لە پەرەپێدانی پارێزگاکە، لەبەشێکی دیکەی دیمانەکەدا ئاماژەی بەو ئاستەنگ و گرفتانە کردووە کە هۆکارن بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتی یەکە ئیدارییەکان و دابەزینی بڕیار بۆ خوارەوە، لەمەشدا جەختی لەسەر ئەوەکردووەوە چەند دەسەڵاتەکان دابەزێنرێنە خوارەوە هێندە کاری هاوڵاتیان ئاسانتر دەبێت و رۆتین کەمدەبێتەوە و پرۆژەکان خێراتر بەرێوە دەچن،**

**ئەمەش پوختەی دیمانەکەی گۆڤاری گوڵانە لەگەڵ بەرێز تەمەر رەمەزان پارێزگاری دهۆك.**







ماستەرپلانی شاری دهۆک بەیەکێک لەدەستکەوت و پرۆژە گرنگەکان دادەنرێت

### بە تەواوبوونی پرۆژەی ستراتیژی ئاوی دهۆک ئەو پارێزگایە بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ گرفتی کەمئاوی نامێنێت

**گوڵان:** دەکرێت باسێکی پرۆژەو کاری خزمەتگوزارییەکانمان بەشێوەیەکی گشتی لەپارێزگای دهۆک بکەیت؟

**تەمەر رەمەزان:** بارودۆخی دهۆک بەراورد بە پێشتر گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هاتووە، ژێرخانی ئاو و کارەبا و کشتوکاڵ و تەندروستی و پەروەردە گۆڕانکاری پراکتیکی تێیدا ڕوویداوە، بۆ نموونە کەرتی پەروەردە بە ڕێژەی ٨٠٪ بۆ ٨٥٪ رووی لە باشی کردووە و تەندروستیش بە ڕێژەی ٣ تا ٤ جار پێشڤەچوونی بەخۆیەوە بینیوە.

سەبارەت بە پرۆژەکانی ئاوی خواردنەوەش بەرێز پارێزگاری دهۆک گوتی: لە بواری ئاوی خواردنەوە هەنگاوی باشمان بڕیوە دەتوانم بڵێم لە ئاستی پارێزگایەکانی دیکەی هەرێم باشتر بین، پرۆژەی ئاوی قەزای زاخۆ پێش دوو ساڵ تەواو بووە، دوو پرۆژەی دیکەش بۆ قەزای ئاکرێ و ئامێدی لە تەندەردایە، تەنیا قەزای شێخان دەمێنێت ئەویش لەگەڵ بەردەرەش لە هەوڵداین لە ئاوی قەندیل لە ساڵی داهاتوو یاخود دواتر پرۆژەی ئاوی خواردنەوەیان بۆ ئەنجام بدەین. لە رووباری دیجلەشەوە بە بودجەی ٢٩٠ ملیۆن دۆلار پرۆژەیەکی ستراتیژی و پێشکەوتوو بۆ هەردوو قەزای ناوەندی دهۆک و سێمێل دروستکراوە، بە تەواوبوونی ئەم پرۆژە ستراتیژییەی دهۆک بۆ ماوەی ٢٥ ساڵی داهاتوو گرفتی کەمئاوی نامێنێت.

لەمەودا لەبواری نیشتەجێبوون گرنگی بە قەزاو ناحیەکان دەدەین

### شاری دهۆک دەبێتە سەنتەرێکی بازرگانی و ئابووری پێشکەوتوو

**گوڵان:** ئایا لەگەڵ گەورەبوونی شاری دهۆک و پارێزگاکە تا چ رادەیەك توانیوتانە ماستەر پلانێکی پێشکەوتوو دابنێن، تا چ رادەیەکیش دانیشتوانی جێناکۆکەکان لەلایەن پارێزگای دهۆکەوە گرنگی پێ دراوە؟

**تەمەر رەمەزان:** ماستەر پلانی دهۆک دەستی پێکردووە و ماستەرپلانی نوێی شارەوانی دهۆك تەواو بووە و ئێستا لە قۆناغی کۆتاییدایە، بەمەش سنووری شارەوانی دهۆك بەپێی ئەو ماستەر پلانە ئاستی فراوانبوونی بۆ ماوەیەکی دوور درێژ دیاری دەکرێت و مەزندە دەکرێت هاوکات لەگەڵ ئەم فراوانبوونە دهۆك ببێتە سەنتەرێکی بازرگانی و ئابووری پێشکەوتوو، بەڵام ئەوەی ئەرکی سەرشانی ئێمەی وەکو پارێزگای دهۆك قورس کردووە، یەکلایەنەبوونەوەی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکانە کە وایکردووە (شەنگال و زەمار و ناحیەی فائیدە بەشێك لە ناحیەی کەلەك) لەسەر سنووری ئیدارەی پارێزگای دهۆك بێت، چونکە ژمارەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە بە قەد دانیشتوانی پارێزگای دهۆکن واتە نزیکەی (یەك ملیۆن کەس دەبێت) کە لە ناوچە جێناکۆکەکانی سنووری پارێزگای دهۆك دەژین، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا کارە خزمەتگوزارییەکانی ئێمە لەو دەڤەرانە بەردەوامی هەیە، بەڵکو بۆ ناوچە جێناکۆکەکانی تریش ئاستی خزمەتگوزاری و پرۆژەکان زیادی کردووە، بە ڕێژەی ١٠-١٥٪.

لە دهۆک بە ١٠ خاڵی ژن و بە ١٠ خاڵی پیاو فەرمانبەر دەبێتە خاوەنی زەوی

تەنانەت هەندێك ساڵ لە (٢٠٪) ئیمکانیاتی ئێمە بۆ ئەوان دەچێت و خەرج دەکرێت، چونکە خزمەتگوزارییەکان لەلای ئەوان زۆر خراپ بوو، لەبەر ئەوەی بارودۆخی ئاسایش لە موسڵ و لەم ناوچانە لەبار نەبوو، تەنانەت لەو کاتەش کە لیستی برایەتی نەینەوا لە ئیدارەی موسڵ بەشداربوو، کاتێکیش ئیدارەی موسڵ کەوتە دەستی لیستی حەدبا، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی دابڕانێکی گەورە بۆ ئەم ناوچانە بێتە ئاراوە، بۆیە هەر لەسەر بودجەی ئێمە ماون، لە کاتێکدا کە ئیدارەی گەرمیان دروستبوو کە کارێکی زۆر ئیجابییە، دەبوایە بۆ ئەم ناوچانەش ئیدارەیەکی هاوشێوە هەبوایە.

### کارگەی جوداکردنەوەی زبڵ (ریسایکلین) لە مانگی داهاتوو دەکەوێتە کار

**تا ئێستا کێشەی تەندروستی لە شاری دهۆک هەیە**





**گوڵان:** گەورەترین کێشەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کۆکردنەوەی پاشماوەی زبل و خاشك و چارەسەرکردنی ئەو پاشماوانەیە ئایا لەم بوراە چی کراوە؟

**تەمەر رەمەزان:** خزمەتگوزاری شارەوانیەکان لە هەموو شاروشارۆچکە و ناحیەکانی پارێزگای دهۆك تا رادەیەکی باش چۆتە پێشەوە، بەڵام زۆر پێداویستیش ماوە، بەتایبەتی لە بواری پاککردنەوەی ئاوی قورس ئەمە لە هەموو کوردستان و عێراقیش چارەسەر نەکراوە، هەروەها بۆ چارەسەرکردن و لەناوبردنی زبڵ و پاشماوە ئێمە وەکو پارێزگای دهۆك یەکەمین پارێزگاین لە ٩٠٪ تا ٩٥٪ کارەکان بە کۆتایی هاتووە، چ لە رووی بینایە چ لە دانانی کارگەی (ریسایکلین) لە مانگی داهاتوو ئەم کارگەیە دەکەوێتە کارکردن، هەروەها لە سەنتەری زاخۆ و دهۆك و سێمێل لە سێ قەزای گرنگ دەتوانین زبڵەکە لەوێ کۆبکەینەوە ئەم کارگەیە بە بڕی (٢٥) ملیۆن دۆلار ئەنجامدراوە، کۆمپانیایەکی ئەڵمانی دروستیکردووە ئەم کارگەیە هەموو زبڵ و پاشماوەکان لێك جیا دەکاتەوە، بەتایبەتی ئەو پەیینە دروست دەکات بۆ باخچەکان بەکاردێت و لە هەوڵی ئەوەداین کە پێشی بخەین بۆ ئەوەی زبڵەکە بە کەڵکی کشتوکاڵی سەوزەوات بێت و جوداکردنەوەی زبڵەکە بەشێوەیەکی تەندروست و گونجاو ئەنجام دەدرێت کە زیانی بۆ دەوروبەر و ژینگە نەبێت، بەگشتی لە شێوە کۆنەکەی کە زۆر سەرەتایی بوو رزگارمان دەبێت، لەو کارو پرۆژانەی ئەنجامدراوە گەشبینین و لە ساڵی داهاتوو هەوڵ د ەدەین پتر خزمەت بە شار و شارۆچکە و هاووڵاتییان بکەین لە راستیشدا ئەم کارو پرۆژانەی ئاماژەم پێی کرد ئەو بڕە پارە و بودجەی کە خەرجکراوە هەمووی لە سەردەمی کابینەی پێنجەم بۆیان تەرخان کرابوو.

**لە بەرنامە دایە نەخۆشخانەیەکی فێرکاری و فریاکەوتن لەشاری دهۆک دروست بکرێت**

## فڕۆکەخانەیەکی نێودەوڵەتیی لە پارێزگای دهۆک دروست دەکرێت

**گوڵان:** کێك لە کەموکوڕی و پێداویستییەکانی هاووڵاتیانی شاری دهۆك بریتییە لە دروستکردنی فڕۆکەخانە، لەم بارەیەوە چ هەنگاوێکتان هاوێشتووە؟

**تەمەر رەمەزان:** راستە مەسەلەی نەبوونی فڕۆکەخانە لە دهۆك جێگای نیگەرانی هەموو خەڵك بوو، بۆیە زۆر هەوڵماندا لەگەڵ جەنابی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بۆ ئەم مەسەلەیە، بەڕێزیان بەڵێنی دابوو، پاش ئەوەی حکومەتیش ئاڵوگۆڕی پێکرا دیسان لەسەر بەڵێنەکەی خۆی مایەوە، لە ماوەیەکی نزیکدا کۆمپانیایەکی تورکی ئەو کۆمپانیایەی کە فڕۆکەخانەی هەولێری دروستکرد کەمپی خۆی دادەنێ و دەست بەکار دەبێت، هەروەها دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم پرۆژەی فڕۆکەخانەی دهۆك دەکەوێتە رۆژئاوای سێمێل (نێوان دهۆك و زاخۆیە) لەمەشدا حیسابی رێژەی دانیشتوانمان کردووە کە رێژەی دانیشتوانی دهۆك و زاخۆ نزیکە لە یەکتر، هەروەها ئەم شوێنە نزیکە بۆ زمار و شەنگال ئەو خەڵکەی رۆژئاوای دیجلە یاخود رۆژئاوای موسڵ خەڵکی ئێمەی لێیە زۆر لێی سوودمەند دەبن، کۆمپانیایەکی لوبنانی ماستەرپلانی بۆ دادەنێ و کۆمپانیای (ADPI)ی فەرەنسی سەرپەرشتی دەکات، و راوێژکاری وەزارەتی گواستنەوەی حکومەتی عێراقە، زۆریش پسپۆر و شارەزایە لە سەرپەرشتیکردن و ئیدارەی فڕۆکەخانە، واتە بەشێوەیەکی فەرمی هەموو رەزامەندییەکی لە حکومەتی عێراقی وەرگرتووە و ئەم فڕۆکەخانەیە بۆی هەیە زۆر گەورە نەبێت وەکو فڕۆکەخانەی هەولێر، بەڵام فڕۆکەخانەیەکی نێودەوڵەتییە بۆ بیست ساڵی تر دهۆك پێویستی بە فڕۆکەخانەیەکی دیکە نابێت.

**دابەشکردنی زەوی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوونە نەک بۆ قازانج و سوود وەرگرتن**

## لەمەودوا بۆ بواری نیشتەجێبوون گرنگی زیاتر بە قەزا و ناحیەکان دەدەین

**نەخۆشخانەیەکی فریاکەوتن لە شاری زاخۆ دەست بە دروستکردنی کرا**

**گوڵان:** وەکو دیارە رۆژ لە دوای رۆژ دهۆك لە گەورەبووندایە، ئێوە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێبوون چ هەنگاو و پلانێکتان هەیە؟

**تەمەر رەمەزان:** کێشەی نیشتەجێبوون لەسەرتاسەری کوردستان بوونی هەبوو، هۆکاری ئەمەش چ بەهۆی ئەوەی خەڵك لە دێهات دێتە ناو شار بە حوکمی ئەوەی لە شار زانکۆ هەیە و هەلی کار پترە و رێگاوبان باشە، بەمەش گوزەران باشترە، هەندێ جار چارەسەرکردنەکە لە توانای حکومەت زیاتر بوو، چونکە گرفتێکی گەورە بوو، بەڵام ئێمە بەشێوەیەکی موتەمەیز یەکەمجار مامەڵەمان لەگەڵدا کرد، کە دەشڵێم بۆ یەکەمجار موتەمەیزتر بووین مەبەستم ئەوە نییە خۆ بەسەر شوێنێکی دیکەدا بە گەورەتر دابنێین، بەڵام چوار ساڵ پێشتر لەگەڵ کۆمپانیای (ڤۆسینگ)ی ئەڵمانی گرێبەستمان لە گەڵیان کرد بۆ دارشتنی ماستەرپلانی شاری دهۆك بێگومان وەزارەتی شارەوانی لێی بێ ئاگابوو، چونکە ئەوان پێیانوابوو ئەمە جارێ ناکرێت یاخود کاری زیاتری دەوێت، گرنگ ئەوەیە ئەو ماستەر پلانە دروستکرا و هەوڵدەدەین بۆ قەزاکانی تریش دروستی بکەین، پاش ئەوەی لە دهۆك ئەنجامدرا ئینجا هەولێر گرێبەستی لەگەڵ ئەنجامدا و لە پاشان دەچێتە سلێمانیش، بەگشتی ئێستا بۆ هەموو ئەندازیار و ئەوانەی لە شارەوانیەکان کار دەکەن بەرچاوو ڕوونییەك هەیە کە باڵەخانەی ستوونی بۆ ئێمە گرنگتر و شیاوترە و بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکەش ئێستا کەوتوونەتە ئیش، ئێستا ئێمە وەکو ئیدارەی پارێزگا لەگەڵ شارەوانی دهۆك گەیشتینە ئەو ئەنجامەی ئەوەی تا ئێستا ئەنجامدراوە گرفتەکە چارەسەر دەکات بۆیە لەمەودوا بۆ بواری نیشتەجێبوون گرنگی زیاتر بە قەزا و ناحیەکان دەدەین و لە ئاکرێ دەست پێدەکەین ئەم پرۆژانە لە زاخۆ و سیمێل هەیە، بەڵام بە تەئکید ئەو قەزایانە تەواو بێت بۆ ئامێدی و شێخانیش پرۆژەی نیشتەجێبوون دەست پێدەکات، لەلایەکی دیکە ئێمە بۆ ئەوانەی موستەحەقن و مافیان هەیە لە دابەشکردنی زەوی بەسەریاندا بەردەوامین . لەو بوارەوە بۆ فەرمانبەران ئەوانەی لە دامودەزگای حکومی کار دەکەن و سوودمەند نەبوون بەپێی خاڵ بەسەریان دابەش دەکەین، پێشتر (٣٠) خاڵ رەچاو دەکرا، ئێمە دامانبەزاند بۆ (٢٥) خاڵ و دواتر بۆ(٢٠) خاڵ و بڕگەیەکی دیکەشمان وەکو دهۆك پەیڕەو کردووە کە بۆ فەرمانبەرە هاوسەرگیرەکانە ئەگەر ژنەکە و پیاوەکە هەریەکەی (١٠) خاڵی هەبێت کۆیان دەکەینەوە زەویان پێدەدەین، چونکە لەم حاڵەتەش ژن و مێرد یەکیان زەوی پێدەدرێت و ماوەی سێ ساڵە بەم شێوەیە زەویمان دابەشکردووە، بۆ دەرچوانی ماستەر و دکتۆرا بەئیستیسنا زەوی نادەین و بڕیاریش هەبوو، بەڵام هەر نادەین، چونکە دابەشکردنی زەوی بۆ چارەسەرکردنی نیشتەجێبوونە نەك بۆ سوود وەرگرتن و ئەمە گلەیی و گازاندەی لەلایەن دەرچووانی ماستەر و دکتۆرا زۆر لێی کەوتۆتەوە، بەڵام پاش گفتوگۆیەکی زۆر ئەوانیش گەیشتنە ئەو باوەڕە کە ئەمە راستە، چونکە لە بەکالۆریۆس و تا دکتۆرا تەواو دەکات ناکرێت سێ پارچە زەوی وەربگرێت، چونکە مەفهومەکە لە نیشتەجێبوون دەگۆڕێت بۆ قازانج و لەگەڵ رێزدار جەنابی نێچیرڤان بارزانی کاتی خۆی کە لە حکومەت بوو قسەمان کرد و رێگامان لەو حاڵەتە گرت و تێیدا سەرکەوتوو بووین.

**لە ڕێگای بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان باشتر و کاریگەرتر کارو پرۆژەکان ئەنجام دەدرێن**

## فایدە ناهەقی بەرامبەر کراوە

**گوڵان:** شاری دهۆك بەهۆی ئەو ئاوەدانکردنەوە و گەورەبوونەوەی تێدا روویداوە و زەوی زۆر کەم تێدا ماوە، جەنابتان بۆ زیاترکردنی رووبەڕووی شار چ پلانێکتان لەبەردەستدایە، ئایا هەوڵدراوە رووبەری زەوی دیکە بەلای سیمێل یاخود فایدە بخەنە سەر دهۆك؟

**تەمەر رەمەزان:** ناحیەی فایدە ئێستا لە سەر شارەوانی دهۆکە کە ناوچەیەکی دابڕاوە و کێشە لەسەرەکانە و من خۆم خەڵکی فایدەم و ئەمەشم بۆ ئەمەریکی و بیانیان و بە پارێزگای موسڵ گوتووە فایدە ناهەقی بەرامبەر کراوە کەخراوەتە سەر موسڵ، فایدە لە باشووری دهۆکەوە (١٤ تا ١٥) کیلۆمەتر دوورە و بۆ رۆژئاواش پتر لە (٣٠) کیلۆمەترە و کۆمپانیا ئەڵمانیاکە ئەوەی زۆر بە جوانی نەخشە کێشاوە و قەزای سیمێل و دهۆك ئێستا لە ماستەرپلانەکە یەك نەخشەیە و ئەمەش رووبەرێکی زۆر فراوانە و خاڵ خاڵی دابەشکراوە بەپێی نەخشەکە دیارە بۆچییە.

**پێویست بەو هەموو فلتەرە ناکات تا پرۆژە و کاریکی خزمەتگوزاری ئەنجام دەدەیت**

## سەنتەری شاری دهۆک پێویستی بە نەخۆشخانەیەکی فێرکاری و فریاکەوتن هەیە

**گوڵان:** یەکێك لە کێشە سەرەکییەکانی هاووڵاتییان کێشەی تەندروستییە و گلەییەکی زۆریش هەیە لەسەر گرانی نرخەکان و ئەمەش سەرجەم پارێزگاکان دەکرێتەوە و دهۆکیش بەهەمان شێوەیە و نەخۆشخانەی پسپۆرایەتیمان نییە، لە بواری تەندروستییە چ هەنگاوێکتان ناوە؟

**تەمەر رەمەزان:** وەڵامی پرسیارەکە بەگشتی پێویست بەوە دەکات یەکێکی تایبەتمەند یاخود پزیشك یاخود بەڕێوەبەرێکی گشتی تەندروستی وەڵامی بداتە، بەڵام من لەلایەنی ئیدارییەوە باس دەکەم، تا ئێستا ئەم قەیرانە لە دهۆك هەیە لە ئاکرێ نەخۆشخانەیەکی پێشکەوتوو و هاوچەرخ دروستکراوە کە ساڵی رابردوو کرایەوە، بەڵام تا ئێستا ستاف و شارەزا و پسپۆر و پزیشکەکانیان بەپێی پێویست نییە تاکو ئەم نەخۆشخانەیە بە تەواوی بەڕێوە بچێت، بەڵام کەوتۆتە کار و وردە وردە ستافەکەی بۆ دابین دەکرێت و وەزیری تەندروستی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی لە هەوڵی ئەوەدان پسپۆر و شارەزایانی بواری پزیشکی و تەندروستی بۆ دابین بکەن و سەنتەری شاری دهۆك پێویستی بە نەخۆشخانەیەکی فێرکاری و فریاکەوتن هەیە، ئەمەش بودجەی پتر لە (٧٠) ملیۆن دۆلاری پێویستە کە لەلایەك قوتابیانی کۆلیژی پزیشکی سوودمەند بن و لەلایەکی ترەوە توانای وەرگرتنی

زۆرترین نەخۆشی هەبێت، چونكە لە ماستەر پلانی نوێ ڕێژەی دانیشتوان پتر لە خۆدەگرێت، نەخۆشخانەی ئازادی ڕێكوپێكە و پاكوخاوێنە و كەرتی تایبەتیش نەخۆشخانە دەكەنەوە، بەڵام ئەوەش نرخی تایبەتی و گرانی خۆی هەیە، بۆیە بۆ ئەو كەسانەی داهاتیان دیاریكراوە پێویستە نەخۆشخانەیەكی دیكەیان بۆ بكرێتەوە بەتایبەتی نەخۆشخانەیەكی فریاكەوتن،لە زاخۆ ئێستاكە دەستپێكراوە و ٢٠٠ قەرەوێڵەیە و لە نەخۆشخانەكەی ئاكرێ پێشكەوتووترە و ئامێدی تارادەیەك باشە، شێخان لەمبارەوە باش نییە، بەڵام گەشبینم لە ساڵانی داهاتوو باشتر دەبێت.

**گوڵان:** چەند پرۆژە لە چوارساڵی ڕابردوو دەستی پێكردووە ئێستاكە هەنگاو بە هەنگاو تەواو دەبن زۆربەی لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگا بووە، ئایا تاچەند پرۆژەی وەزارەتەكان هاوكارن بۆ كاروبارەكانتان؟

**تەمەر ڕەمەزان:** بێگومان وەزارەتەكان بودجەیان زیاتر بوو تەنیا پار ساڵ نەبێت بودجەكەیان كەمبوو، هەندێك وەزارەت هەر هیچی نەبوو، وەزارەتی شارەوانی ساڵێك لە ساڵان هیچ پرۆژەیەكی پێشكەش نەكرد، ئەوانیش دەیانگوت بودجەمان بۆ نەهاتووە و وەزارەتی كشتوكاڵ و ئاوەدانكردنەوە پرۆژەیان كەمبوو، بەڵام ئەمساڵ وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە پرۆژەی هەبووە و باشترە و شارەوانیش ئەمساڵ زۆر باشتر بوو و ئێمە نازانین نێوان وەزارەتەكان و وەزارەتی دارایی چۆنە و چۆن بودجە دابەش دەكرێت، بەڵام ئەوە دەزانین بەشی ئێمە كەمبووە، بەڵام ئەو بودجەیەی لە ڕێگای وەزارەتەكانەوە دەهات زۆر جار لە بودجەی پەرەپێدانی پتر بووە، گەرچی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگای بەراشكاوانە دەڵێین و پێشتر لەگەڵ ڕێزدار جەنابی نێچیرڤان بارزانی و لەگەڵ دكتۆر بەرهەم و كاك ئازاد بەرواریش ئێستا دەڵێین بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاكان باشتر و زۆرتر بووە لەوەی وەزارەتەكان لەهەموو پارێزگاكانیش نەك تەنیا لە دهۆك و هەر لیژنەیەك دروست

**ئاستی وەبەرهێنان لەپارێزگای دهۆك گەیشتۆتە ملیارێك دۆلار**

**بەنداوی دهۆك دەكرێتە ناوچەیەكی گەشتیاری**

**لە پارێزگای دهۆك بەرهەمی ترێ و سێومان بەشی وڵاتێك دەكات**








بێت هەر ئەوە دەڵێن، چونكە راوەستانی لەسەر زیاتر و باشتر بووە، لەلایەكی دیكە بۆیە باشترە، چونكە كارێك بە دوو فیلتەر تێپەڕێت باشترە لەوەی سێ فیلتەر و پتر بێت نەك لەبەر ئەوەی ئێستا لە وەزیفەدام، بەڵكو لە وەزیفەش نەمێنم و لە هەر كات و ساتێك دابێت هەر ئەوە دەڵێم كە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاكان باشتر و كاریگەرتر بووە، ئەمەش یەك خاڵ دەگرێتەوە كە مەركەزییەت و لامەركەزییەتە، بێگومان وەزارەتەكان ئێمە و وەزیرە بەڕێزەكان و بەتایبەتی بەڕێوەبەرە گشتییەكان لە وەزارەتەكان حەز ناكەن دابەشكردنی دەسەڵات بچێتە پارێزگاكان و من ناڵێم هەموو بەڕێوەبەرەكان، بەڵام رێژەی هەرە زۆریان رێگانادەن دەسەڵات بێتە خوارەوە و تائەم دەسەڵاتەش دانەبەزێتە خوارەوە بۆ پارێزگاكان ئەوە هەر دەگوترێت رۆتین و گەندەڵی هەیە.



**(های وای) نێوانی زاخۆ- هەولێر- سلێمانی پرۆژەیەكی گەورەو ستراتیژییە، بەڵام باوەڕ ناكەم حكومەت بەمنزیكانە ئەنجامی بدات**

**گوڵان:** دهۆك یەكەمین پارێزگایە كە كەرتی تایبەت تێدا دەستی بە وەبەرهێنان كرد، ئایا ئێوە چۆن هەنگاوەكانی وەبەرهێنان دەبینن و بەرەو پێشەوە چووە؟

**تەمەر رەمەزان:** لەسەرەتادا وەبەرهێنان باش نەبوو لەساڵانی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦ بڕی وەبەرهێنان و كەرتی تایبەت لە (٨٠) ملیۆن دۆلار تێپەڕ نەبووە، بەڵام ئێستاكە لەیەك ملیار دۆلار پترە، بەراورد بكە لەگەڵ ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦ جیاوازییەكە زۆرە (١١ تا ١٢) جار زیادی كردووە، ئەگەر بەراوردی بكەی لەگەڵ هەولێر لە بەربوونی فڕۆكەخانە و بوونی كونسوڵیەی وڵاتان و مەركەزی بڕیاردانی ئیدارە و سیاسی، هەولێر لە پێشترە، بەڵام پێشتر وەكو یەكتر بوون، چونكە دەرگایەك لە گەڵ توركیا هەبوو و ئیمكانیاتی حكومەتی كوردستان لە (٨٠٪ تا ٩٠٪) لەم دەروازەیە و رێكخراوی بیانی و مەدەنی زۆر لەم ناوچەیە كاریان دەكرد و ئێستاش دەروازەیەكی باشە و وایكردووە كە كەرتی تایبەت ئەكتیف بێت، ئاڵووێری بازرگانی لە(٣) ملیار دۆلار بۆ (٦) ملیار بەرز بۆوە و ئێستا گەیشتۆتە (٨) ملیار دۆلار و چاوەڕوانی ئەوە دەكرێت



**گەر پێویست بكات لە پاڵاوگەی زاخۆوە گازوائیل بۆ وێستگەی كارەبای دهۆك دابین دەكەین**



**كارەبا بۆ هەموو گوندە ئاوەدانكراوەكان راكێشراوە**

ئەمە لە ساڵانی داهاتوو بگاتە (١٢ تا ١٥) ملیار دۆلار وەبەرهێنان تا ئێستا پتر بواری نیشتەجێبوونی گرتۆتەوە، بەڵام ئێستا ئەم بوارە بەرەو فراوان بوون دەچێت، کەرتی تایبەت ئێستا پتر بۆ بواری گەشتوگوزار هەوڵدەدەن هەر بۆ نموونە بەنداوی دهۆك ماستەرپلانی لەلایەن کۆمپانیایەك بۆ کراوە دەکرێت بە ناوچەیەکی گەشتیاری جوان و هاوچەرخ و لە ساڵی داهاتوو لە بەنداوی دهۆك و دەوروبەری ناوچەیەکی گەشتیاری دەبینین، سیمای شاری دهۆك گەلێك ناوچەی کشتوکاڵی تێدایە، بەڵام تا ئێستا لەو کەرتەوە هیچ بەرەو پێشچوونێك نەبووە، هەرچەندە ساڵی پار ناونرا ساڵی چاندن، بەڵام ئەو بودجەیە تەرخانکرا کە پێویست بوو هەبێت ئەمانەش پلان و نەخشە هەیە و حەتمەن بودجە زیاد دەبێ و ئەم کەرتەش باشتر دەبێت، بەرهەمی دەغڵودان بەشی ناوخۆ و پتریش هەیە و سێ سایلۆمان هەیە نەك پڕە بەڵکو دەوروبەری سایلۆکانیش پڕە لە گەنم و جۆ و ساڵی پار (١٠) هەزار تەن بۆ هەولێر و سلێمانی و (٥) هەزار تەنیش بۆ دیالە ڕەوانە کراوە، بۆ بەرهەمەکانی میوەو قوتوبەندی و بازاڕ زۆر ئاستی لە لای ئێمە نزمە، بەرهەمەکانی میوەجات ئێستا لە بازاڕەکانی هەولێر سەرف دەکرێت، لە پارێزگای دهۆك بەرهەمی ترێ و سێو یەکجار زۆرە بەشی وڵاتێك دەکات ئەگەر بازاڕ هەبوو، بەڵام لەکاتێك بازاڕ نەبێت جوتیاریش زۆر سوود وەرناگرێت و بێ هیوا دەبێت و لە ساڵی دواتر بۆی هەیە واز لەکارەکەی بێنێت.

## لە ماوەیەی چەند مانگی داهاتوودا پرۆژەی (٥٠٠) میگاواتی دهۆك دەکەوێتە کار

**گوڵان:** کارەبا بە یەکێك لە پێداویستییە سەرەکییەکانی هاووڵاتیان دادەنرێت، پرۆژەی ٥٠٠ میگاواتی دهۆك بەچی گەیشتووە؟

**تەمەر ڕەمەزان:** وەکو هەولێر و سلێمانی لە ڕێگای کەرتی تایبەتەوە ئەنجام دراوە لەو بارە لە مانگی داهاتوو یەکەیەك وەربگرین (١٢٥) میگاوات، ئەو وێستگەی لای سیمێل (٥٠٠) میگاواتە و (٢٥٠) میگاواتیش لەلای شێخانە، بەڵام ئەوە دوادەکەوێت، لەبەر ئەوەی ماوەی دوو تا سێ مانگە دەستپێکراوە، لە ماوەیەی چەند مانگی داهاتوودا پرۆژەی (٥٠٠) میگاواتی دهۆك دەکەوێتە کار، بەمەش لە قەیرانی کارەبا رزگامان دەبێت، گەرچی کەموکورتی هەیە، چونکە بۆری غاز نەگەیشتۆتە ئەم پرۆژەیە، بۆیە ئێستاکە بڕیارە بە گازوایل بەگەڕ بخرێت، بەڵام هەوڵدان لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتیەکان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەردەوامە، بۆ ئەوەی بۆری غازەکە رابکێشین تا وەکو بە یەکجارەکی لەم قەیرانە رزگارمان دەبێت،

**گوڵان:** لە وەرزی گەشتیاری ئەمساڵدا ژمارەیەکی زۆر گەشتیار روویان لە ناوچە گەشتیارییەکان کرد دیتمان کە خەڵك لە شەقام و ناو باخچە و شوێنە گشتییەکان دەنووستن و ئاتە تووشی ئەزمە هاتن بۆ دووبارە نەبوونەوەی ئەم گرفتە لە ناوچە گەشتیارییەکانی پارێزگای دهۆك چ پلان و ئامادەکارییەکتان هەیە؟

**تەمەر ڕەمەزان:** شاری دهۆك ژمارەیەکی زۆر هوتێل و موتێلی هەیە و کەرتی تایبەت روویان لەوەبەرهێنان کردووە لەم کەرتەدا بۆیە وەبەرهێن هەیە لەماوەی شەش مانگدا هوتێل یاخود موتێلێك دروست دەکات مەبەست ئەوەیە دهۆك پڕیەتی لە هوتێل و موتێل، دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە گەشتیارێك بە ئۆتۆمبێلی خۆی لە موسڵ رادێت دەزانێ شاری ئارامە و ئاسایش دەستەبەر کراوە، پاش گەڕان و دیتنی شارو بازاڕەکان لە نزیك باخچەیەك یاخود شوێنێکی گشتی و لابلا دەخەوت و نایانەوێت بچنە هوتێل، بەڵام لە یادێك یاخود لە جەژنێك بۆی هەیە گەشتیارێکی زۆر هاتووە و شوێنی دەست نەکەوتووە، بەڵام ڕەنگە زۆر جار بۆ دڵخۆشی زیادەڕۆیی لە ژمارەی ئەو گەشتیارانە بکرێت کە هاتوونەتە کوردستان.

## (های وای) ڕێگایەکی سەرەکییە لە زاخۆ دەچێتە هەولێر و سلێمانی

## پێویستە لەلایەن کۆمپانیایەکی گەورە وە جێبەجێ بکرێت

**گوڵان:** بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبان لەدهۆك وەکو دەبیستین و دەبینین کاروپرۆژەی باش لە بواری ڕێگاوبان ئەنجام دەدەن چ هەوڵێکتان هەیە بۆ زیادکردن و پەرەپێدانی ئەم کارو پرۆژانە؟

**تەمەر ڕەمەزان:** بودجەی ئەمساڵی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە یەکجار باشبوو بودجەی ڕێگاوبانی دهۆکیش باشبوو بە جۆرێك ناتوانرێ ئەم بودجەیە بەتەواوی خەرج بکرێت و دەمێنێتەوە بۆ کاروپرۆژەکانی ساڵی داهاتووش و بۆی هەیە لە ساڵی داهاتوو پارە نەدەنە بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی دهۆك، چونکە پارەیەکی باشیان لە بەردەستە و یەکێك لەم پرۆژە سەرەکیانە بریتییە لە دوو سایدی نێوان دهۆك و بەردەرەش بە دوو تا سێ ساڵ تەواو دەبێ، بۆلای ئامێدیش بەهەمان شێوە، چونکە دەڤەرێکی گەشتیاری سەرەکییە و تا زاویتە تەواو بووە و لەوێشەوە بۆ سوارەتوکە و تا دەچێتە لای سەرسەنگ و ئێستا دەستی پێکردووە، ڕێگای زاخۆش ئێستاکە کاری تێدا دەکەن، ئەمە هەمووی ڕێگای ناوخۆیە، بەڵام ئێمە هەموو چاومان لەوەیە ئەو ڕێگایەی لە زاخۆ دەچێتە هەولێر و سلێمانی کە ڕێگایەکی سەرەکی (های وای)ە پێویست بەوە دەکات کۆمپانیایەکی گەورە ئەم پرۆژە گرنگە جێبەجێ بکات، ئەگەر ئەم ڕێگایە نەکرێت ئەوە کێشەو گرفتمان لەبواری ڕێگاوبان هەر بۆ دەمێنێت، بەڵام ئەم پرۆژەیە پارەیەکی زۆری تێدەچێت بۆیە وای بۆدەچم حکومەتی خۆمان جارێ خۆی لەم پرۆژەیە نەدات، لەبەر ئەوەی بواری دیکەی پێویستتر هەیە.

**گوڵان:** سەبارەت بە دۆزینەوەی هەلی کار کە یەکێکە لە ئەرکە ئیدارییەکانی پارێزگا کە هەوڵبدات زۆرترین هەلی کار بدۆزیتەوە، ئایا وەکو پارێزگار لە چ بوارێك زیاتر هەوڵدەدیت بۆ ئەوە گەنجانەی بێکارن کاریان بۆ بدۆزیتەوە؟

**تەمەر ڕەمەزان:** لە هەموو بابەت و بوارێکی پەیوەندی بە ئابووری کوردستان

**یانەی دهۆك پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە و نوێنەرایەتی ئاسیا دەکات، بۆیە خۆشەویستیم زۆرترە بۆ یانەی دهۆك**

**گرنگییەکی یەکجار زۆرمان بە قەزای بەردەرەش داوە، بەرزبوونەوەی نرخی زەویش جوانترین بەڵگەیە**

**تۆڕی دابەشکردنی کارەبای دهۆك لە هەولێر باشترە**

**دوو بەنداوی خنس و بیدۆهێت ئەنجام دەدرێت**

ئەم بابەتە باس دەکرێت ئەمساڵیش نەبێت لە ساڵانی داهاتوو ڕێژەی بێکاری زیاد دەبێت، بەتایبەتی ئەوانەی خوێندەوارن، کە دەرچووی زانکۆکان و پەیمانگاکانن، کێشەکە زیاتر لەلای ئەمانەیە نەك لەلای ئەوانەی کە بەدەست و بازووی خۆیان کاردەکەن لە کوردستان بەگشتی کار بۆ ئەوانەی بەدەستی خۆیان کار دەکەن کار زۆرە، ئەگەر تەماشا بکەین دەبینین (٧ تا ١٠) هەزار کەس لە هاووڵاتییانی ناوچە دابڕاوەکان و کێشە لەسەرەکانی وەکو شنگاڵ و زمار و . تاد لە دهۆك کار دەکەن جگە لەو بیانیانەی کە لە کەرتی خزمەتگوزاری شارەوانی و ناو ماڵان کاردەکەن ئەمە لەلایەك باشە کە هێزی کار هەیە و لەلایەکی دیکە کێرڤێکی بێکاریش هەیە، بەڵام بێکارییەکەش ئەمە نییە کە بڵێین یەکێك هیچی نییە، ئەگەر فەرمانبەرێکیش داهاتی زۆر کەمبێت، بۆی هەیە ئەویش نیوەی بێکار بێت، وەکو باسمانکرد کۆمپانیای بیانی زۆر لێرە کاردەکەن بۆی هەیە بواری پیشەسازی بێتە دی و زیادبێت بەمەش هەلی کار زیاد دەبێت، پێشی سێ ساڵ لە گوندی (کاشێ) کە دەکەوێتە نێوان سیمێل و زاخۆ کە دەستمان پێکرد زۆر کەمبوو، بەڵام ئێستا ببینی (٧٠ تا ٨٠) کۆمپانیا تێدا کار دەکەن و روو لە زیادبووندایە، کۆمپانیا هەیە (٣٠٠) کرێکار و کارمەند تێیدا کار دەکەن هەیە (٥٠ تا ٦٠) کەس تێیدا کاردەکەن، بڵێم ئەمە بە پێی پێویستی بێکارانە، من ناتوانم ئەو بڕیارە بدەم، بەڵکو ئەوە ئابووریناسان یاخود پسپۆران دەتوانن بڕیاری لەسەربدەن، بەڵام ڕاستە بێکاری هەیە.

**گوڵان:** دوو شوێنی ستراتیژی لە ڕووی ئیدارییەوە سەربەدهۆکن ئەوانیش زاخۆ و بەردەرەشە، مامەڵەی ئێوە بەتایبەتی لەگەڵ بەردەرەش چۆنەو لە چ ئاستێکدایە؟


**تەمەر ڕەمەزان:** بەردەرەش پێش دوو، سێ ساڵ ناحیەك بوو سەر بە قەزای ئاکرێ کە بڕیار دەرچوو بۆ ئەوەی ببێتە قەزا لەو کاتەدا ئەو کارانەی بۆ بەردەرەش کرا لە هەموو قەزاکانی دیکە زۆرتر بوو، جگە لە زاخۆ کە بودجەیەکی زۆری بۆ دانرا چونکە چەند پرۆژەیەکی پێویست و ستراتیژی وەکو دروستکردنی پردێك لە سەر خابوور دروستکرا . بەڵام کاروگرنگییەکی زۆر دراوە بە بەردەرەش، هەر بۆیە لەکاتی دابەشکردنی زەوی هەندێك لە خەڵکی ئاکرێ دەڵێن لە بەردەرەش دەمانەوێت، چونکە نرخی زەوی لەوێ زۆر بەرز بۆتەوە و وەکو ئاکرێی لێهاتووە، هەر سەنتەری قەزای بەردەرەش نا، بەڵکو ناحیەکانی سەر بەم قەزایەش ژێرخانیان خراپ بوو، بەڵام توانیومانە باشی بکەین وەکو (ڕۆڤیا و دارەتوو) کە گوند بوون و بوونە ناحیە، ئەگەر ئەم دوو ساڵەی بەرەدەرەش و ناحیەکانی بەراورد بکەین بە کانی ماسی کە ٤٠ ساڵە ناحیە دەبینین وەکو یەکن، بەڵام هێشتا پێویستیان بە خزمەتگوزاری و پرۆژەی دیکە هەیە ئەوەی هەرە گرنگە بۆ بەردەرەش دەبێ ئاوی خواردنەوەی لە قەندیلەوە بۆ رابکێشین، لەبەر ئەوەی هاوینی رابردوو چەند حاڵەتێکی کەمی کۆلێرە هەبوو لە ئەنجامی خراپی ئاوەکەیان.

**لە کارگەی ریسالکلین دهۆک تەنیا پارێزگایە کە سەر کەوتوو بووە**

## ڕەنگە یارییەکانی وڵاتانی ئاسیا ئەمجارە لەدهۆک بەڕێوە بچێت

**گوڵان:** دهۆك تەنیا پارێزگایە کە دوو تیپی بەهێزی هەیە، لەبواری پێداویستی وەرزشی پیاوان و ئافرەتان چی بۆ کراوە؟

**تەمەر ڕەمەزان:** زۆر کارو پرۆژە بۆ بواری وەرزشی بەگشتی



ئەنجامدراوە و هەموو ساڵێك لە بودجەی پەرەپێدان نەك وەكو شارەوانییەكان بەڵكو بودجەیەكی باشی بۆ تەرخانكراوە.

هەموو قەزاكان تەنیا شێخان نەبێت واتە هەر شەش قەزاكەی دیكە یاریگای تۆپی پێی مۆدێرنی بە مودەرەجاتەوە بۆ كراوە، یاریگای دهۆك زۆر مۆدێرنە، هەندێ مودەرەجاتی مابوو بڕی سێ ملیار و پێنج سەد و پەنجاو حەوت ملیۆن دینارمان ئیحالەی كۆمپانیایەك كردووە تا بە زووترین كات بۆ ماوەی (٥تا ٦) مانگی دیكە یاریگاكە بە باشترین شێوەی هاوچەرخ و بە..... و بە كەرەستەی سەردەمیانە ئامادەبكەن، چونكە بۆی هەیە یارییەكانی وڵاتانی ئاسیا ئەمجارە لێرە بەڕێوە بچێت، هەروەها یاریگای چالاكییە وەرزشییەكانیشمان دروستكردووە دوو گۆڕەپانی تێنسی سەر زەویمان بە هاوچەرخترین شێوە دروستكردووە، خولی یارییەكانی عێراقیشی تێدا بەڕێوە دەچێت، هەروەها سێ یاریگای داخراوی باسكت بۆڵ هەیە.

**گوڵان:** بۆ یەكەمین جارە كە بۆ هەموو كورد دڵخۆشكەر بوو دهۆك لەسەر ئاستی عێراق پلەی یەكەمی بەدەستهێنا و نوێنەرایەتی عێراقیش دەكات لە ئاسیا، ئەم بەهێز و روحە وەرزشییە بەرزە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

**تەمەر رەمەزان:** ژێرخانێكی وەرزشی باش لە دهۆك پەیدابوو و لەگشت بوارێكدا كار بۆ بەهێزكردنی یانەی دهۆك كراوە، زۆرجار كە قسە بۆ كەناڵە جیاجیاكانی عەرەبی دەكەین و دەڵێن بە شانازییەوە ئەگەر هەندێ جار لە هەرێم لەنێوان خۆماندا بێ بەرنامەی دەبێ، بەڵام ئەوە بێ بەرنامەیە سەدان جار لە بەرنامەی ئەوان باشترە، درێخی و كەمتەرخەمی لە بواری وەرزش نەكراوە لە هەموو سنووری هەرێمی كوردستان و من باوەڕم وایە ساڵانی داهاتووش هەر زاڵ دەبین بەسەر گۆڕەپانی وەرزشی عێراقی، نوێنەرایەتی عێراق لە پاڵەوانیەتی دەكەین لە شەترەنج و لە تێنسی زەویش لەسەر ئاستی پاڵەوانیەكانی دەوڵەتانی عەرەبی، هەموو ئەمانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گرنگیدانەی كە كراوە و پارە خەرج دەكرێت بۆ چوونە پێشەوە و بەهێز بوون و بەرنامەمان هەیە تا بۆ كۆمەڵگا و گوندەكانیش یاریگا و شوێنی شیاوی وەرزشی دروست بكەین بۆ پتر خزمەتكردنی وەرزشوانمان، بە دروستكردنی یاریگا و شوێن ئەوە گەنجەكان و وەرزشوانان پتر گرنگی دەدەن بە وەرزش و لەو كاتەدا یاریزانە باش و نموونەییەكانیش دەردەكەون.

**گوڵان:** دەڵێن تەمەر رەمەزان یاریزان بووە ئایا لە چ بوارێكی وەرزشدا یاریت كردووە؟

**تەمەر رەمەزان:** من خەڵكی ناحیەی فایدەم، بەڵام لە شاری دهۆك بووم بە یاریكەری هەڵبژاردەی شاری دهۆك لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٦ تا ١٩٨٠ لە هێڵی ناوەڕاست یاری تۆپی پێم كردووە لەسەردەمی خۆیدا لەگەڵ هەڵبژاردەی هەولێر و سلێمانی و كەركوك و زۆربەی شارەكانی عێراق یاریمانكردووە و بەشداربوومە.

**لە ساڵانی داهاتووش لە گۆڕەپانی وەرزشی عێراقی هەر زاڵ دەبین**

**كاتێك لە زاخۆ بووم یانەكەیان لە پلە دوو چووە پلەیەك**



# مایەی سەرسوڕمانە.. ئەمە لە ئەڵمانیا ڕوویداوە!!
# شکستهێنانی ئەزموونی بونیاتنانی
# کۆمەڵگەیەکی فرەکەڵچەرە؟؟!!



**دکتور شێرزاد نەجار** *

**تایبەت بۆ گوڵانی نوسیووە**

وادیارە مەسەلەی «کۆمەڵگەی فرەکەڵچەر» بووە بە بابەتێکی سەرەکی لەو وتوێژانەی کە لەم دواییانەدا لە «ئەڵمانیا» ئەنجامدراوە.

لە ئەیلوولی ٢٠١٠دا (تیلۆ سارازین Thilo Sarrazin) ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبەرایەتی بانکی سەرەکی لە ئەڵمانیا (دویتشی بانك Deutsche Bank) هەستا بە دەرکردنی کتێبێکی مشتەءمڕ لەسەرکراو لەژێر ناونیشانی (ئەڵمانیا کۆیایی بەخۆی دێنێت – Deutschland schaft sich ab) کە تیایدا باس لە بارودۆخەکانی ئێستای ئەڵمانیا و کۆمەڵگەی ئەڵمانی دەکات و بانگەشەی ئەوەی کردووە کە ئاستەکانی ژیربوونی ئەڵمانەکان دابەزیوە بەهۆی زیادبوونی ڕێژەی کۆچبەران.

هەربۆیە پێویست بوو لەسەر ئەڵمانیا خۆی لەم گرفتە رزگاربکات.

ڕاوێژکاری ئەڵمانی (ئەنجێلا مێرکل) لە ٢٠١٠/١٠/١٦ لە کۆنگرەی یەکێتی لاوان-دا لە شاری «بۆتسدام» هەمووانی تووش سەرپرایزکرد کاتێك ڕایگەیاند کە «(کۆمەڵگەی فرەکولتوور – Multikulti-Gesellschaft) شکستی هێناوە» و «کە ئەم بیرۆکەیە شکستی بەدەست هێناوە، بەشێوەیەکی ڕەها شکستی هێناوە» و «کە لە ڕابردوودا (فێربوونی زمانی ئەڵمانی) پێویست نەبووە تەنیا کەمێك نەبێت بەڵام ئەمڕۆ خواستێکی مەشروعە لەسەر کۆچبەرەکان بۆئەوەی فێری زمانی ئەڵمانی بن لەپێناو دۆزینەوەی هەلەکانی کارکردن.» هەروەها پێویستە لەسەریان بەها دیموکراسییەکان پەسەندبکەن بێجگە لە پەسەندکردنی بەهاکانی کرستیانەتی و یەهوودییەت کە بریتین لە ڕەگەکانی بەها ئەڵمانییەکان.

سەبارەت بە (هۆرست سیهۆ فەر – Horst Seehofer) سەرۆکی پارتی کرستیان لە «باڤاریا» (CSU) ئەوە ئەڵمانیا پێویستیی بە کۆچپەرانی تر نییە لە کولتوورە جیاوازەکان وەکو تورك و عەرەب لەبەرئەوەی تێکەڵبوونیان زەحمەتە.

لە توێژینەوەیەکی دامەزراوەی (فریدریك ئێبەرت – Friedrich Ebert Stifung) ئەوە بەشی ١/٣ی ئەڵمانەکان هەست دەکەن وڵاتەکەیان «کەوتۆتە ژێر هێرشی کەسانی بیانی» هاوکات بەهەمان ڕێژە بەپێویستی دەزانن «بیانییەکان لە ئەڵمانیا دەرچن و بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکانیان».

لەبەرامبەردا، (کرستینا شرۆیدەر – Kristina Schroeder) وەزیری کاروباری خێزانی ئەڵمانی ئاگاداری کردۆتەوە کە زۆربەی قورساییەکە کەوتۆتە سەر دانیشتووە نەژادەکانی خاوەن ڕەگەزی ئەڵمانی بەهۆی ئەو جیاوازییەی کە لەلایەن بیانییە جێنشینبوونەکانی ئەڵمانیا ئەنجام دەدرێت. درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێت: «مندالان و گەنجەکانی ئەڵمانیا و بەشێوەیەکی توندوتیژ دووچاری هێرش بوونە تەنیا لەبەرئەوەی ئەڵمانین».

هەربۆیە وەزیرەکە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دروشمی «لەدژی ئەڵمانەکان» شێوەیەکە لە شێوەکانی ڕەگەزپەرستی.

کەواتە ئەمەیە بارە «ترسناکەکە» لە دەوڵەتێکی دیموکراسی وەك ئەڵمانیا کە دەستوورەکەی جەختی کردۆتەوە لەسەر ئەوەی کە «کەرامەتی مرۆڤ مایەی دەستلێدان نییە. ڕێزگرتن و پاراستنی ئەرکێکی پێویستە لەسەر هەموو سوڵتانی دەوڵەت (ماددەی ١/

له یاسای سـەرەکی ئەڵمانیا ١٩٤٩) و کـە «ناکـرێ جیـاوازی بکرێت یان زیان بـە کەسـێك بگەیەندرێت بەهۆی ناسـنامەکەی، نەژادەکەی، شـوێنی لەدایکبوونی، زمانەکەی، نیشتمانەکەی، عەقیدە و یان ئاراستەی ئایینی و سیاسـیی ئەو کەسە، .. » (ماددەی/٣)،

هەربۆیە دەپرسین کە سەرچاوەی ئەم هەڵەیە چییە؟ ئایا لە سەردەمەکانی رابردوودا شتەکان بەشێوەیەکی دروست بەڕێوەچـووە؟ هەروەها هـۆکارەکان چیـن کـە سیاسـەتی بونیاتنانی «کۆمەڵگەیەکـی فرەکولتوور» ئەم ئەنجامـە «مەرگەسـاتییەی» لێ کەوتەوە؟

کۆنسـێپتی «فرەکولتـووری – Multikulturalmismus» دەکەوێتـە چوارچێـوەی ئـەو کۆنسێپتانەی کە بەهۆی دەستنیشان نەکردنی بەشێوەیەکی ورد بەرگرییەکی بەهێـزی هەیە لەدژی هەر رەخنەیەك کە ئاراستەی بکرێت.

کاتێك کە مـرۆڤ هەوڵدەدات بۆ بەستنەوەی کۆنسێپتی «فرەکولتووری» لەگەڵ ئـەم کۆنسـێپتەی کە تەنیا تایبەتە بە وەسفکردنی کۆمەڵگەیەك کە تیایدا خەڵك لـە ئیتنی و ئایینە جیاوازەکان پێکـەوە دەژین، ئەو کات هەموو بۆچوونەکان بەرەو ئاراستەکانی جەختکردنـەوە دەڕۆن لەسـەر نیشـاندەرەکانی چەند گرووپێك وەکو: نەژادی، کەڵچەر، ناسنامە. ئەمەیش پەیوەسـتە بە دانپێنان بە کەسانی تر و ماف لەبارەی پاراستنی ناسنامەی کەڵچەری.

زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە لەساڵانی حەفتاکان و هەشـتاکانی سـەدەی پێشـوودا «فرەکەڵچەری»یان وەکو «عەقیدەیەکـی دەوڵەت» وەرگرتبوو ئەمـڕۆ دووچـاری دابەشـبوون بوونـە لەبـارەی ئـەو عەقیدەیە و لەئاکامیشدا سەرقاڵی قووڵکردنەوەی سەنگەرەکانن.

لەبەرئـەوەی جەختکردنەوەکـە لەسـەر خاڵـە هاوبەشـەکان نەبوو بەڵکو لەسـەر جیاوازییەکان، هەروەها جەختکردنەوەکە لەسەر ئەوە نەبوو کە بایەخ بە ئاراسـتەکانی گونجاندن و تێکەڵبوون بدەن بەڵکو جەختکردنەوەکە تایبەت بوو بە پاراستنی «ناسنامەی نـەژاد»، هەربۆیە ئەو سیاسـەتانە بـە «کارەسـات» کۆتاییـان هات کە ئەویـش لەخۆیدا شکسـتهێنانی سیاسـەتی خوڵقاندنی «کۆمەڵگەی فرەکەڵچەری»ە.

بـەم شـێوەیە، ئـەو دیاردانـەی کە دەبینیـن لە فەرامۆشـکردنی کۆمەڵایەتـی و هۆشـیاریی ئیتنی – کەڵچـەری لە وڵاتـی میواندار دەبێتە هـۆی توندوتیژی و چڕی لە پەیدابوونی دیاردە شاراوەکان لەبارەی پێکـدادان و ناکۆکی لـە کۆمەڵگە مۆدێرنەکان و هەروەها دەبێتە مایەی جەختکردنەوە لەسـەر ئاراسـتەکانی رێکخسـتنی ئیتنی – کۆمەڵایەتی لەرێگـەی «کەڵچـەری فرەیی»، بـۆ نموونە، هـەر ئەمەشـە کە لە «بەریتانیا» و «هۆڵەندا» دەیبینین.

کێشەی «فرەکەڵچەری» کێشەی هاوسـەنگیی سیاسـی و بۆچوونە سیاسـییەکان نییە، بەڵکو کێشـەکە پەیوەسـتە بە خودی کۆنسـێپتەکە. هەڵەی هەیکەلییەت لەم کۆنسـێپتە پەیوەستە بە رۆیشتن بەرەو ئاراستەی «ناسـنامەی کەڵچـەری» بـۆ کۆمەڵەیـەك لـە کۆچبـەران و بە «نموونەیـی و رۆمانسـییەت»ی کەڵچەری نەژادی کەسی کۆچبەر.

گونجاندن لەگەڵ کەڵچەری نوێی وڵاتی نوێ بەشـێوەیەکی سـەرەکی پێویستیی بە دەرخستنی توانستەکانی گونجاندن و تێکەڵبوون هەیە لەوانەش توانسـت لە فێربوونی زمانی وڵاتی نـوێ و قایل بوون بـە ئیحتیکاری دەسـەڵاتەکان لەلایەن دامەزراوەکانی دەوڵـەت و هەروەها باوەشـگرتن لە پرەنسیپی سەروەری یاسا.

لەسەر ئەم کێشەیە توێژینەوەی زۆر ئەنجامدراوە و لەئاکامدا سەرکەوتنی «فرەکەڵچەری» دووچاری بەربەست بۆتەوە و هەربۆیە ئێستا کاتەکە هاتووە، هەروەك پرۆفیسۆر (سـتێفان لوفت – Stefan Luft) لـە زانکۆی «بریمن»ی ئەڵمانـی لە کتێبەکەیدا کە لەژێر ناونیشـانی (ماڵئاوایی لە فرەکەڵچەری)ە بابەتی «کۆمەڵگەی فرەکەڵچـەری» وەکـو «هەڵەیەکی مێژوویی» دەژمێرێت.

بەم شـێوەیە، ئەڵمانیـا دووچاری «هەڵەیەکـی مێژوویی» بوو بەهۆی ناتوانایی لە کێشـانی سیاسـەتێکی ژیرانە و زانستی کە مایەی پیادەکردن بێت لەبـارەی چۆنیەتی «تێکەڵبوون بـە خواسـت» لەلایـەن گرووپـە کۆچبەرەکانـەوە لە بەهـا ئەڵمانییە هاوچەرخـەکان کە جەخـت دەکاتەوە لەسـەر لێبوردەیی و دیموکراسییەت و مافەکانـی مرۆڤ. هەر ئەمەش بوو کە بووە هۆی «نادووڵی»ی گرووپە کۆچبەرەکان لە پابەندبوون بە هەموو ئەو «بەها»یانـە کە هەیانە و هەوڵدان بۆ پیادەکردنیان لە وڵاتی نوێ کە ئەویش لەخۆیدا بووە هۆی «تەحەددا»یەکی جددی لەدژی بەهاکانی کۆمەڵگەی ئەڵمانـی و لەئاکامـدا بـووە هۆی باسکردن لەبارەی «رووخانی ئەڵمانیا» و «ماڵئاوایی لە کۆنسێپتی فرەکەڵچەر لە کۆمەڵگەیەکی فرە کەڵچەر».

هەڵبەتە چارەسـەرەکەی بریتیە لە کپکردنـی دەنگەکانـی توندوتیژی و رەگەزپەرسـتی لەرێگـەی عەقڵانییەت-ەوە کە لەسـەر دەستی فەیلەسـووفە مەزنەکەیان (ئیمانۆیل کانت – Kant) ئەڵمانیا پێی دەناسرا و هەروەها لەرێگەی دیموکراسییەتی راوێـژکاری کـە تاکـو ئەمڕۆش فەیلەسـووفی هاوچـەرخ (یۆرگن هابەرمـاز – Habermas) بانگەشەی بۆ دەکات.

**ئوستادی زانستی سیاسی – زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر**

## جەمیل سلێمان حەیدەر وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بۆ (گوڵان):

# وەزارەتی کشتوکاڵ پێی خۆش نییە زەوییە کشتوکاڵییەکان بکرێنە زەوی نیشتەجێبوون

بەپێی پێویست نەتوانراوە لەکەرتی پەلەوەری کوردستان سەرکەوتوو بین

وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لەوەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵان دا، ئاماژەی بەگرفتی کەمی بودجە دەکات کە بۆ جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی پێشکەوتنی کشتوکاڵ گرنگە، هاوکات ئەوەشی راگەیاند کە ئەو ژمارەو زانیارییانەی لەبەردەستی وەزارەتی کشتوکاڵدایە ئەو راستییە دەسەلمێنێت کە ئەمساڵ بەرهەمی گەنم و سەوزەو میوەو گۆشت لەهەرێمی کوردستان زیادیکردووە، وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو تەئکیدی لەو پلانەی وەزارەت کردەوە کە بۆ پێشخستن و زیادکردنی قەرزی کشتوکاڵی لە ساڵی داهاتوو دەگیرێتە بەر، هاوکات پتر لە ١٤ بەنداو لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێت و ٣ لەو بەنداوانەش چوونەتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە، بەوتەی بەڕێزیان بەهاوبەشی لەگەڵ ژمارەیەك لەوەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم سنوورەکانمان لەگەڵ عێراقدا کۆنترۆڵ دەکرێت و چیتر بێ پشکنینی تەندروستی و کوالێتی ێگە نادرێت خۆراکی ناتەندروست بێتە کوردستانەوە.

لەبەرنامەی وەزارەتدایە بۆ ساڵی داهاتوو لەناوچە جێناکۆکەکان پرۆژەو کارو چالاکی کشوکاڵی ئەنجام بدرێت



**زۆربەی بیزنسکارو وەبەرهێنەرانی بیانی و ناوخۆ روو لەکەرتی کشتوکاڵی ناکەن**

ئەندازیار جەمیل سلێمان حەیدەر وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو: یەکگرتنەوەی دوو وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو کارێکی ئاسان نەبوو، هەنگاوەکانمان بەو ئاراستەیەدا چوو کە لەچوارچێوەیەکی یاسایی دا پەیکەربەندی وەزارەتی نوێ دابڕێژین و هەردوو یاسای وەزارەتی پێشوو بکەینە یەك یاسای تازە کە تێیدا زۆر لەبەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان یەکبگرنەوە، بۆ نموونە وەکو بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێرزەوی. لەلایەکی ترەوە ئەو بەڕێوەبەرایەتییەی کە کاری زۆر کەم بوو ئەو بەڕێوەبەرایەتییەمان خستەوە ناو بەڕێوەبەرایەتییەکی تر، بەم شێوەیە دوای پەسەندکردنی یاسای وەزارەت لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانەوە ئێستاکە وردەکارییەکانی پەیکەری وەزارەت تەواو بووەو بۆ وەزارەتی دارایی بەرزکراوەتەوە.

**• پێش دوو ساڵ لەمەوبەر پلانێکی ستراتیژی بۆ پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی داڕێژرا، بەڵام لەگەڵ تەرخانکردنی بەشە بودجەی وەزارەتەکان، بۆ پێشخستن و پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ و ئاودێری بڕە بودجەیەکی کەم تەرخانکرا. پێت وانییە بەبودجەیەکی کەم و بێ دیراسەتکردنی توانای دارایی تەرخانکراو مومکین نییە بتوانرێت زۆربەی زۆری بڕگەو خاڵەکانی پلانەکەو ئامانجەکان بخرێنە بواری پراکتیکییەوە؟**

- پلانی پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی لەساڵی ٢٠٠٩ لەکابینەی پێنجەم دەستی پێکراو لەم کابینەیەش تەواوکاری بەرنامەو پلانەکانی هەمان کابینەین، چونکە پلانەکە لە٢٠٠٩ تا ٢٠١٣یە، واتە پلانێکی پێنج ساڵەیەو ئامانجی سەرەکی ئەو پلانە ستراتیژییە گەیشتنمانە بەقۆناغێك کە بەتوانای نێوخۆیی بتوانین پێداویستییەکانی ناوخۆی هەرێمەکە لەو پێنج ساڵەدا دابین بکەین، بەڵام لەم پلانەدا بودجەیەکی گەورە دانرا، کە نزیکەی ١٠ ملیار دۆلار بودجە بۆ جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ پێشنیار کرابوو، ئەم بڕە پارەیە بۆ بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان و عێراق زۆرە، بۆیە گەرچی تەرخانکردنی ئەو بڕە پارەیە بۆ پێنج وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی و کشتوکاڵ و پلاندانان و وەزارەتی پێشووی سەرچاوەکانی ئاو بوو، بەڵام لەم قۆناغەدا مومکین نییە دابین بکرێت، دواکەوتنی رەزامەندی لەسەر بودجە کە بۆ مانگی ٦ درێژەی کێشاو لەمانگی تەمموز دەست بەپرۆژەکان کراو تەنیا توانرا پرۆژەکان بخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە.

**• کاتێك بودجەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی پەرەپێدانی کشتوکاڵ دابین نەکرێت پێویست بەوە دەکات لەڕێگای هاندانی کەرتی تایبەت و راکێشانی وەبەرهێنانەوە بڕە بودجەی پێویست دابین بکرێت و کەرتی تایبەتیش رۆڵی خۆی ببینێت لەپەرەپێدانی کەرتی کستوکاڵ، ئایا چی کار ئاسانی و هەنگاوێك لەمبوارەدا نراوە؟**

- کەرتی کشتوکاڵی بەبێ کەرتی وەبەرهێنان پێش ناکەوێت، بۆیە کارو چالاکییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ بەو ئاراستەیە دەڕوات کارئاسانی و یارمەتی هەموو وەبەرهێنەرێکی نێوخۆیی و بیانی بکەین، بۆ نموونە ماوەیەك لەمەوبەر سەرۆکی هەرێم سەردانی وڵاتی تورکیای کردوو پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و ئەو وڵاتە تارادەیەکی باش ئاسایی بۆتەوەو بەرەو پێشەوە چووە، دوابەدوای ئەم سەردانەش ژمارەیەکی بەرچاو لەکۆمپانیاکانی تورکیا هاتنە هەرێمی کوردستان و لەکەرتی وەبەرهێنان کاریان کرد، بۆیە رۆژانە چەندین کۆمپانیای کشتوکاڵی یا پەیوەندار بەکەرتی کشتوکاڵی لەدەرەوەی وڵات و لەتورکیاوە روو لەهەرێمی کوردستان دەکەن، هەر بۆیە لە وەزارەتی کشتوکاڵی پلانێکمان داناوە بۆ پێشخستنی کەرتی وەبەرهێنانی بیانی و نێوخۆیی، کە پرۆژەکانی پێشخستنی کشتوکاڵ و دامەزراندنی کارگەکانی پیشەسازی خۆراکی لەخۆدەگرێت، لە پلانی ٢٠٠٩ بڕی ١٠٠ ملیار دینار تەرخانکرابوو بۆ پێدانی قەرزی کشتوکاڵی، کە تەنیا نزیکەی ٨ ملیار سەرفکرا، چونکە ئەو کات سوود لەسەر دانەوەی قەرزەکە دانرابوو دوای رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران بڕی سوودمان لابردوو، لەبەرنامەدا هەیە قەرزی کشتوکاڵی پێش بخەین و دەرفەتێکی باش دەبێت بۆ پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵی و زیادبوونی رووبەری کشتوکاڵ.

**• زۆربەی بیزنسکارو سەرمایەداری کوردستانی روویان لەکەرتی بازرگانی و بەڵێندەرایەتی یا پرۆژەکانی نیشتەجێبوون کردووە، واتە لەکەرتی بەرهەمهێنان دووركەوتوونەتەوە بەتایبەتی لەبواری کەرتی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی، بەڕێزت پێت وانییە کەموکورتییەك لەیاسای وەبەرهێنان هەیە کە وایکردووە سەرمایەداران روو لەو کەرتانە بکەن کە قازانجی خێرای تێدایە؟ بۆ هەوڵ نەدراوە لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان گفتوگۆ بکرێت و ڕێگایەك بدۆزرێتەوە تاوەکو زیاتر ئاسانکاری و یارمەتی ئەو وەبەرهێنانە بکرێت کە لە پرۆژەی وەبەرهێنانی کشتوکاڵی کار دەکات؟**

- بەداخەوە زۆربەی ئەو وەبەرهێنەرە بیانیانەی کە دێنە کوردستان روو لەو کەرتە ئابوورییە دەکەن کە سوودی زیاترو خێراتر لێی دەست دەکەوێت، بەپێچەوانەی پرۆژەکانی کشتوکاڵەوە کە کاتێکی زۆری دەوێت، بۆ نموونە پرۆژەی شیرەمەنی ( الالبان) کاتێکی زۆری دەوێت تاوەکو مانگای شیردەر لەدەرەوە دەهێنرێت و وردەکاری پرۆژەکەو دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمەکە مسۆگەر دەکرێت، تەنانەت کارگەی ئالیکیشی دەوێت، گرفتی وەبەرهێنەری کوردستانی لەوەدایە نازانێت پرۆژەکانی وەبەرهێنانی کشتوکاڵی پرۆژەی بەردەوامن و بگرە لە یاسای وەبەرهێنانیشدا ئاسانکاری و یارمەتی و بگرە پاڵپشتییەکی باشی بۆ دانراوە بۆ نموونە لەکاتی ئەنجامدانی پرۆژەی کشتوکاڵی یا ئاژەڵداری و بیزنسکار دەتوانێت ببێتە خاوەنی ئەو رووبەرە زەوییە، ئێستاکە دوو گەورە کۆمپانیای گەورە هاتوون یەکێکیان کۆمپانیای نوورە لە دەشتی شەمامك بۆ بەخێوکردنی ٤٠٠٠ مانگا لەدەرەوەی وڵات دەهێنن و کارگەیەکی ئەلبان دادەمەزرێنن، هەروەها کۆمپانیایەکی تری بەریتانی کە نزیکەی ٨٠٠ دۆنم زەوییان لێرە وەرگرتووەو بڕیاریشە ١٠٠٠ دۆنمی تریشیان لە بەردە رەش بدەینێ بۆ دامەزراندنی پرۆژەیەکی گەورەی ئەلبان، لەگەڵ کۆمپانیایەکی تری بەرازیلیش گفتوگۆو دانوستاندن دەکەین بۆ دانانی کارگەیەکی شەکر. چەندین پرۆژەی تری وەك چاندنی زەیتوون و دروستکردنی کارگەی تری پیشەسازی خۆراکی پێشکەش بەوەزارەت کراوە.

**• بەڕێزت باست لەقەرزی کشتوکاڵی کرد ئایا بەرنامەو پلانی وەزارەت بۆ ساڵی داهاتوو چییە تاوەکو قەرزێکی زیاتر بدرێتە ئەو جووتیارو بیزنسکارانەی دەیانەوێت لەبورای کشتوکاڵ کار بکەن و پرۆژەی وەبەرهێنان ئەنجام بدەن؟**

-لە ساڵی ٢٠٠٩ تاوەکو ٥٠ ملیۆن دینار قەرزمان داوە، واتە هەر جووتیارێك پرۆژەیەك پێشکەش بکات دەتوانێت بڕی ٥٠ ملیۆن دینار قەرزی کشتوکاڵی وەربگرێت، ساڵی

لەڕێگای قەرزی کشتوکاڵییەوە دەرفەتێکی باش بۆ پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵی دابین دەکەین

زیاتر لە٦٠٪ی بودجەی پلانی ستراتیژی بۆ کەرتی ئاوە

**کێشەی کەرتی پەلەوەر لەوەدایە تاکو ئێستا ناتوانین کێبرکێی بەرهەمی بیانی بکەین**

٢٠١٠ سەقفی پێدانی قەرزی کشتوکاڵی بۆ ٨٠ ملیۆن دینار بەرزکرایەوە، لە بەرنامەدایە بۆ ساڵی ٢٠١١ ئەو سەقفە زیاد بکرێت، بڕیاریشە ناوچە جێناکۆکەکان دوای ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوانیش توانای سوود وەرگرتنیان لەقەرزی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان هەبێت، کاتێك باسی یارمەتی و پاڵپشتی کەرتی کشتوکاڵ دەکەین هەندێك پرۆژە هەیە پاڵپشتی و یارمەتی وەزارەتیش دەکرێت بۆ نموونە کڕینی مەکینەی تراکتۆر جووتیار دەتوانێت قەرز وەربگرێت و لەلایەن ئێمەوە ١٥٠٠ دۆلار وەك کۆمەك پێی دەدرێت، سیاسەت و بەرنامەی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بۆنموونە ئێمە تەنیا ئامێرو کەرەستەی کشتوکاڵی ناکڕین و دابەشی بکەین، بەڵکو هەڵساوین بەدانانی ستراتیژییەتێك کە هەرجووتیارێك پێداویستی چی یە لەڕێگای وەزارەت پاڵپشتی دەکرێت بەبەشێك لە پارە، تاوەکو بەپێی پێداویستی جووتیارەکە ئامێرو کەرەستە کشتوکاڵییەکان بۆ جووتیاران دابین بکرێن.

**● لەدوا کۆنفرانسی خۆراك بەڕێزت ئاماژەت بەوەدا کە داتاو دوا زانیارییەکانی دەستکەوتوو لەکەرتی کشتوکاڵی کوردستان ئاماژە بەوە دەدەن کە کەرتی کشتوکاڵی و بەرهەمی نێوخۆیی بەتایبەت لەبواری گەنم و میوەو سەوزەو گۆشتەوە بۆ پێشەوە چوو ئایا ئەو داتاو زانیارییانە دڵخۆشکەرە بەوەی کەرتی کشتوکاڵی بۆ پێشەوە چووەو هەنگاو بەرەو ئاسایشی خۆراکی لەهەرێمی کوردستان دەنرێت؟**

**٧٠٠٠ خانووی بلاستیکی لەهەرێمی کوردستان دانراوەو کاریگەری باشی لەسەر زیادبوونی بەرهەمی سەوزە کرد**

- جیاوازییەکی بەرچاو لەئاستی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٩ تا ٢٠١٠ هەبووە، بۆ نموونە پێداویستی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لەبەرهەمی گەنم بۆ ئەو پێنج ساڵە کە دانیشتووانی هەرێم بە ٥ ملیۆن کەس دانراوە ساڵانە نزیکەی ٥٠٠ هەزار تەنە، ئەمساڵ بەرهەمی گەنمی کوردستان کە لە سایلۆکان وەرگیرا گەیشتە نزیکەی ٥٠٣هەزار تەن، ئەم بڕە گەنمەش تەنیا گەنمی پلە (یەك و دوو) بوو. لەبواری بەرهەمی سەوزەدا گەر بەراوردی بکەین بەساڵی ٢٠٠٩ ئەوە دەبینین لەرووی زیادبوونی خانووی پلاستیکییەوە کە گەیشتوونەتە ٧٠٠٠ خانووی پلاستیکی ئەمە گۆڕانکارییەکی باشە لەبواری پێشکەوتنی شێوازی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵییەوە، نزیکەی ١٤٠٠ خانووی پلاستیکیمان دابەش کرد، تەنانەت لەبواری گۆشتی ئاژەڵ و پەلەوەڕیشەوە هەنگاوی باش نراوەو ئەمساڵ بەرهەمی نێوخۆیی زیاد بووەو مۆڵەت دەدرێتە هەموو بیزنسکارو جووتیارێك تاوەکو لەڕێگای برایم خەلیل ئاژەڵ بهێنێتە هەرێمی کوردستان ئەوەتا لەڕێگای برایم خەلیل ١٠٠٠ مانگای بەرازیلی هاتۆتە هەرێمی کوردستان.

**● زۆر جار باسی خۆراکی تەندروست دەکرێت، ئایا لەگەڵ وەزارەتەکانی بازرگانی و پیشەسازی و تەندوستی تاچەند گفتوگۆ کراوە تاوەکو کۆنترۆڵی هێنانی خۆراکی خراپ و ناتەندروست بکرێت و پاڵپشتی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی بکرێت؟**

- لێرەدا کێشەیەکی لێکتێگەیشتن هەیە کاتێك هەرچی ڕەخنەیەك بگیرێت لەبواری خۆراك و دابینکردنی پێداویستی خۆراك ئەو بوارەی کە بەڕێزت ئاماژەت پێدا ڕاستەوخۆ ڕەخنە لەوەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەگیرێت، بۆ نموونە وەرگرتنی بەرهەمی گەنمی جووتیاران لە سایلۆکان هەر کەموکورتییەك هەبێت ڕاستەوخۆ ڕەخنە لەوەزارەتەکەی ئێمە دەگیرێت لەکاتێکدا ئەمە پەیوەندی بەوەزارەتی بازرگانی و پیشەسازییەوە هەیە، تەنانەت ئەرکی هاندان و دانانی کارگەو پرۆژەکان دەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتەکانی تر نەك وەزارەتی کشتوکاڵ، لەپلانی ستراتیژی پەرەپێدانی کشتوکاڵی دا هاتووە بەشێك لەو پلانە وەزارەتەکانی بازرگانی و پیشەسازی لەئەستۆی دەگرێت تەنانەت بڕە پارەی پێویستیشیان بۆ دانراوە، بۆ نموونە دروستکردنی سایلۆکان و پیشەسازی خۆراکی پەیوەندی بەوانەوە هەیە، چ لەڕێگای کەرتی تایبەت بێت یا کەرتی گشتی، ئەوانیش قەرزی پیشەسازییان هەیە. تەنانەت لەبەرنامەدایە سایلۆکان نوێبکرێنەوە و چەند سایلۆیەکیش دروست بکرێن لە دەڤەری کەلارو بەردەرەش. ئێمە وەك وەزارەتی کشتوکاڵی لە ناوچە سنوورییەکانی ئێران و تورکیاوە لەهەموو دەروازەکان گرەنتی کشتوکاڵ و بەیتەری هەیە، تەنانەت کوالێتی کۆنترۆڵ و تەندروستیش هەیە، ئێستاکە من لەگەڵ هەریەك لەبەڕێزان وەزیری پلاندانان و تەندروستی و بازرگانی و پیشەسازی تاوەکو جۆرە ڕێکخستنێك بکەین و هەر وەزارەتێك پێکەوە لەڕێگای سیستەمێکی هاوبەش کۆنترۆڵی ئەو خۆراك و بەرهەمە بیانییانە بکەین، تەنانەت ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانمان وەرگرتووە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو بەرهەمانەی لەناوچەکانی ناوەراست و خوارووی عێراقیشەوە دێت تاوەکو سنوورەکان بەو شێوەیەی ئێستا کراوە نەبێت لەبەردەم هێنانی خۆراك و بەرووبوومی خراپی کشتوکاڵی.

**● شارەزایانی بواری ئابووری لەچەند بۆنەیەدا ئاماژەیان بەپلانی پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی کرد،کە پلانێکی خراپ نییە بەڵام ئاماژە بەچۆنیەتی جێبەجێکردنی پلانەکە نەکراوە، ئایا ئەمە کەموکورتیی نییە لەپلانە پێنج ساڵییەکەی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو کە وادەکات جێبەجێکردنی پلانەکە لەرووی پراکتیکییەوە کارێکی ئاسان نەبێت؟ تاچەند وەزارەت پرسی بەشارەزایانی ئەکادیمی زانکۆو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کردووە بۆ چارەسەرکردنی کەموکورتییەکان؟**

- ئێستاکە لەساڵی دووەمی جێبەجێکردنی پلانەکەداین بەنیازین لەمانگی کانوونی یەکەمی ئەمساڵ کۆنفرانسێکی گەورە بکەین ئێستاکە لەهەردوو مانگی ١٠ و ١١ کۆنفرانسی بچووکمان دەست پێکردووە تاوەکو هەموو سێکتەرێك بەجیا لەچۆنیەتی هەڵسەنگاندنی سێکتەرەکەوە باشترین بۆچوون و پێشنیار بۆ داڕشتنەوەی بەرنامەکانمان داڕێژین، بەتەئکید گرفت و کێشەو ڕێگای ناتەندروستمان هەیە و بەدوای هەڵبژاردنی بەرنامەو پلانی نوێ و باشتردا دەگەڕێین، تاوەکو لەسێ ساڵی تر چی بکەین، سەرکەوتنی پلانی ستراتیژی کەرتی کشتوکاڵ پەیوەندی بەبودجەوە هەیە، گەربێتوو لە ٦٠٪ ی ئەو پلانە بچێتە بواری پراکتیکییەوە بەتەئکید سەرکەوتوو دەبین.
بەتەئکیدیش لەگەڵ شارەزایانی دەرەوەی وڵات و ناوخۆ گفتوگۆو ڕاگۆڕینەوە کراوە تاوەکو لەڕێگای هەڵسەنگاندن و بۆچوون و پێشنیارەکانیانەوە بەبەردەوامی پلانەکە باشتر بکرێت، لەوەزارەتمان شاندمان بۆ ئوسترالیا ناردووە بۆ چاندنی گەنم بەڕێگای تەکنەلۆژیاو شێوازی نوێ تا ئێستا بەرهەمی گەنمی ئێمە ١-٢٠ بووە لەکاتێکدا لەوڵاتی ئوسترالیا ١- ٥٠ بووە، ئەمە لەکاتێکدا هەمان ژینگەو بارودۆخی سروشتیمان هەیە.
لەبەرنامەی وەزارەتمان دایە بەتەکنەلۆژیای نوێ و شێوازی پێشکەوتوو کەرتی کشتوکاڵ

بۆ پێشەوە ببەین.

**• ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانمان ڕەنگە بەگەورەترین فاکتەری پێشکەوتنی کەرتی کشتوکاڵ دابنرێت کەچی ئێستا کۆچی پێچەوانە هەیە ئەمەش کاریگەری لەسەر پێشکەوتنی کەرتی کشتوکاڵ دەبێت، ئایا ڕای بەڕێزت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گوندنشینەکان چیە بەتایبەت گرفتی نەبوونی بازاڕ بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمی جووتیاران کە هۆکارێکی بنەڕەتی هاندانی کەرتی کشتوکاڵە؟**

- ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان تایبەتە بەوەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، پێشتر بەرهەمی جووتیار کە دەنێردرایە شارەکان بەهۆی گرانی تێچوونی گواستنەوەوە قازانجی نەدەکرد، بۆیە لە٢٠٠٩ و ٢٠١٠ یاسای پاراستنی بەرهەمی نێوخۆی کشتوکاڵی دەرچووە، لەم ڕوانگەیەوە باج لەسەر بەرهەمی بیانی دانرا گەرچی سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، بۆیە بڕیارماندا بەپێی بارودۆخی ئاستی بەرهەمی ناوخۆیی ئەو سیستەمە پەیڕەو بکرێت، واتە کاتێك بەرهەمی ناوخۆی کەرتی کشتوکاڵ لەبواری بەرووبوومێکدا باش بوو، ئەو کات باج لەسەر بەرهەمی بیانی ئەو بەرووبوومە دادەنرێت.

بەمەش کاتێك جووتیار بزانێت لەچاندنی بەرهەمێکدا زیانی پێ ناگات، ئەو کات لەسەر بەرهەمهێنان و بگرە پێشخستنی بەرووبوومەکەشی بەردەوام دەبێت.

**• لەهەرێمی کوردستان نزیکەی ٤٠٠ کێڵگەی پەلەوەر هەیە کەچی بازاڕەکانی کوردستان پڕ بووە لەبەرهەمی پەلەوەری بیانی، تەنانەت لەبواری کەرتی ئاژەڵیشدا بەهەمانشێوە؟**

- ڕاستە بەپێی پێویست نەتوانراوە لەکەرتی پەلەوەری کوردستان سەرکەوتوو بین، کێشەی کەرتی پەلەوەر لەوەدایە تاکو ئێستا ناتوانین کێبرکێی بەرهەمی بیانی بکەین، ئەمەش بۆ کۆمەڵێك هۆکار دەگەڕێتەوە لەلایەك عەلەف لەدەرەوەی وڵات دێت و لەلایەکی ترەوە دەستی کار گرانە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم بارودۆخە هەنگاوێکی نوێمان دەست پێکرد و ١٢ گروپی پرۆژەکانی پەلەوەرمان بە شێوەی بازنەیی دامەزراند، هەر گروپێك ملیۆن دۆلاریان لەحکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ تەرخان دەکرێت و بەشێوەی قیست ئەو بڕە پارەیە وەردەگرن، بۆ ئەم مەبەستەش زیاتر لە ٤ ملیار دینار تەرخانکراوە بۆ پاڵپشتی خاوەن پەلەوەرەکان، ئەمەش وەکو پاڵپشتی سەربڕینی پەلەوەر، پێم وایە لە داهاتوودا بتوانین کێبرکێی بەرهەمی پەلەوەری بیانی بکەین.

**• ئایا تاچەند هەوڵ دەدرێت پرۆژەکانی ئاودێری و بەربەست و بەنداوەکان بەرەو پێشەوە ببرێت تاوەکو جارێکی تر ڕووبەڕووی وشکەساڵی نەبینەوەو ڕووبەری زەوی بەراو فراوان بکەین؟**

- زیاتر لە٦٠٪ی بودجەی پلانی ستراتیژی بۆ کەرتی ئاوە، ئێستاکە لەهەرێمی کوردستاندا پرۆژەی باش دەستی پێکردووەو، هەنگاوی باش بەرەو زیادکردنی ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی دەنێین و چی تر هەر پشت بەئاوی باران نابەستین، لەبەرنامەی وەزارەتدایە ١٤ بەنداو لەهەرێمی کوردستان دروست بکەین، لە هەرێمی کوردستان ١٥٤ شوێن هەیە دەستنیشان کراون، بۆیە بەنداوە بچووك و مامناوەندی و گەورەکان لەپلانی وەزارەتدایە بۆ ئەم مەبەستەش ٣ بەنداو لەقۆناغی جێبەجێکردندان و زیاتر لە ١٠٠ پرۆژەی ئاودێری لە بەرنامەی ٢٠١٠ دایە، هەروەها دیراسەتی پرۆژەی شەمامك تەواو بووەو بەتەواوبوونی پرۆژەکەش دەتوانرێت ٨٠ هەزار دۆنم زەوی کەڵکی لەو پرۆژە ئاودێرییە گرنگە وەربگرێت و چۆتە قۆناغی تەندەرەوە، بەتەواوبوونی پرۆژەی ئاودێری شەمامگ هەنگاوێکی گەورە بۆ کەرتی کشتوکاڵ لەهەرێمی کوردستان دەنرێت.

لەکۆتاییدا بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ئاماژەی بەوەکرد کە وەکو وەزارەتی کشتوکاڵ پێیان خۆش نییە زەوییە کشتوکاڵییەکان بکرێنە زەوی نیشتەجێبوون، بۆیە پێویستە هەنگاو بەرەو گەورەبوونی شار بدرێت بەشێوازی ستوونی نەك ئاسۆیی، هاوکات بەڕێزیان سەبارەت بەپەتاو نەخۆشییەکانی کشتوکاڵی و ئاژەڵی گووتی : لە دوو ساڵی ڕابردوودا کەرتی کشتوکاڵ زیانی گەورەی لێکەوتوو نەخۆشی و پەتای ئاژەڵیش زیادیکردبوو، بەڵام ئەمساڵ هەنگاوی جیددی و بەردەوام بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو گرفت و کێشانە نراوەو جێی دڵخۆشیشە ئەمساڵ ئاژەڵ لەدەرەوەی وڵات دێتەوە، لەبەرنامەی وەزارەتیشدایە بۆ ساڵی داهاتوو لەناوچە جێناکۆکەکان لەسنجار تا خانەقین چەند کەرەستەیەکی ئاودان دابەش بکرێت و لە قەرزی کشتوکاڵیشدا وەکو هەرێمی کوردستان مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و تۆوی باوەڕپێکراویان بدرێتێ. لە بەعشیقە سەرقاڵی پرۆژەیەکی زەیتی زەیتوونین و چەند بیرێکی ئێرتوازیش دادەنرێت و نەمامی زەیتوونیان بەسەردا دابەش دەکرێت.

**بەپێی ئاستی بەرهەمی کشتوکاڵی ناوخۆیی سیستەمی دانانی باج لەسەر بەرهەمی بیانی پەیڕەو دەکرێت**

**پلانی پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی لەساڵی ٢٠٠٩ لەکابینەی پێنجەم دەستی پێکراو لەم کابینەیەش تەواوکاری بەرنامەو پلانەکانی هەمان کابینەین**



# پێتەری گەورە لە روسیاو...
# خوێندنەوەیەکی مێژوویی بۆ ئابووری هەرێمی کوردستان



**د. نەهرۆ عەلی / ئۆکرانیا**

نووسەرانی خۆمان و بێگانەش هیچ نووسراوێك یان توێژینەوەیەکی ئەوتۆیـــان دەربارەی مێژووی ئابووری کوردستان نەنووســـیوە، بێگومان ئەوەش بۆتـــە هـــۆی دروســـتبوونی کەلێنێکـــی گەورە لەمێژووی نووســـراوی کوردستاندا. لەبەر نەبوونی سەرچاوەی باوەڕپێکراو دەربارەی مێژووی ئابووری کوردســـتان ســـانا نییە بۆ هیچ کەسێك خۆی لە قەرەی نووسینی ئەو بابەتە بدات.

چەمکی زانســـتی مێژووی ئابـــووری لە دوو سەرچاوەی ســـەرەکییەوە ڕێچکەی گرتووە(زانستی مێژوو و زانســـتی ئابـــووری). یەکەم نووســـراو دەربارەی مێژووی ئابووری لەساڵی ١٥١٤ لەلایەن بیرمەندی فەرەنســـیەوە (گیلیۆم بیود)ـەوە لەژێر ناونیشـــانی (خوێندنەوەیەك دەربارەی ئاسس**) نووسراوە. لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی بورژوازی لە سەدەکانی شـــازدەو و هەژدەدا بیرو راو پرسیار دەربارەی مێـــژووی دارایی و بازرگانی و ...تاد. واتە دەربارەی مێژووی چالاکییە ئابوورییەکان وەك پێداویســـتیەکی مێژوویی هاتە کایەوە، لەو کاتەوە مێژووی ئابووری وەك زانســـت لەدایکبوو، کار و بەرهەمەکانی (ویلیام پێتی) بەناونیشانی (دەربارەی بـــاج و کۆکردنەوەی) کە لە ســـاڵی (١٦٦٢) دا بڵاوکراوەتەوەو بەرهەمە بەنرخەکەی (ئادەم سمیت) بەناوی (ســـامانی نەتەوەکان)ـــەوە کە لەســـاڵی (١٧٧٦) دا بڵاوی کردەوە زیاتر زانیاریان دەربارەی مێژووی ئابووری دەوڵەمەنتر کرد. دوابەدوا لەگەڵ پەیدابوونی سیستمی سەرمایەداری و بەتایبەتی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا مێژووی ئابووری بووە زانســـتێکی ســـەربەخۆ. هیـــگل و مارکس بـــەردی بناغـــەی شـــیکردنەوەی دیالێکتیان بۆ مێژووی ئابووری دارِشـــت. ئەوەی پێویستە لێرەدا بوترێت بەشـــێوەیەکی گشتی ئابووری و چالاکییە ئابوورییـــەکان هێزی پاڵپێوەنـــەری مێژوون، بەڵام ئەوەی من لەم نووســـینەدا مەبەســـتمە باسکردنە لەمێژووی ئابووری وەك زانستێکی کۆمەڵایەتی. بێگومـــان هەموو مێژوویەك ســـەرەتایەکی هەیە، دیارە مێـــژووی ئابووری هـــەر کۆمەڵگەیەکیش مێژوویەکـــی دەســـتپێکردنی خـــۆی هەیـــە، بۆ نموونـــە چەندان نووســـین و لێکۆڵینەوە دەربارەی مێژووی ئابووری بەریتانیـــا، ئەڵمانیا، ئیتالیا... تاد نووســـراون، جگە لەوەش مێـــژووی ئابووری وەك ماددەیەکی ســـەربەخۆو ســـەرەکی لە زانکۆ جیهانییەکانی وەك(ئەکسفۆرد، کەمبریج، هارڤارد، مۆسکۆ..تاد) دەخوێندرێت. دیارە کوردیش هەر وەك میللەتانی دیکە هەر لە سەرەتاوە لەسەر خاکەکەی خۆی چالاکی ئابووری نواندووە. ئەوەی پێویستە تیشکی بخەینە ســـەر چ مێژوونووسە بیانییەکان و چ گەڕیـــدە بیانییەکان کـــە دەربارەی مێژووی گەلی کورد نووسیویانە تەنیا بەشێوەیەکی گشتی و لاوەکی ئاماژەیان بە ڕەوشی ئابووری و مێژووی ئابووری کوردســـتان داوە، بۆ نموونە مێژوونووسی روســـی گەردلێڤسکی لە بەرهەمە مێژووییەکانیدا توخنی ئەو باســـانە کەوتووە، هەروەها گەڕیدەی ناوداری تورك ئەولیا چەلەبی لە ســـیاحەتنامەدا ئامـــاژە بە پێوەندی ئابـــووری و بازرگانیی کورد لەگەڵ ئەو مەڵبەندو ناوچانەی نزیك کوردســـتان داوە، چەنـــدان ڕۆژهەڵاتناس و مێژوونووســـانی تری بیانی بە هەمان شـــێوە ئاماژەیان بە ڕەوشی ئابـــووری کوردســـتان داوە. مێژوونووســـەکانی خۆشـــمان بە تایبەتی شـــەرەفخانی بەدلیسی و مامۆســـتا محەمەد ئەمین زەکی بەگ، ئەوانی تریش بەهەمان شـــێوەی مێژوونووســـە بیانییەکان بەشێوەیەکی گشتی و لاوەکی باسیان لە مێژووی ئابووری کوردســـتان کردووە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجەو پێویستە ئاماژەی پێبدەین دکتۆر کەمال مەزهەر کە لە زۆربەی نووسینەکانیدا بەشێوەیەکی فراوانتر و باشـــتر و زانستیانەتر ئاماژەی بە ڕەوش و ڕۆڵی ئابـــووری کوردســـتان داوە، بە تایبەتی لـــە وتاری (چەند لاپەڕەیەك لـــە مێژووی چینی کرێکاری کورد)، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بپرسین ئایا بۆچی ئابووری کۆمەڵگەیەك پێشـــکەوتووترە لە ئابـــووری کۆمەڵگەیەکی تر؟ بەبۆچوونی من ئابووری خۆی لەخۆیدا نابێتە هۆکاری پێشکەوتن، هەرچەنـــدە ئـــەو وڵاتە یـــان ئـــەو کۆمەڵگەیە دەوڵەمەند بن بە سەرچاوە سرووشتی و مرۆییەکان، پێشـــکەوتنی ئابووری بەستراوە بەجۆری چالاکی ئەو کۆمەڵگەیـــەوە، چونکە گەل خاوەنی مێژووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە مێژوودا سەرکردە وەك تاکە کەس دەتوانێت گەورەترین ڕۆڵ ببینێ لە گۆڕینی کۆمەڵگە لە بارێکەوە بۆ بارێکی پێشـــکەوتووتر، گەر سەرنج لە مێژووی ئابووری گەلان و وڵاتانی جیهان بدەین دەبینیین پێشـــکەوتنیان بەستراوە بە ســـەرکردەیەکەوە، واتە بە کەسایەتیەکی تایبەتەوە. بۆ نموونە هاندەر و ڕێنیشاندەری ریفۆرمی ئابووری لە ئەڵمانیا (مارتین لۆتەر) بوو کە پێشـــنیارەکانی لە (٩٥) بەندا بڵاوکردەوە، تەنانەت کارڵ مارکس بە (ریشســـپی ریفۆرمی ئابووری ئەڵمانی) ناوی دەبات. ژاپۆنییەکان شاهێنشـــا (سیکۆتۆ-تایسی) بەیەکەمیـــن ڕیفۆرمخـــوازی وڵاتەکەیان لە قەڵەم دەدەن، کاکڵـــەی بیرۆکەکـــەی لە (١٧) یاســـادا لە ســـاڵی (٦٠٤) دا پێشـــنیار کرد. ڕاستیەکەی بابەتەکەی ئێمە ئەوە نییە ســـەرژمێرییەك بەناوی ســـەرکردەو ڕیفۆرمخوازەکانـــی گەلانـــی جیهان بکەیـــن. مێژووی ئابووری کوردســـتان لەســـەر نموونـــەی ئابووری هەرێمی کوردســـتان و ڕۆڵی نێچیرڤان بارزانی لە دروســـتکردنی ئەو مێژووەدا. لەوەتـــی دەوڵەتی ماد نەمـــاوە، چەندان دەوڵەت و میرنشینی تری ســـەربەخۆ و نیمچە سەربەخۆی کوردی ســـەریان هەڵـــداوەو لە ناوچـــوون، بەڵام بەداخەوە هیچ سەرچاوەیەکی ئەوتۆمان لەبەردەستدا نییـــە، ئەگەر ئـــەو قۆناغە تێبپەڕێنیـــن و بێینە ســـەر مێژووی نوێی گەلەکەمـــان، واتە مێژووی سەدەی بیستەم و دابەشـــکردنی کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتی دراوســـێدا، ئـــەوا دەتوانیین ئاماژە بە حکومەتەکەی شـــێخ مەحمودی نەمر بکەین لە باشووری کوردستاندا، لەبەر هەرهۆیەك بێت کەمی تەمەنی ئەو حکومەتە یـــان هەر هۆیەکی دیکە، ناتوانیـــن باس لە ریفۆرمی ئابووری و گەشـــەی ئابـــووری کابینەی حکومەتەکەی شـــێخی نەمر بکەین. دواتریش بەهەمان شـــێوە لە حکومەتەکەی پێشـــەوا قازی محەمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ناتوانییـــن ئاماژە بە پێگـــەو هەیمەنەی ئابووری حکومەتەکەی بدەین. لەو کاتـــەوە تاکو ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی ساڵی (١٩٩١)ی خەڵکانی باشووری کوردستان هیچ هەلێکی تری ئەوتۆ بۆ گەلەکەمان لـــە دامەزراندنی ناوچەی ســـەربەخۆ یان نیمچە ســـەربەخۆدا نەهاتۆتە کایەوە، کە لـــە ئەنجامدا توانرا ناوچەیەکی نیمچە ســـەربەخۆ لە باشووری کوردســـتاندا دابمەزرێندرێت. ئەوەی شایســـتەی ئامـــاژە پێدانە هـــەر لەدوای جەنگـــی دووەمی جیهانیەوە تاکو ڕاپەڕین بەهۆی شۆڕشـــە یەك لە دوای یەکەکانەوە دژی ڕژێمە جیاوازەکانی بەغدا، ئێمەی کورد هیـــچ ئەزموونێکی ئەوتۆمان نەبووە لە بەڕێوەبردندا، بـــە تایبەتی لە بواری ئابووریدا. ئەوەی ئاشـــکرایە هەر لەو کاتەوە ســـەرکردایەتی

سیاسی کورد بە گشت کەموکوڕییەکەوە هەوڵی دامەزراندنی یەکەکانی بەڕێوەبردنی لە ناوچە ئازادکراوەکاندا دەستپێکرد، خوێنەر مافی خۆیەتی بپرسێت ئایا چ ڕوویەکی لێکچوو لەنێوان کوردستان و ڕووسیادا و نێچیرڤان بارزانی و پێتەری گەورەدا هەیە؟ لەکۆتایی سەدەی هەڤدەهەمدا واتە سێ سەد ساڵ لەمەو پێش ڕووسیا دواکەوتووترین وڵاتی ئەو کاتە بوو لە گشت بوارەکاندا بە تایبەتی لە بواری ئابووریدا، هەژاریی و نەداریی و کەمدەرامەتیی و خراپی ڕێگەوبان و ...تاد. گشت ڕووسیای گرتبۆوە، پێتەری گەورە ڕووسیایەکی لەو شێوەیەی بە میرات بۆ جێمابوو. مێژوونووسان بەبێ جیاوازی نازناوی گەورەیان بەخشی بە پێتەر، وەك مەزنترین و گەورەترین ڕیفۆرمکاری ئەو سەردەمەی ڕووسیا. پێتەری گەورە دەیزانی تەنیا بەهۆی ئابووریەکی تۆکمە و پتەو، دەتوانێت سوپایەکی بەهێز و کارا دابمەزرێنێ، بە واتایەکی دیکە هاندەر و پاڵنەری سەرەکی پێتەری گەورە بۆ ریفۆرمی باری ئابووری بەهێزکردنی هێزی سەربازی ڕووسیا بوو.

هەرە ریفۆرمە گرنگەکانی پێتەر بریتی بوون لە:

ریفۆرم لە(بەڕێوەبردندا، سوپا، پەروەردەو فێرکردن پێوەندی کەنیسە بە حکومەتەوەو ریفۆرمی ئابووری..). لە ماوەی حوکمڕانی پێتەردا زیاد لە (٢٠٠) کارگەی بەرهەمهێنان دامەزرێنرا کە بووە هۆی پەیدابوونی شار و شارۆچکەی نوێ بە تایبەتی لە ناوچەی ئۆڕاڵدا وەك شارەکانی (ئیکەتینبورگ، نیژنی تایگە، تولە، نیڤیانسك) ئێستاکەش ئەو شارانە بە بڕبڕەی پشتی پیشەسازی ڕووسیا دەژمێردرێن. بەم شێوەیە لەکاتی پێتەردا سەنتەری گەورەی پیشەسازی و بازرگانی دامەزراو بەهۆی نەبوونی کادرو پسپۆری شارەزا لە بەڕێوەبردندا بە سەدان گەنجی ڕووسیای ڕەوانەی وڵاتانی ڕۆژئاواکرد بە تایبەتی بۆ ئەڵمانیا. جگە لەوەش گرنگیەکی زۆری دا بە کەرتی دارایی و هەمیشە هەوڵی گەڕان بوو بە دوای سەرچاوەی داراییدا. بەم شێوەیە لە سەردەمی پێتەردا توانی ژێرخانی ئابووری ڕووسیا بە شێوەیەك دابمەزرێنێت کە نەوەکانی دواتر بتوانن سوودی لێوەرگرن و پەرەی زیاتری پێبدەن. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کوردستانەکەی خۆمان، ساڵەکانی (١٩٩١-٢٠٠٣) ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دوو ئابڵوقەیان لەسەربوو، تەنانەت وڵاتە دراوسێکانی وەك تورکیا و ئێران و سووریا لە هەوڵێکی بێووچانی تێکدەرانەدا بوون، لە مەترسی ئەوەی نەوەك ئەم دەردە کوردەکانی لای خۆشیان بگرێتەوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانی وەك پێویست کاروباری ئەو ناوچەیە بەڕێوەببات کە بەدەست شەڕی ناوخۆی چەند ساڵەو هەڵمەتی جینۆسایدی حکومەتی عێراق لەنێوان ساڵەکانی (١٩٦١-٢٠٠٣) دا بووە، هاوکات کێشەیەکی دیکەشی بەرەو ڕوو بووەوە، ئەویش نەبوونی سەرچاوەی بژێوی و کەمدەرامەتی و نەداری، نەبوونی ئەزموونی بەڕێوەبردنی وڵات. بێتوانایی، گەندەڵیی، مەحسوبییەت، پاشماوەی بیرکردنەوەی پەروەردەکراوی سەردەمی ڕژێمی بەعس. لەبەر ئەو هۆیانەی پێشوتر و چەندان هۆی تری لاوەکی حکومەتی هەرێم کوردستانێکی لەو شێوەیەی بە میرات لە ڕژێمی سەدام بۆ جێمابوو. هەر نەتەوەیەك ڕزگارکەر و ریفۆرمخوازی خۆی لە کاتی پێویستدا تێدا هەڵکەوتووە کە توانیوێتی تواناکان بە شێوەیەکی ڕاست و دروست ئاڕاستە بکات. لە ڕووسیا پێتەری گەورە، لە کوردستان نێچیرڤان بارزانی. هەروەك ئاشکرایە کەسایەتی ڕۆڵی خۆی دەبینێت، کەسایەتییەکی وەکو نێچیرڤان بارزانی کاریگەرییەکی تەواوی لەسەر گشت پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان هەبووە، چونکە (١٠) ساڵ سەرۆکایەتی دوو کابینەی حکومەتی هەرێمی کردووە. هەر وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا هەرچەندە هەرێم تا ناوەڕاستی ساڵی(٢٠٠٣) واتە تاکو پرۆسەی ئازادی لە بارودۆخێکی تایبەتدا بوو، هەبوونی بودجەیەکی سنووردار و کوردستانێکی وێران و نەبوونی ژێرخانی ئابووری و کێشمەکێشی سیاسی و هەبوونی دوو ئیدارەیی و...تاد. لەگەڵ ئەو هەموو بەربەست و ئاستەنگانەشدا بە حیکمەتی سەرۆکی هەرێم و حکومەتی هەرێم بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی توانیوێتی ئەو کوردستانە وێرانە بکات بەو کوردستانەی ئەمڕۆکە. دەکرێت بە ڕاشکاوانە بڵێین دەسکەوتە مەزنەکانی هەرێمی کوردستان لە گشت بوارەکاندا بە تایبەتی لە پتەوکردنی پێگەی ئابووری هەرێمدا کە وڵاتانی ناوچەکەو ئەورووپاو ئەمریکاو وڵاتانی دیکەش ئەمڕۆکە حیسابی بۆ دەکەن، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کابینەی پێنجەم کە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکایەتی دەکرد. دیارە لەم سەردەمەدا بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێت باس لە هەر پرۆژەیەکی ئابووری بکرێت بەبێ هەبوونی کارەباو سووتەمەنی، کابینەی پێنجەم بەسەرکەوتووانە توانی ئەو دوو کەرتە ئابوورییە دابمەزرێنێت کە دەبێتە داینەمۆی پێشکەوتنی گشت کەرتە ئابوورییەکانی دیکە. نێچیرڤان بارزانی خۆی لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی پاڵاوتگەی نەوتی گردی خورماڵەدا وتی (وێڕای بەجێگەیاندنی ئەرکی ئاسایی خۆم و پێشکەشکردنی پرۆژەی خزمەتگوزاری و هەوڵدان بۆ باشکردنی گوزەرانی هاووڵاتیان دوو ئاواتی سەرەکیم هەبوو کە حەزم دەکرد جێبەجێ بن، ئەوانیش دابینکردنی کارەباو سووتەمەنی بوو بۆ هەرێمی کوردستان). ئەمڕۆکە هەرێمی کوردستان بۆتە خاوەنی بەرهەمهێنەری وزە، هەر ئەوەشە بۆتە هۆی دروستکردنی پێگەیەکی ئابووری و سیاسی بەهێزی هەرێم لە ناوچەکەو لە جیهاندا. سیاسەتی ئابووری بەتایبەتی سیاسەتی نەوتی کابینەی پێنجەم لەسەر بنەمایەکی وا پتەو بنیادنراوە کە ئەمڕۆکە بەهۆی ئەو سیاسەتەوە هەرێمی کوردستان کەوتۆتە سەر نەخشەی وزە لە جیهاندا. ماڵپەڕی بیزنیس ئینسایدی نێودەوڵەتی تایبەت بە بواری وزە ڕاپۆرتێکی ڕۆبێرت ڕاپیەری بڵاوکردۆتەوە لە ژێر ناونیشانی «هەرێمی کوردستان دەتوانێت پێویستییە ستراتیژییەکانی سەرچاوەی وزە بۆ ئەوروپا دابین بکات» کە تێیدا ئاماژە بە گرنگی هەرێمی کوردستان دەکات لەڕووی سیاسی و ستراتیژییەوە. جگە لەوەش دەرهێنانی غازی سرووشتی لە سەردەمی کابینەی پێنجەمدا بۆتە هۆی ئەوەی کە هەرێمی کوردستان یەکێك بێت لە لایەنە گرنگەکانی پرۆژەی هێڵی (ناباکۆ)، (مارك گرۆسمان) جێگری وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکاو (ویسمۆن هاندیرسۆن ئێدیتۆر) لە بەرنامەی سیاسەتی وزە و کەنداو لە ئینستیتۆتی واشنتۆن، بابەتێکی هاوبەشیان سەبارەت بە پرۆژەکەی (ناباکۆ) بڵاوکردۆتەوە و لە بابەتەکەدا هاتووە بەرپرسانی پرۆژەی (ناباکۆ) دەڵێن: «لە ناوچەی کوردیی هەرێمی کوردستانی عێراق، ڕێژەیەکی زۆر گازی سرووشتی بۆ پرۆژەی (ناباکۆ) دابین دەکرێت. ئەم پرۆژەیە، زەمینەیەك دەڕەخسێنێ کە تورکیا و کورد پتر لەگەڵ یەکتر ڕێك بکەون» بێگومان ئەو دەسکەوتە مەزنانەو چەندان دەسکەوتی گرنگی تریش لە بوارە جیاجیکانی تر بوو بە سەرەتای دانپێدانانی نێودەوڵەتی بۆ پرۆسەی حوکمڕانی کوردستان، چەندان بەڵگەی نێودەوڵەتی و پێشوازیکردنی سەرۆکی هەرێم بە فەرمی لە ناوچەکەو وڵاتانی تری جیهاندا ئاماژەن بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسی کوردستان، بۆ یەکەمجاریش لە مێژووی کوردا لە ئەنجومەنی ئاسایش بە فەرمی ناوی حکومەتی هەرێمی کوردستانی خستووەتە ڕاپۆرتەکانی ساڵانەی، لە سەردەمی کابینەی پێنجەم بوو کە بەدەیان کونسوڵگەری و فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی لەهەولێری پایتەخت کرایەوە. هەرچەندە ناحەزانی ناوخۆیی و دەرەکی چاویان بەم هەموو پێشکەوتنە خێرایانەدا هەڵنایەت، بەڵام ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هەرێم لە پێشکەوتندایە، ئەوەتا هەنووکە کێبڕکێیە لەنێوان کۆمپانیا زەبەلاحەکانی ئێرانی و تورکی و عەرەبی و جیهانیەکاندا بۆ بە گەڕخستنی سەرمایەکانیان لە هەرێمی کوردستان، ئەمەش هەمووی لە ئەنجامی سیاسەتی حەکیمانەی سەرۆکی هەرێم و کابینە یەك لە دوای یەکەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هاتوونەتە دی. پێش کۆتایی دەمەوێت بڵێم ڕەنگە زۆربەی زۆری خەڵکانی کوردستان و لێکۆڵەرەوە بیانییەکانیش لەگەڵ مندا هاوڕا بن لەسەرئەوەی کە نێچیرڤان بارزانی بە یەکەم ریفۆرمخواز لە مێژووی ئابووری کوردستاندا ناوزەد بکرێت، چونکە ئەو ریفۆرمە ئابووریانەی کە ئەو کەسایەتیە لە ماوەیەکی کەمدا لە هەرێمی کوردستاندا بە کردەوە پێکی هێناوە، هیچی کەمتر نییە لە ریفۆرمخوازانی میللەتانی دیکە و لە پێتەری گەورە لە ڕووسیا.

# کێشەی باشوورەکان



فەلەکەدین کاکەیی

ئەم باشوورانە، بە ئاسانی کێشەیان نابڕێتەوە، چونکە هەر کێشەیەکی چەندین پرس و گرفتی تێدایە.

نووسەرێکی عەرەب نووسیوویەتی دەپرسێ: بۆچی (بەشی) باشوورەکان زۆربەی وڵاتان پڕ لە کێشە و دەردە سەرین؟.. باشووری یەمەن، باشووری سوودان، (ئەزیش دەڵێم: لەسەدەی بیستەم: باشووری ڤیتنام، باشووری کۆریا، باشووری ئەفریقیا..تاد!

دەشپرسێ: بۆچی باکوورییەکان زاڵترن و کەم کێشەترن؟

(دەڵێم: هەر چەندە هەمیشەش وەها نییە، ئەوەتا باشووری کۆریا پێشی باکوور کەوتووە)، دیارە، کێشەی باشووری سوودان خۆ بەسەر ڕۆژنامە و میدیا عەرەبییەکاندا واسەپاندووە.

هەروەها پرسی کێشەی باشووری یەمەن، پێشووتر نووسەرانی عەرەب نەیاندەویست ئەم بابەتانە بورووژێن، بەڵام ئەوە ناچار بوونە.

کێشەکان کێشەی دیکەیان لێدەبێتەوە.

وەك فەیلەسوفێکی ئەڵمانی گوتوویەتی: ژیان بریتییە لە چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان، هەروەهاشە تا لە کێشەیەك دەبینەوە، یەکێکی دیکە سەرهەڵدەدات، لە ڕاستیشدا کەم کێشە هەیە بە یەکجاری دەبڕێتەوە بەڵکو دەبیان جار سەرهەڵدەداتەوە لق و پۆپی دیکەی لێدەبێتەوە، تەمەنی زۆربەی کێشەکان دوور درێژن، هەندێ نووسەری عەرەب بە ئاگا هاتوون و، تێگەیشتوون کە کێشەکان بە پەراوێزکردن و پشتگوێخستن چارەسەر ناکرێت، بەڵکو دەبێت ڕووبەڕوویان ببنەوە.

- لە تەك کێشەی سیاسی، کێشەی کۆمەڵایەتی و فیکریش سەریهەڵداوە، هەروەك لە دیالۆگی ئاینیەکان و باسی ژینگە و.. کێشەیەکی وەك عێراق دیارە.

* کێشەی پێکهێنانی حکومەتی عێراق وەك دەردەکەوێ، تەنیا کێشەیەکی سیاسی خەڵکی عێراق نییە، بەڵکو ریشەی بە ژیانی خەڵکی چەندین وڵاتا ڕۆچووە، گەرنا بۆچی بە شوێن سەرەداوی چارەسەرا لە ئەردەن و سوریا و میسر و ئێران و تورکیا و کوێ و کوێ دەگەڕێن، گوایە دەشبێ بێنەوە کوردستان.. بێگومان دەشچنەوە بەغداو، دەچنەوە پایتەختی دیکە: واشنتۆن، لەندەن، مۆسکۆ، پاریس و جێگەی تر.. بەڵام چارەسەر هەر لە بەغدایە، مەنتیق وەها دەڵێ: ئەمما واقیع شتێکی دیکەیە.

- دەپرسن: بۆچی ئەوەندە دەسدەخرێتە ناو کێشەی عێراق؟!

ئاخر لەسەرەتاوە عێراق لە دایکبوو نەدەبوو ببێ. دەبا عێراق نەبا! یا.. وڵاتی کوردستانیش هەبا، بەڵام ئینگلیز نەوتی بۆ دەوڵەتی تازەی عێراق دەویست، بە ئاشکراش گوتی:

((نەوتی کەرکوك سوتەمەنی ماشینی دەوڵەتی عێراقە!))..

جا ... لە جیاتی ئەوەی کەرکووك پارێزگاکانی دیکەی کوردستان ببن بە وڵاتێك، چوون دەوڵەتی (کوێت) یان دامەزراندا! دەڵێن کە دەبوایە کوێت لە جیاتی کەرکوك بە دەوڵەتی تازەی عێراقەوە بلکێنرابا واتە قەرەبوی نەوتی کردبایەوە) ئەم داستانە کۆنە و قسەی زیادی لەسەرکراوە.

واتە: ئینگلیز هات، بۆ دڵخۆشی میرنشینانی کەنداو کەرکووکیان خستە عێراقی تازە و، ئیتر هەرێمی باشووری کوردستانیان بەم حاڵەتە هێشتەوە.. و هەموویان خستە سەر عێراق!

خولاسە، هەرێمی کوردستان کە بە (باکووری عێراق ناویان دەبرد خۆمان بە باشووری کوردستانمان زانیووە.

هیچیش دوور نابینین باکووری خۆمان زۆرتر بە جۆرە ئازادی و ئاسوودەییەك بگات لە کاتێکدا باشوورەکەمان کە (هەرێمی ئیستایە) جارێك لە تۆری داوای جالجالۆکەی عێراق بمێنێتەوە! تاکەی؟ نازانرێت، ئەوەش چارەنووسی ئەم نەوەییە، تا قەرزی گشت نەوەکان بداتەوە خۆمان لەم داوە بڕەسکێنین و ئێمەش باشوورێکی سەرکەوتوو، وەك ئێستا باشووری یەمەن و باشووری سوودان بۆی دەچن.. هەر چەندە هی سوودان گرفتی زیاتری لە پێشە دوور نییە جەنگێکی سەختی نێوان باکوور و باشووری سوودان هەڵبکات، کە بە قسەی باراك ئۆباما ملیۆنان مرۆڤ دەبنە قوربانی.

بە کورتی : لەگەڵ بەرزبوونەوەی دەنگو باسی کێشەی باشووری یەمەن و باشووری سوودان و باشوورەکانی تر، ڕەنگە لە پڕدا دەنگی کێشەی باشووری کوردستانیش بەرزتر ببێتەوە.